ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٥ ■ سێ شەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٤٠١ _ ٢١ی ژوئەنی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا

## هیچ ئاڵتەرناتیڤێک بەبێ دانان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران لە کوردستان وەرناگیرێ

قسەکانی ڕەزا پەهلەوی و دواتر لەدوویدانی لەلایەن لایەنگرانی، لە پاشایەتیخوازەکانەوە بگرە هەتا کەسانی نێو حیزب و ڕەوتە سیاسییە ناوەندگەراکانی دیکە، ئەو ڕاستییەی بیر هێنایەوە کە هێشتا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە سەر عەقڵییەتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشیندا نەهاتوە.

بەو قسانە و بەو هەڵوێستانە ڕوون بۆوە کە ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماریی ئیسلامیی ئێران -سەرەڕای ئەوەی نیشتەجێی وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتووی وڵاتانی ڕۆژاواشن- ، هێشتا پێیانوایە کە دەتوانن لە جوغرافیای ئەم وڵاتەدا سەردەمی «پاشا-خوا»کان بژێتەوە. ئەوان دەیانەوێ خۆ لەو ڕاستییە ببوێرن کە سەردەمی بیری شۆڤینی، ئیستبدادی پاشایەتی و ئاخوندی بە سەر چووە و، سیاسەتی تاکنەتەوەیی و تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکان لە نەتەوەی سەردەستدا، زەوتکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، حاشاکردن لە شوناسە نەتەوەیی و سەرکوتی داخوازە ئیتنیکییەکان لە دنیای ئەمڕۆدا جێی نابێتەوە.

بزووتنەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەش ئەو پەیامەیان وەرگرت کە ڕاستە ئازادی، دێموکراسی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکان لە بنەڕەتیترین ویست و داخوازە سیاسییە دێموکراتیکەکانی ئەوانن، بەڵام بۆ وەدیهێنانیان ڕێگایەکی سەخت و دژواریان لە بەرە. سەرکەوتن لەو خەباتەشدا و چێکردنی ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای ئەو بنیاتە فکرییە، پێویستیی بە ئیرادەگەری، یەک گوتاری و هاوپێوەندیی شێلگیرانەی هەموو نەتەوەکان لەدژی مەزنیخوازی و سیاسەتی یەکسانسازیی نەتەوەی باڵادەست هەیە.

## لە وەڵامی دژبەرانی مافی نەتەوەکان لە ئێراندا:

# سەردەمی ناوەندگەرایی و وێژمانی "ئێرانشار"بەسەر چووە



سەروتار

## تەمتومانی ئێرانی داهاتوو

سمایل شەرەفی

لەگەڵ هەر ڕەوتێک لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی خەڵک لە ئێران نیسبەت بە هەر بابەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و هتددا پرسی داهاتووی ئەم وڵاتە و جۆری نیزامی سیاسیی دادێی ئەم وڵاتە یەکێک لە باس و مژارە هەرە بەرچاو و پڕ لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی پەراوێزی ناڕەزایەتییەکانە. بە تایبەت لەم ساڵانەی دوایدا کە درووشم و داخوازیی ناڕەزایەتییەکان و ڕیزی خۆپیێشاندانەکان، بەرچاوتر لە هەمیشە «تێپەڕین لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران» لە تەواویەتیی خۆیدایە.

ئەوەیکە لەم قۆناغە لە ڕەوتی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان و بەگشتی بزووتنەوەی سەرشەقامی خەڵکی ئێراندا بەڕوونی و ئاشکرا بە درووشم و داوای خەڵکەوە دیارە، وڵامدەرنەبوونی نیزامی ئێستا و پێویستیی نەمان و لەنێوچوونیەتی. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لێڵ و ناڕوونە و پێوەندی بە داهاتووی ئێران و خواستی تایبەتی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەوە هەیە، جۆر و نێوەڕۆکی دەسەڵاتی جێگرەوە و ئاڵترناتیڤە. ئەم کەمایەسییە ئەوەندەی پێوەندی بە نەبوونی ڕێبەریی ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکەوە هەیە، لەوانەیە زیاتر لەوە بۆ فرە پێکهاتەیی ئێران لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسییەوە بگەڕێتەوە.

نەبوونی ڕێبەری و ئاڵترناتیڤ ئەمڕۆژانە هەم جدیتر لە جاران باسی لێوە دەکرێ و تا ڕادەیەکیش باس و خواسی لێ کەوتۆتەوە و وێدەچێ هەم ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## هۆکاری دژایەتیی کورد لەگەڵ نیزامی پاشایەتی بە بۆچوونی د. قاسملوو:



ئێمە لە ڕووی دەمارگرژییەوە نییە کە دژی نیزامی پاشایەتین، دژایەتییەکەمان بنەما و بنەڕەتی خۆی هەیە.

ئەزموونی مێژوویی لە وڵاتەکەماندا پێمان دەڵێ کە ناکرێ ئێران بە بریتانیا و سۆئێد بەراوەرد بکرێ. پاشایەتی لە ئێران بە دروشمی ڕازاوە و دێموکراتیک دەست پێ دەکا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت ئەو پاشایە دیکتاتۆرێکی لێ دەردەچێ. لەبەر ئەوەش کە پاشا شەرعییەت و ڕەواییەتی خۆی لە خەڵک وەرنەگرتوە، سروشتییە کە بە سەرکوت و زەبروزەنگ بیەوێ دەسەڵاتەکەی و پاشایەتییەکەی بپارێزێت. هەر بەو هۆیەشە کاتێک بوو بە دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و شەرعییەتیی خەڵکیی نەما، ناچار پشت بە هێزی دەرەکی دەبەستێ. ئەگەر سەیرێکی مێژووی هاوچەرخی نیزامی پاشایەتی لە ئێران بکەین، دەبینین بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕێژیمێکی بەستراوە بە ڕووسیەی تێزاری بوو، دوایە پشتی بە ئیمپراتوریی ئینگلیز بەست و پاشان پاڵی وە ئەمریکا دا. بەڵام ئێمە وڵاتێکمان دەوێ هەم دێموکراتیک بێت و هەم سەربەخۆ.

ئەمن لاموایە هەر ئێرانییەکی ئازادیخواز بەو دوو هۆیە دەبێ دژی نیزامی پاشایەتی بێت. بەڵام ئەمن وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات و کوردەکان لە ئێران هۆکارێکی دیکەش باس دەکەم. نیزامی پاشایەتی بۆ ئێمە یانی کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵات لە تاران (ناوەند) و ئێمەش کە داوای خودموختاری (مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان) دەکەین، دژی وەها کۆبوونەوەیەکی دەسەڵاتین. بەپێچەوانە ئێمە ئێرانێکی لامەرکەزی و فدراتیومان دەوێ. نامانەوێ هەموو دەسەڵاتەکان لە تاران کۆ ببێتەوە، بەڵکوو دەخوازین خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکان لەڕێگەی نوێنەرانیانەوە یان ئەو شورا و کۆڕانەی هەڵیاندەبژێرن دەسەڵاتی زیاتریان هەبێت. پێشموایە دونیای مۆدێرن لە ئورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی ڕوو لە گەشەی دیکەشدا بەگشتی بەرەو وەها دابەشکردنێکی دەسەڵات دەڕوات، نەک کۆبوونەوەی دەسەڵات لە یەک شوێن و ئەویش لە پاوانی تاقە یەک کەسدا. ئەوە هۆکاری دژایەتیی ئێمە لەگەڵ نیزامی پاشایەتییە.




ستراتیژیی یەکڕیزی لە ململانێ لەگەڵ ناوەندگەراکاندا

٣



پرسی نەتەوەکان و هاوکارییان لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا

٤



مەجلیس نوێنگەی ئیرادەی خەڵک یان باسکی سەرکوتی ئەوان

٥



ئاکامی پشتیوانی لە ڕێژیمی بارمتەگیر و باجئەستێن

٧



لێواری هەڵدێر و بەرجامی بێئەنجام

١٠

**ڕاگەیەندراو**

# لەبارەی بەڕێوەچوونی دوازدەهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوازدەهەمین کۆبوونەوەی خۆی پێکهێنا.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ ڕۆژی چوارشەممە، ١٨ی جۆزەردان (٨ی ژوئەنی ٢٠٢٢) دوازدەهەمین کۆبوونەوەی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامانی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندەکانی حیزب بەڕێوەبرد.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە خولەکێک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەهەمبەر دواگۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا پێشکێش کرد. ئەم لێکدانەوەی دواتر بە سەرنج و تێبینیی بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەوڵەمەند و پەسند کرا.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی بە ئاماژە بەوە کە سەرەڕای زۆر قەیرانی سیاسی و ئەمنییەتیی گەورە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و یەک لەوان شەڕی ئۆکڕاین، کەچی پرسی بەرجام و بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی قەیرانخولقێنیی ڕێژیم لە ناوچەدا هێشتا لە ڕۆژەڤی هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانە؛ ئەو ئاکامگیرییەی کردبوو کە نیگەرانییەکانی ڕۆژاوا لە مەزنیخوازی و سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی هاوهەڵویست کردۆتەوە. لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی بە ئاماژە بە پەسندکرانی بڕیارنامەی شورای حوکامی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم بە زۆرینەی زۆری دەنگەکان، ئەو بڕیارنامەیەی بە ئیرادەی هاوبەشی وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرکێشییەکانی کۆماری ئیسلامی ناوبرد و هاوکات ڕای وابوو بێتوو پەروەندەی لادان و سەرپێچییەکانی ئێران بدرێتە شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێژیم ئەوندەی دیکەش لە قەیرانە کەڵەکەبووە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا ڕۆ دەچێ و پرۆسەی بووژاندنەوەی بەرجام سەرەڕای ئاکامە جیاوازەکانی ئەوە نابێ کە کۆماری ئیسلامی پێشبینیی کردبوو.

لەو لێکدانەوەیەدا تیشک خرابووە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا هەموو هەوڵێکی ئەوەیە ڕووسیە براوەی شەڕی ئۆکراین بێ، هەتا بە هاتنەنێوی چین بۆ نێو هاوکێشەکە بتوانێ مەوقعییەتی خۆی لەو بەرەیەی دژی ڕۆژاوادا جێگیر بکا و ئەو پێگەیەش بۆ تێپەڕین لە قەیرانەکان و بۆ پڕۆژە ئابووری، ئەمنییەتی، و سەربازییەکانی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵاتدا بەکار بێنێ. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان هەم لە بەرەکانی شەڕی ئۆکڕاین و ڕووسیە و هەم لە کۆدەنگیی ڕۆژئاوا لەدژی ڕێژیم دوورەدیمەنێکی جیاواز لە هیوا و چاوەڕوانییەکانی کۆماری ئیسلامی وێنا دەکەن. لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو کە مەوقعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لاوازتر لە کاتی وەگەڕکەوتنەوەی دانوستانەکانی بووژاندنەوەی بەرجام و پێش دەسپێکی شەڕی ئۆکڕاینە و دەزگای دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا بەدوای ئەوەدا دەچێ ئەو قەناعەتە جێ بخا کە کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی و ناسەقامگیرییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و ئەگەر ئەو ڕێژیمە دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا و پێش بە سەرەڕۆییەکانی نەگیرێ، ناوچەکە ئەوەندەی دیکەش نائارامی و بشێویی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی جیهانی بە سەرنجدان بە دۆخی نێوخۆیی ئێران و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵک لەو وڵاتە، یارمەتیدەری تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و دێموکراتیزەکردنی ئێرانی داهاتوو بێت.

لە بەشێکی دیکەی لێکدانەوەی سیاسیی دەفتەری سیاسیدا بە ئاماژە بە دۆخی ئێستای خەبات و تێکۆشانی مافویستی و شوناسخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی چالاکییە سیاسی، مەدەنی و ڕێکخراوەییەکاندا و، درێژەی سیاسەتی زەبروزەنگی ناوەندە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی؛ ئیرادەی خەباتگێڕی و کۆڵنەدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرز نرخێندرا و پێداگری لەسەر پشتیوانی و پاڵپشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بزووتنەوانە کرایەوە. هەر لەو پێوەندییەدا بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەشەوە باس لە جۆری مودیرییەتی خەباتی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و کۆمیتەی ناوەندی، چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەکی بە دەفتەری سیاسیی حیزب دا، هەتا هەم لە چوارچێوەی کار و پڕۆژەکانی حیزبی دێموکرات و هەم لە چوارچێوەی زەرفییەتەکانی ناوەندی هاوکاریدا هەوڵ بۆ بەخشینی گڕوتینی زیاتر و ئامانجدارکردنی پتری ئەم جمۆجۆڵانە بدا.

لێکدانەوەکەی دەفتەری سیاسی لە چەند تەوەری دیکەدا ئاوڕی لە هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی عێراق و کاریگەریی لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە کوردییەکانی دیکەی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان، دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی کۆماری ئیسلامی و هەروەها، ئاسۆی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێراندا دابۆوە. کۆمیتەی ناوەندی لە پێوەندی لەگەڵ هەرکام لەو باسانەدا پاش تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە، ڕاوسەرنج و ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنیان دا بە دەفتەری سیاسی.

بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی باس لە دواگۆڕانکارییەکانی پرسی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات بوو. لەو بەشەدا بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکرات بۆ پرسی یەکگرتنەوە و بەرپرسی شاندی حیزب لە لێژنەی نووسینەوەی بەرنامەوپێڕەوی حیزب بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، ڕاپۆرتی کار و تێکۆشان و پێشڤەچوونەکانی خۆیان بە کۆمیتەی ناوەندی دایەوە. کۆمیتەی ناوەندی پاش هەڵسەنگاندن و تاوتوێی ئەم بابەتانە هەوڵی هەیئەتەکانی حیزبی بۆ پێشکەوتنەکان لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بەرز نرخاند و هەیئەتەکانی پێوەندیدار بەم پرسەی بۆ درێژەدان بە ڕەوتی دانوستانەکان لەپێناو بەئەنجامگەیاندنی ئەو بابەتە پێویست وگرینگە ڕاسپارد.

دوازدەهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پاش خستنە بەر باسی کۆمەڵە بابەتێکی نێوخۆیی و دەروونتەشکیلاتی و وەرگرتنی بڕیار لەسەریان، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**دەفتەری سیاسی**
**١٩ی جۆزەردانی ١٤٠١**



◆ **درێژەی سەروتار**

# تەمتومانی ئێرانی داهاتوو

**سمایل شەرەفی**

... خەڵک لە نێوخۆی وڵات و هەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم زیاتر بەم هۆیەوە ڕوونتر پەردە لەسەر ڕوانینیان بۆ شکڵ و نێوەرۆکی نیزامی سیاسیی داهاتوو لە تاران هەڵبدەنەوە. ئەوەندەی پێوەندیی بە خەڵکەوە هەیە؛ لە قۆناغی یەکەمدا خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن و ئەم داواکارییە بەڕوونی بە درووشمەکانی سەرشاقامەکانەوە دیارە. جیا لە چەند درووشمی بڵاو و بەرتەسک کە زیاتر پێوەندیی بە یادەوەری و نۆستالۆژیی سەردەمێکی دیار و بەرتەسکی مێژووییەوە هەیە کە هەم ڕێژیمی ئێستا بەئەنقەست و مەبەست زەقی دەکاتەوە و هەم پاشایەتیخوازەکان بە قازانجی خۆیان لە ڕادەبەدەری گەورە دەکەنەوە، داخوازیی گشتیی خەڵک ڕزگاری لە سەرکوت، کۆنەپەرەستی، پاشکەوتوویی، برسێتی و، گەیشتن بە ئازادی، ئەمنییەت، خۆشبژیوی و وەدەستهێنانەوەی کەسایەتیی بەرزی مرۆیی خۆیانن. بەڵام کە دێتە سەر چۆنیەتیی بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو و شێوازی دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خەڵک، پرسەکە ئاڵۆزی و ناکۆکیی تێدەکەوێ. هێز و لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێستا -ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات- کە خۆیان بە جێگرەوە و ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی داناوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ ویست و داوای خەڵک و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو هۆکارانەی کە خەڵکی وڵاتیان تووشی ئەم چارەنووسە ڕەش و نگریسە کرد، لە دوورەوە و بە ئەقڵیەتێکی سەقەتی خۆبەزلزانی نوسخە بۆ خەڵک و داهاتووی وڵات دەپێچنەوە.

خۆبەزلزانی، تەواویەتخوازی، وەلانان و لەپەراوێزخستنی نەتەوەکانی دیکەی جیا لە فارس کە بە ڕوانین و تێفکرینی زۆرێک لە ئێرانییەکانی هاوشێوەی کوڕی شای پێشووی ئێران، پاشایەتیخوازەکان و کەسانی وەک حەسەن شەریعەتمەداری لە "شورای مدیریت گذار"ەوە دیارە، درێژکراوەی هەمان ئەو ئەقڵیەتەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو چوار دەیەدا خەڵک و وڵاتی پێ بەم ڕۆژە گەیاندوە. ئەگەر عەلی خامنەیی هەر دوای لێدوانەکانی ڕەزا پەهلەوی کە خۆی لە پێگەی ڕێبەری داهاتووی ئێراندا پێناسە کرد، باسی لە مەترسیی ئەگەری "گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی"ی کرد، مەبەستەکە تەنیا ئەوە نەبوو کە خۆی لەو ئەگەرە دەترسێ، بەڵکوو ڕاست ویستی وەبیر خەڵک بێنێتەوە کە نیزامی پاشایەتی چ بوو، بۆ ئەوەی ڕووی ڕەشی خۆی و ڕێژیمەکەی پێ سپی نیشان بدا و مودیرییەتی کپکردنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی پێ بکا. ئەوە بوو کە ڕۆژانی دواتر خەڵکی وشیار و چاوکراوەی ئێران لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانی خۆیاندا درووشمی "نە (شا)مان دەوێ نە شێخ"یان هەم دژ بە خامنەیی و ڕێژیمەکەی و هەم دژ بە نیزامی پاشایەتی بەرز کردەوە.


هەموو ئەو ئێرانیانەی کە ئەقڵییەتی تەواویەتخوازی و ناوەندگەرایی بە سەریاندا زاڵە و بە دووچاوەکییەوە سەیری پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئەم وڵاتە دەکەن و پێیانوایە بەم جۆرە دەتوانن "چوارچێوەی ئەرزیی خاکی ئێران بپارێزن"، دەبێ بزانن کە بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەڕۆن. ئەزموونی وڵاتان نیشانی داوە کە تەواویەتخوازی، خۆبەزلزانی و ناوەندگەرایی کە ڕیشەیان لە ڕەگەزپەرەستی و حاشاکردن لە ئەوانیتر و تێفکرینی ئاسمیلاسیۆندا هەیە، جیا لە خۆ چووکردنەوە لە هەر دوو قەوارەی خاک و خەڵکدا ناتوانێ هیچ ئاکامێکی لێ دەستەبەر بکرێ.

ئەوەندەی پێوەندی بە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران هەیە، لانیکەم لە ماوەی مێژووی هاوچەرخی سەد ساڵی ڕابردوودا کە بەشی زۆری باب و باپیری ڕەزا پەهلەوی لەم وڵاتەدا دەسەڵاتدار بوون و کەمیان دژ خەڵکی کوردستان نەکردوە، ئەم میللەتە لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیدا خەباتی کردوە و لە ئێرانی داهاتووشدا بەبێ سەڵەمینەوە لە هەر ئەقڵییەت و تێفکرینێکی تەواویەتخوازی، لەسەر وەدەستهێنانی ماف و سەروەرییەکانی خۆی سوورە. وەک چۆن لە کاردانەوەی سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز خالید عەزیزی بە قسەکانی ڕەزا پەهلەویدا هاتبوو: "هەموو هەوڵی ئێمە دێموکراتیزەبوونی حکوومەت و وڵاتی ئێران و دەستەبەری مافە نەتەوەییەکانی کورد و باوەڕهەبوون بە دابینبوونی ئەو مافانە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بووە. لە قۆناغەکانی دواتریشدا کە دروشمی فدرالیزم لە ئێرانی دێموکرات و فدرال‌مان هەڵگرتوە، نەک لەو ئامانجانە دانەبڕاوین، بەڵکوو پتریش بۆی تێکۆشاوین. بەڵام هەردوو ڕێژیمی پێشوو و ئێستای ئێران سیاسەتی وتوویژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێرانیان بە لەشکەرکێشی، سەرکوت و قەلاچۆ وەڵام داوەتەوە. هەر لەو سۆنگەیەش نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژووی هەشت دەیەی ڕابردوو زۆرترین قوربانی و تێچووشی بۆ ئەو بەها و بایەخە دێموکراتیکانە داوە."

بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و دیاسپۆرای ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە بە هۆی دابڕانیان لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و پێکهاتەکانی، لە دەربڕین و هەڵوێستدا تووشی هەڵە و توندڕەوی دەبن، بۆ تێگەیشتن لە ڕاستییەکان بۆ جارێکیش بووە پێویستە بە وردی سەرنج بدەنە ویست و داخوازیی خۆپێشاندەران و گوێی خۆیان لە حاست درووشمەکان و چاویان لە حاست ڕەفتاری -ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن خەڵکی حاشییەی ئێران (نەتەوەکان) – کپ و دانەخەن. یەکەم ئەوەیکە ڕوانینی خەڵک بۆ ڕێبەری و بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە داهاتووی ئێراندا زۆری فەرق کردوە. خەڵکی ئێران بەو ئاستە لە خۆڕێکخستن و وشیاری سیاسی گەیشتووە کە چیدیکە مەرج نییە تەنیا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەدوای ڕێبەری و ئاڵترناتیڤدا بگەڕێ. دووهەم ئەوەیکە ئیرادەی خەباتکارانە و مافخوازانەی نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران -بەتایبەت کورد- زۆر لەوە بەرز و بەهێزترە کە ڕەزا پەهلەوی بە عەشیرە و تایفەیان ناو دەبا و شەریعەتمەداری لەوپەڕی بێئاگاهییەوە پێی وایە چۆنی بوێ پێی سەرکوت دەکرێ.

کوردستان
• ژمارە: ٨٢٥
٣١ی جۆزەردانی ١٤٠١ _ ٢١ ژوئەنی ٢٠٢٢

# ئێران لە گێژاوی قەیرانەکاندا



کەماڵ کەریمی

لە کۆی وڵاتانی جیهاندا کە زۆریان بەهۆی شەڕ، بێداهاتی، کێشەی ئابووری و هۆکاری دیکەش تووشی قەیران هاتوون، هیچ وڵاتێک وەک ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی قەیراناوی نەبووە. قەیرانگەلێک لەم وڵاتەدا کە نەتەنیا ڕێگە چارەیان بۆ نەبیندراوەتەوە، بەڵکوو ساڵ لە دوای ساڵ لێی زیاد بووە و پەرەیان گرتوە و لەسەر یەکتر کەڵەکە بوون. لە قەیرانی شەڕ هەتا قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی، تەناهی و سیاسی و ئێستاش مەترسیی دووبارەبوونەوەی شەڕێکیماڵوێرانکەری دیکە لە سەر ئێران، ئەگەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتیی ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچە هەروا درێژەی هەبێ.

لە دەرەوەی ئێران بەهۆی پەیمانی ئابراهام، هومێدبەستنی چل ساڵەی ستراتێژیستەکانی ڕێژیم بۆ سازکردنی شەڕێکی ناوچەیی لە دژی ئیسرائیل لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و بە ناوی پارێزگاری لە قودس شکستی هێناوە. بەپێچەوانەوە ئێستا ئەوە ئیسرائیلە کە دوای ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ چەند وڵاتی عەرەبی بە تایبەت لە دەوری کەنداوی فارس، داوا دەکا و هەوڵ دەدا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو بە ڕێبەریی ئەمریکا لەدژی کۆماری ئیسلامی هاوپەیمانیەتیی بەرگری ساز بکا. هاوپەیمانییەک کە دوای ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و قسەکانی بەرپرسانی فەرمییان، ئەگەر شەڕیشی بەدوادا نەیەت بەربەستێکی گەورە دەبێ لەبەردەم پاوانخوازییەکانی ڕێژیمی ئێران و دەبێتە هۆی گوشارێکی سیاسی و نیزامیی توند بۆ سەریان. ئەم بابەتە کاتێک گرینگیی زیاتری دەردەکەوێ کە هەواڵی سەردانی سەرۆکی ئەمریکا، دوای دوو ساڵ ساردی لە پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی بۆ ئەو وڵاتە بڵاو دەبێتەوە. هەرچەند باسکردن لە بابەتی وزە وەک هۆکاری ئاشکرای ئەم سەردانە ڕاگەیەندراوە، بەڵام بە هۆی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر عەرەبستان لە ڕێگەی حووسییەکانی یەمەنەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و، ڕاوەستانی وتووێژەکانی بەرجام، باس لەسەر ئێران و پاراستنی ئەمنییەتی ناوچە بەرامبەر ئێران لە سەروو باسەکانەوە دەبێ. بە تایبەت ئێستا کە ئەمریکا بەرامبەر هاوپەیمانیی جیهانیی نافەرمیی چین و ڕووسییە زیاتر لە جاران پێویستی بە دۆستە ستراتێژییە کۆنەکانی لەو ناوچەدا هەیە. ئەمەش بێگومان بە قازانجی ئێران نابێ.

ئەگەر هەر لەم ناوچەیەدا بڕوانینە وەزعی ئێران، دوا هەڵوێستی وەزیری دەرەوەی عێراق لەسەر جۆری ڕوانینیان بۆ پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ، "تاران بە زمانێکی نوێ گوێی لە قسەکانی بەغدا دەبێ... ئێمە بە ئێرانییەکانمان گوتووە کە پێویستیمان بە هاوکاری هاوبەش هەیە بەڵام بە دەستێوەردانی ئێوە نا... پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ئێران لە قۆناغی بێدەنگی گۆڕاوە بۆ دەربڕینی ڕاشکاوانە"، دەری دەخا کە ڕێژیمی ئێران چیدیکە ناتوانێ وەک جاران بڕوانێتە عێراق و نیشانەی هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی پێگەیەکی نوێ بۆ عێراق لە ناوچەدا. ئەوان بەمجۆرە بەڕاشکاوی بە گوێی ئێرانیان داداوە کە لەوە زیاتر نایەڵن وڵاتەکەیان بکرێتە مەیدانی کێبەرکێ ناوچەییەکانی ڕێژیمی ئێران. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە لە شارە عەرەبییەکانی عێراق لەدژی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی نارەزایەتیی زۆر لەلایەن خەڵکی ئەو شارانەوە درێژەی هەبووە و لە وەزعی ناڕوونی ئێستای عێراقدا، سەیر نییە خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوو لەو وڵاتەدا دەست پێ بکەنەوە و دژایەتیی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە قسەی شەقامی عێراقی.

جگە لەوانەش شەڕی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین کە ڕێبەرانی ڕێژیم دڵیان بە سەرکەوتنی کتوپڕی ڕووسیە خۆش کردبوو و پێیان‌وابوو سەرکەتنی ڕووسیە لە کێبەرکێ نێودەوڵەتییەکاندا پێگەی ئەوان بەهێز دەکا، پێناچی بەم زووانە کۆتایی پێ بێ. شەڕێک کە یەکەم کاریگەریی لەسەر ئێران کاڵبوونەوەی ئێعتباری دیپلۆماسی و کەمبوونەوەی بازاری هەرزانفرۆشکردنی نەوتەکەیان بوو. نەوتێک کە بە هۆی تەحریمەکانەوە بە دزی دەیانفرۆشت و جگە لە تەحریمە بەردەوامەکانی ئەمریکا، ئێستا بە هۆی مامەڵەی نەوتیی ڕووسیە و چین ئەو بازاڕەشیان ڕوو لە کزییە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بەڕوونی دیارە کە ڕووسیە هەرگیز وەک هاوپەیمانێک چاوی لە ڕێژیمی ئێران نەکردوە و تەنیا لەو شوێنانەی پێویستی بە هێزەکانی ئێران هەبووە -وەک سووریە- کەڵکی لەوان وەرگرتوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش بە دوورکەوتنەوەی ئاسۆی ڕێککەوتنی بەرجام لە نێوان ئێران و ڕۆژاوادا، بە تایبەت کە ئەمریکا بەهۆی شەڕی ئۆکراین بە دوای هاودەنگییەکی جیهانیدا دەڕوا، لەگەڵ ئەگەری وەستانی وتووێژەکان فشارێکی زۆرتر دەخاتە سەر ڕێژیمی ئێران. هەرچەند دیار نییە کە کۆماری ئیسلامی کەی و چۆن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن پاشەکشە دەکا و ڕێی خۆبەدەستەوەدان دەگرێتە بەر، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی بەتایبەت بە دوای شەڕی ئۆکراین هاتووەتە پێش و بووەتە هۆی دروستبوونی یەکدەنگییەک لەنێو وڵاتانی ڕۆژاوادا، پێناچێ ڕێخۆشکەر بن بۆ ئەوەی ڕێژیمی ئێران دەسکەوتێکی گرینگ و درێژماوەی لەم مامەڵەدا ئەگەر بیەوێ بیکا، هەبێ.

لەم وەزعەدا لە ئێران نارەزایەتییەکان ڕوو لە پەرەسەندنن. کەم ڕۆژ هەیە کە لە شارە جیاجیاکانی ئێران دەنگی مافخوازانەی خەڵک بەرز نەبێتەوە. هەرچەند گرانی، هەڵاوسان و کەمداهاتیی خەڵک و هێندێک کێشەی دیکە سەرچاوەی ئەم خۆپیشاندانەن، بەڵام دروشمەکانی ئەو خەڵکە لەدژی بنەماکانی کۆماری ئیسلامی تا ئاستی ڕێبەری نیزام دەری دەخا کە خەڵک بەگشتی نەفرەت لە بوونی سیستمی دەسەڵاتداریی لە وڵاتەکەیان دەکەن و خوازیاری گۆڕانێکی بنەڕەتی و دێموکراتیکن. ئەوەی دیارە خەڵک دەیانەوێ بە شێوازی مەدەنی و وەڕێخستنی ڕێپێوان و مانگرتن لە شوێنە گشتییەکاندا داواکارییەکانی خۆیان بە گوێی بەرپرسانی دەسەڵاتداری ڕێژیم بگەیەنن. داواکارییەک کە تا ئێستا گوێی بۆ شل ناکرێ و وەک هەمیشە ڕێژیم دەیەوێ بە بەکارهێنانی زۆر و کەلکوەرگرتن لە هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکان پێش بە درێژەی ئەم نارەزایەتییانە بگرێ. هەتا ئێستاش لێدان و گرتن و زیندانیکردن تەنیا وڵامدانەوەیەک بووە بە داواکاری خۆپیشاندەران و پێناچێ لە وەزعی شپرزی ڕێژیمدا، دەسەڵاتداران جگە لە سەرکوت ڕێگەیەکی دیکە لەبەر دەم خۆیاندا ببینن. چالاکانی نارەزایەتییەکانی کرێکاران و مامۆستایانی قوتابخانەکان کە زۆرترین حەشیمەتی کاری ئێرانن ڕۆژانە دەکەونە بەر پەلامار و ڕەوانەی زیندان دەکرێن کە ئەمە بووەتە هۆی نارەزایەتیی ئاشکرای کارناسانی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

هەربۆیە خەڵک بە هومێدەوە دەڕواننە داهاتوو و دەبێ ئەو باوەڕەیان هەبێ دەرباز‌بوونی ڕێژیم لەو هەموو قەیرانە کارێکی ئەستەمە و هەوڵدان بۆ دەربازبوونی ئەوانیش لە چنگ ڕێژیمی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی تەنیا ڕێگەی ڕزگاری و ئازاد ژیانە.





# ستراتیژیی یەکڕیزی لە ململانێ لەگەڵ ناوەندگەراکاندا



مەنسوور مروەتی

قەیرانە یەک لەدوای یەک و کەڵەکەبووە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ناتوانایی بەرپرسانی حکوومەت بۆ چارەسەرکردنیان و پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان وای کردوە کە گلۆڵەی ڕێژیم هەر بە یەکجاری بکەوێتە لێژی. لەم نێوەدا هەر کەس و لایەن و هێزێکی سیاسیی ئێرانی بە جۆرێک خەریکی خۆ ئامادەکردن و خستنەڕووی بیروبۆچوون و ڕوانگەی خۆیان بۆ دارشتنەوە و ئیدارەی داهاتووی وڵاتە.

لەم نێوەدا ئەوەی بۆ کورد و بزووتنەوەی کوردستان گرینگە مافەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو شێوەکانیەتی کە هەر ئەم مافانە و باسکردن لەم مافانە بەردەوام جێگای ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی کوردستان و ناوەند و هێزە ناوەندگەراکانە. بە واتایەکی تر خاڵی لێکڕاسان و پڕکێشەی کوردستان و ناوەندیش هەر ئەمەیە کە زیاتر لەوەی پێوەندیی بە حکوومەت و ڕێژیمێکی دیاریکراوەوە هەبێ، پێوەندیی بە دوو بیری لێک جیاوازن. لایەنێک کە هەتاکوو ئێستاش حاشا لە مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دەکا و بە درێژایی مێژووی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بە هەموو شێوازێک ڕووبەڕووی بۆتەوە و لایەنێکیش بزووتنەوەی کوردستانە کە ڕۆژبەڕۆژ پێداگرتر لە جاران داکۆکی لە مافە زەوتکراوەکانی خۆی دەکا و ڕۆژ بەڕۆژ باڵا دەکا. هەرچەندە هەشە لەنێو هێزە سەرتاسەرییە ئێرانیەکاندا کە باس لە مافە نەتەوەییەکانی کورد وەکوو نەتەوە دەکەن و گەلاڵە و بەرنامەی دیاریکراویشیان هەیە، نموونە وەکوو ڕوانگەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران. بەڵام لەم بازنەیەدا قسە لەسەر ئەو هێزانەیە کە بە ڕوانگەیەکی فاشیستی و پانئێرانیستییەوە حاشا لە کورد وەکوو نەتەوە و مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن. نموونەی ئەمانە بە درێژایی ئەم ساڵانە دیتراوە کە تەنانەت مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک بە کورد ڕەوا نابینن. ئەگەرچی زمانی کوردی لەسەر قسەی ئەم جۆرە فکر و کەسانە پەکی نەکەوتوە و نەک ڕاناوەستێ و ڕانەوەستاوە؛ بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردندا بووە و هەیە، و ئەوەی لە ڕاستیدا نەماوە و چووەتە ژێر ڕکێفی زمانی دیکەوە زمانەکەی ئەوان واتە فارسییە.

بەهەر حاڵ ئەوەی کە لەم ماوەیەدا زیاتر لە هەموان بووە جێگای قسە و باس و زیندووکردنەوەی ئەم عەقڵییەتە نەزۆکە، قسەکانی ڕەزا پەهلەوی و بە دوای ئەودا ڕەگەزپەرستیی هاوبیرەکانی ئەو وەک حوسێن شەریعەتمەداری لە سەر نەتەوە نافارسەکان و حاشاکردن لە مافەکانیان لە لایەن ئەوانەوە بوو، کە دژکردەوە و بەرەنگاریی بەرحەقی حیزبی دێموکرات و چالاکانی سیاسیی کورد و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا.

لەم ڕووبەڕووبوونەوەدا هەروەک باس کرا، ڕووبەڕووبوونەوەی کورد تەنیا لەگەڵ حکوومەتێکی دیاریکراو نییە بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕوانگە و عەقڵییەتێکە کە زۆر جار خراپتر و دواکەوتووانەتر لە دەسەڵات هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە کورد و مافەکانی خستووەتە ڕوو. بۆ وێنە زۆر جار پانئێرانیستەکان هەڵوێست و ڕوانگەیان بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان هیچ دەسکەمێکی لە کۆماری ئیسلامی نییە و بگرە زۆر خراپتر لە کۆماری ئیسلامییش جووڵاونەتەوە. هەڵبەت بە خۆشییەوە ئێستا لە هەموو کات زیاتر بزووتنەوەی کوردستان ئامادە و لە سەر خەتە و گەشەی بیری نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیش خاڵی بەهێز و جێگای ئومێدی بزووتنەوەکەیە. لە ڕاستیدا نە ڕێژیمی پەهلەوی و نە ڕێژیمی ئێستا و نە پاشماوەی پانئێرانیست و فاشیستە ناوەندگەراکان نەیتوانیوە پێش بە گەشە و پێشوەچوونی بیری نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی کوردستان بگرن، و لە چەندین و چەندین بۆنە و ڕووداوی ئەم چەند دەیەی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەم گەشەی نەتەوەیی و پێداگرییەی خەڵکی کوردستان لە مافە نەتەوەییەکانیان بەئاشکرا و زۆر یەکگرتووانە خۆی نیشان داوە.

لەلایەکی دیکەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە بە درێژایی ئەم ساڵانە سەرەڕای هەموو تێچوو و قوربانییەک کە لەپێناو نەتەوەکەیان داویانە، سەربەرزانە لە مەیدانی خەباتدا مانەوە و لە ڕاستیدا خاڵی دیکەی بەهێزی بزووتنەوەی کوردستان هەر ئەم مانەوە و خەبات و تێکۆشانەی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە بەخۆشییەوە کۆماری ئیسلامی و هاودەستەکانی سەرەڕای سەرکوت، تێرۆر، زەبروزەنگ و تاقیکردنەوەی سامناکترین چەکی کۆمەڵکوژ نەیانتوانی مەیدانی خەباتیان پێ چۆڵ بکەن و لە خەڵکی خۆیان داببڕن.

ئێستا کە باس لە داهاتووی ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی و هاتنەبەرباسی عەقڵییەت و ڕوانگە جۆربەجۆرەکانی ئێران دەکرێ. بەخۆشییەوە کورد و بزووتنەوەی کوردستان بەڕێکخراوتر لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێرانە و ترسی نەیارانی کوردیش هەر ئەم خاڵە هەستیارەیە. ئەم ئامادەیی و لەسەر پێبوون و لەسەر هەستبوونەی بزووتنەوەی کوردستانیش هەر وا ئاسان بە دەست نەهاتوە. بە هەزاران هەزار قوربانیی بۆ دراوە. ڕێبەرانی تیرۆر کراون، شار و دێهاتی لێ وێران کراوە و هەزاران پیر و لاو و ژن و پیاوی سەروماڵی خۆیان لە سەر داناوە.

ئەگەر خەڵکی کوردستان بیر لە داهاتووی کوردستان و بزووتنەوە بەرحەقەکەی دەکەنەوە و لە هەڵوێست و ڕوانگەی لایەنی بەرانبەری خۆیان ئاگادار و تووڕەن، پێویستە ئەو دوو خاڵەی کە باس کرا زیاتر لە هەمیشە بەهێز بکەن و بە تایبەتی ئەوەیان لەبیر بێ کە ڕەمزی سەرکەوتنی کورد و کوردستان تەنیا و تەنیا یەک شتە، ئەویش یەکگرتوویی و یەکڕیزی خەڵک و هێزە سیاسیەکانی کوردستانە. ئەمە قسەیەکی دووپاتە و سواو نییە و لە ڕاستیدا ستراتیژییە. تەجروبەی هاونیشتمانەکانمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زیاتر لە هەموو کات ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا.

# دەنگێکی بوێر و چەکێکی بەهێزی بزووتنەوەی کورد



سەید عەلی هاشمی

دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا، پادگانی مەهاباد کەوتە دەست کورد. بەشێک لە چەک و کەرەسەی شەڕی ئەو پادگانە لە لایەن شەهید سەید ڕەسووڵی دێهقان (بابی گەورە)وە هێنرانە دێیەکانی «سەیدئاوا» و «لگبن» لە ناوچەی نەغەدە. لەنێو ئەو دەستکەوتانەدا دەزگایەکی گەیاندن "فرستەندە"یەکی گەورەی تێدا دەبێ کە نازانن ئەوە بێسیمە یان شتێکی ترە. کاک سەید ڕەسووڵ دۆستایەتییەکی تایبەتی دەگەڵ ئاغا چکۆلە، کوڕی عەلیاغای پەسوێ دەبێ و پرسی پێ دەکات کە "چۆن بزانین ئەو دەزگایە چیە"؟ ئاغا چکۆلەی پەسوێ موهەندیس خەیاتی (بە ڕەچەڵەک ئازەری) بە کاک سەید ڕەسووڵ دەناسێنێ و دەڵێ ئەو ئەرتەشییە و دۆستی منە. کاک سەید ڕەسووڵ بە هاوکاریی ئاغا چکۆلە بە دوای موهەندیسدا دەنێرێ و دەڵێ ئەو بێسیمە گەورە چییە؟ موهەندیس خەیاتی دەڵێ: ئەوە بێسیم نییە بەڵکوو ڕادیۆیە... .

کاک سەید ڕەسووڵ خەڵک کۆ دەکاتەوە و ڕادیۆ و کەرەسەکانی شەڕ بەشان و پیلی ئەوان لە گوندی لگبن ڕا بۆ دۆڵی بابەکراوێ دەبا. لە کێلێی سەرشاخان و لە دۆڵی بابەکراوێ لە نێو ئەشکەوتێکدا حەشاریان دەدا و چەند کەسێک لە خەڵکی دێی بۆ پاراستنیان دادەنێ. سەرشاخان و دۆڵی بابەکراوێ جێگایەکی ئەمین و پارێزراو بوو و دوژمن هەروا بەئاسانی نەیدەتوانی زەفەری پێ بەرێ. شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە و کاک سمایلی ئاغا مەجیدی لە تەداروکات و پێداویستی و هەڵسووڕانی ڕادیۆدا نەخشی هەرە گەورەیان هەبوو. دوایە لە دۆڵی بابەکراوێ، بڕیاری گواستنەوەی ڕادیۆ درا و بە شان و کۆڵی خەڵکی بەئەمەگی دۆڵی لگبن و سەرشاخان تەواوی دامودەزگای ڕادیۆیان بە داروبار گواستەوە بۆ کەڵەکووکەی سەرێ هەر لە ناوچەی سەرشاخان. ڕادیۆ لەوێ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی تاقیکردنەوەی.

لە ڕۆژی ١٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا یەکەم بەرنامەی تاقیکردنەوەی ڕادیۆ بە دەنگی هونەرمەندی گەورەی گەلی کورد نەمر محەمەدی ماملێ بڵاو کرایەوە. چەند کادرێکی بەئەمەگی حیزب وەک عومەری ئەمینی و موهەندیس خەیاتی بۆ چاوەدێری و سەروبەرکردنی ڕادیۆ دیاری کران. جارێکی دیکەش ڕادیۆ بارگە و بنەی بۆ بەرزاییەکانی قەڵاتی شای و ناوچەی دۆڵی شێخان گواستەوە و بە مشوور و پسپۆریی شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە «کانێ مام سەیدەی» دانرا.

ڕادیۆ یەکەم وەشانی ڕەسمیی بەرنامەکانی خۆی لە ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی١٣٥٩ی هەتاویدا لە کانێ مام سەیدەی بە بەشداریی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو و هەروەها کادر و پێشمەرگەکان، شەهید سەید ڕەسووڵ دیهقان، موهەندیس خەیاتی، سمایلی ئاغا مەجیدی، محەممەد وەیسی، خەلیل گادانی، وەستا ئەحمەدی داغەی، عومەر بەقایی، عومەر ئەمینی، پورئایشێ خوشکی وەستا ئەحمەد ناسراو بە دایکی حیزب، ئامانە خان، هاوسەری شەهید سەید ڕەسووڵی بابی گەورە و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە ڕادیۆیەکە بەناوی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ناودێر کرا (ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە). ئەو دەنگە ڕاستگۆ و هەقخوازە بە شمشاڵی قالەمەڕە و سروودی " ئەی ڕەقیب" و چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز و وتارێکی دوکتۆر قاسملوو و هەواڵەکان دەست بە کار بوو. دوای ماوەیەک بڕیاردرا شوێنی ڕادیۆ لە دۆڵی شێخانەوە بگوازرێتەوە بۆ گوندی شێلمانی نزیک شیوەجۆ، کە دەفتەری سیاسیی حیزبی لێ بوو و بە دۆڵی دێموکڕات ناوبانگی دەرکردبوو.

ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، بە دەنگە بە سۆز و ئاشناکەی بۆ خەڵکی کوردستان، دەنگی خەدیجە مەعزووری، بابەتە سیاسییەکان بە قەڵەمی ڕێبەرانی شەهید و بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە، حەسەن شەرەفی و کەریم حیسامی و دەیان و سەدان نووسەری دیکە بوو بە ڕاگەیەنەرێکی سەرنجڕاکێش و جێی متمانە. دەنگی دلێرانە و پێشمەرگانەی بەڕێزان تەها عەتیقی، بێهرووز کوردئەحمەدی، ئەحمەد شێربەگی و پۆڵا نانەوازادە و دەیان کادر و وێژەری دیکە، دڵی گوێگرانی ئەو ڕادیۆیەیان وەک گوڵی بەهار پاراو دەکرد. ڕێژیمی ئێران هەمیشە بۆ کپکردنی ئەو دەنگە بێوچان هەوڵی دەدا. لە سایەی پارێزگاری پۆلێک پێشمەرگەی ئازا و لەخۆبوردوو کە خەو و خواردنیان لە خۆ حەرام کردبوو، ئەو دەنگە دوژمنتۆقێنە هەرگیز بێدەنگ نەکرا.

ڕادیۆ بێوچان شوێنگۆڕیی پێ دەکرا، کێلێی سەرشاخان، دۆڵی بابەکراوێ، کەڵەکوکەی سەرێ، کانێ مام سەیدەی، شیوەجۆ، ئاڵیەمەران، ئالانی سەردەشتی-گوندی دوولکان- گەلاڵە، گەورەدێ، بۆڵێی بناری قەندیل، شارۆچکەی دوکان، کۆیە و کەرکووک. لە هەمووی ئەو شوێنانەدا دەنگە بەهێزەکەی ڕادیۆ بێهێز نەکرا.

ئەوکات میدیا و تەکنولۆژیا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو کە بتوانێ ڕاستییەکان لەکاتی خۆیدا بۆ خەڵک بڵاو بکرێتەوە، بەڵام دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران ئەو کەلێنەی پڕ کردەوە و هەواڵەکانی بوون بە جێگای باوەڕی نەتەوەیەک. لە ساڵەکانی ١٣٧٠ و٧٢و ٧٣ی هەتاویدا لە وڵاتی سوێد ڕادیۆیەکم کڕی، بە هەزاران کیلۆمیتر دوور لە نیشتمان، هەموو ڕۆژێک ئاگاداری سیاسەتی حیزبەکەمان و کوردستان دەبووین. ڕاگەیاندراوەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتم بە بەرپرسانی کۆمیتەی حیزب لە سوێد دەدا، ئەو ڕاگەیەندراوانەی زۆر پێویست بووایەن، لەبەرم دەنووسینەوە و دەمدان بە کۆمیتەی حیزب. بوونی ئەو دەنگە ڕاستوێژە لە فەزای میدیای پڕ لە سانسۆڕی ڕێژیمی داسەپاوی ئێراندا بە یەکێک گرینگترین دیاردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دادەنرێ. "دەنگی کوردستانی ئێران" کۆڵەکەیەکی پۆڵایین بوو لە بەرامبەر تەوژمی دەزگای تەبلیغاتیی پڕ لە درۆ و چەواشەکارییەکانی ڕێژیمی ئێران لەدژی گەلی کورد و وەدرۆخستنەوەی هەواڵە ناڕاستەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران. دەنگی کوردستانی ئێران سیاسەتی چەپەڵ و دژیگەلیانەی ڕێژیمی دژ بە گەلی کورد لە سەر ڕێبازێکی ڕاستگۆیانە و بە زمانێکی پاراو و بە ئەدەبیاتێکی خاوێن و بە دوور لە بێڕێزیی لەقاو دەدا. ڕۆڵێکی گرنگی لە پووچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی ڕێژیم لە دژی کورد و هەوڵدانی ئەو ڕێژیمە بۆ سڕینەوە و تواندنەوەی گەلێک وەک گەلی کورد لەسەر زەوی هەبووە.

پیرۆز بێ ٢٧ی جۆزەردان، ڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان!

# پرسی نەتەوەکان و هاوکاریان لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا



مستەفا شەڵماشی

بۆ ئەوەی بچینە نێو باسی پرسی نەتەوەکان و چەندیوچۆنیی هاوکاریی نێوانیان لە ئاستی سەرانسەریی وڵاتدا پێویستە ئاوڕ لە دوو مەسەلەی گرنگ بدەینەوە. یەکەم ڕاستییەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی ئێران و دووەم هێزەکانی دژبەر و یا هاوتەریب لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا. لە کەس شاراوە نییە کە سەرەڕای ئەوەی نیزیک بە سەدەیەکە لەلایەن نوخبە و دەسەڵاتدارانی نەتەوەی فەرمانڕەواوە کار بۆ تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکان دەکرێ و ئێران بە دەوڵەت-نەتەوە دادەنرێ، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو ئامانجە دەستەبەر بکەن. نەتەوە ژێردەستەکان نەک تەنیا نەتواونەوە، بگرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆیبوون و شوناسخوازی پتر لە نێویاندا پەرەی گرتوە. ئەوەندەی پەیوەندیی بە نەتەوەی کوردەوە هەیە، لەوەش زیاتر چووەتە پێش و ئەم شوناسخوازییەی کورد هەم گەشەی سیاسیی کردوە و هەم ئەو نەتەوەیە خۆی ڕێکخستوە، چ لە شیوەی تێکۆشانی حیزبیدا، چ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

دروشمەکانیشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕادیکاڵتر دەبن. بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی ئەو خەڵکە هەرچەندە تا دێ بەرفرەوانتر و گەورەتر دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نەخشەڕێگا و ڕێبەرایەتیی تۆکمە و دیاریکراوی نییە، لە نێوخۆیدا پرشوبڵاو و خاوەنی فرە گوتارییە. وەک چۆن بەشێکی لە بێهیواییان پەنا دەباتەوە بەر ڕابردوو و لە جیاتی پلان بۆ داهاتوو، بە شانازیی نەبوو و شان و باهۆی دیکتاتۆری پێشوو هەڵدەڵێ. واتە لە کۆتەرەدار ڕەوینەوە و بە سەر بەرازدا کەوتن و خولانەوە بە دەوری جەغزێکی باتڵدا. لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەشدا ئەوەیان وەک دەرفەتێک قۆستوەتەوە تا وەک ساڵی ١٣٥٧ چەترێک بۆخۆیان بدۆزنەوە تا لەژێر سایەیدا بە نان و نەوایەک بگەن و دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بەڵام بەشی هەرەزۆری ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ کە دەتوانم بڵێم زیاتر لە سەتا٧٠٪ ی کۆمەڵگەی ئێران دەگرێتەوە، ئەگەرچی لە ڕێژیم بێزراون، بەڵام تا ئێستاش ئاڵتەرناتیڤی جێگای باوەڕی خۆیان نەدۆزیوەتەوە. هەربۆیەش



لەلایەکی دیکەوە هێزی نەتەوەی فەرمانڕەوا کەلێنی زۆری تێکەوتوە و بە سەر چەند نیمچە بەرەدا دابەش بووە. تا ئێستاشی لەگەڵ بێ گەورەترین هێزیان کە بە هەموو جۆرە چەکێک چەکدارە، نیمچەبەرەی "نیزام"ی کۆماری ئیسلامییە، بە هەموو دەستە و گرووپەکانی نێو ئەو نیزامەوە، بە توندئاژۆ و ئیسلاحتەڵەبەوە، بە لایەنگر و موماشاتخوازەوە. ئەو بەرەیە ئێستا لە تەنگانەیەکی زۆر و چارەسەرنەکراودایە. قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەمنییەتییەکان بەرۆکی گرتوون و زۆر ئاستەمە بتوانێ لیی دەرچن. ئەو قەیرانانە کە بەرهەمی سیاسەتی هەڵە، کارلێنەهاتوویی بەرپرسان و ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی نیزامن، بە هیچ جۆرێک ناتوانن لەلایەن خودی ئەو نیزامەوە چارەسەر بکرێن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەموو ئەو قەیرانانە بەهۆی شوناس و سروشتی تایبەتی ئەو نیزامەوە خوڵقاون بۆ چارەسەرکردنیان پێویستە ئەو سروشت و شوناسەی نیزام بگۆڕدرێ، کە لەو حاڵەتەشدا ئەو نیزامە دەڕووخێ. بۆیە ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو جەغزێکدا گیری خواردوە کە بۆ دەربازبوون ڕوو لە هەر لایەک بکا دەبێ بەسەر بەشێک لە بوونی خۆیدا باز بدا و لایەک لە ڕێژیمەکەی بکاتەوە. خۆ ئەگەریش هەر لەنێو ئەو جەغزەدا بخولێتەوە، بێگومان ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی داڕمان دەبێ. کەواتە بەوە دەکرێ ئەو ئەنجامە وەربگرین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەقامگیری و داهاتوویەکی دوورودرێژی نییە.

ئەوەش کە لەوبەری جادە ڕاوەستاوە، بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە، لە ڕاستیدا بە سەر چەند نیمچە بەرەدا دابەش بوون. بەشی سەرەکی کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازیی نێوخۆی وڵاتن کە هیچ هیوایەکیان نە بە ڕێژیم و نە بە گۆڕانکاریی دێموکراتیک لە ڕێژیمدا نەماوە تا گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکا.

لەنێو خەڵکی نێوخۆشدا بۆچوونی جیاواز هەیە و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ ئاڵتەرناتیڤی ڕژیم دەڕوانن. ئەوان هێزی سەرەکی و ئەسڵی بابەتەکەن، بەڵام ڕێبەری و پلاتفۆڕمی هاوبەشیان نییە و بەباشی خۆیان ڕێکنەخستوە. ئەو بەشە دەستی لە ڕێژیم هەڵگرتوە و جاری وزە و پوتاسیەلی خەباتگێڕیی خۆیان بەتەواوی بەکار ناهێنن و پاشکەوتی دەکەن. لە نێوخۆ دا وەک ئاماژەم پێ کرد نەکراوە و نەتوانراوە پلاتفۆڕمێک وڕ ێبەریەکی هاوبەش پێکبێ و، لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیشدا ئاڵتەرناتیڤێکی جیددییان پێ شکنایە.

ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش کە هەمووان هەوڵیان ئەوەیە خۆیان لەو هێزەی نێوخۆ بە خاوەن بکەن و بە هۆیەوە جڵەوی دەسەڵات لە تاران بەدەستەوە بگرن، چوار نیمچە بەرەی جیاوازن:

نیمچە بەرەی سەڵتەنەتخوازەکان بە مەشرووتەخواز و پاشایەتیخوازەوە. ئەوانە دەیانهەوێ لە نەبوونی ئاڵتەرناتیڤدا لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن و بە خەرجکردنی ئەو سامان و دراوەی کاتی خۆی لە خەزێنەی گەلانی ئێرانیان وەدرەنا و دۆلاری ٧ تمەنییان پێ کڕی و لە لۆسئەنجلس و سانفرانسیسکۆ و ناوەندە گرنگەکانی دیکەی ئابووریی دنیای ڕۆژئاوا وەبەرهێنانیان پێ کرد و هەروەها بە ئیمکاناتی وڵاتانێک کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش گەرەکیانە بە قازانجی خۆیان چەرخی دەسەڵاتداریی لە ئێراندا هەڵسووڕێنن؛ سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان بن و جارێکی دیکە سیستمێکی شکستخواردووی چەندین دەیە لەمەوبەر زیندوو بکەنەوە.

نیمچەبەرەیەکی دیکە بریتییە لەکۆماریخوازەکان بە هەموو تەیفە جۆراوجۆرەکانیانەوە. هەر لە جەبهەی میللی و ڕێکخراوی کۆماریخوازانەوە بگرە، تا شوڕای گوزار و کەسایەتییەکان و میدیا فارسی زمانەکان. ئەوانیش دوو خەم و داڵغەی سەرەکییان هەیە. گرتنەدەستی دەسەڵات و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران. ئەوانەش لە فۆبیای پەرەگرتنی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان و دابەشبوونی ئێران، ئامادەن لەگەڵ شەیتانیش یەک بگرن، هەربۆیە هەرچەند بە قسەی خۆیان کۆماریخوازن، کەچی ئامادەی هاوکاری و تەنانەت یەکگرتن لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکانیشن.

نیمچە بەرەیەکی دیکە حیزب و ڕێکخراوە چەپەکانن بە هەموو شەبەنگ و جۆرەکانیانەوە. داڵغە و دڵەڕاوکێی ئەوانیش بەدەستهێنانی مۆڵەتی چالاکی سیاسی لە نێوخۆ و یارمەتیدان بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە. بەشێک لەو لایەنانە وەک حیزبی توودە و چریکە فیداییەکانی ئەکسەرییەت ئێستاش ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێگایان پێ بدا بە ئازادی بچنەوە نێوخۆ، بە سەرەوە دەچنەوە و دەست بە دانی دروشمی دژی ئیمپڕیالیستی دەکەنەوە. خۆ ئەگەر فشاریشیان بۆ هات دیسان وەک پەنابەر ڕوو لە وڵاتانی بە قەولی خۆیان ئیمپڕیالیست دەکەنەوە. بەشێکی دیکە لە ڕێکخراوە چەپەکان ئەگەرچی بەپرەنسیپن، بەڵام زۆر لاواز و پرشوبڵاون.

هێزێکی چالاکی دیکە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانە. کە هەر بە مێتۆد و دروشمی نیزیکەی پێنج دەیە لەمەوبەری خۆی کار دەکا، بەڵام زۆر بەباشی لە میکانیزم و کەرەستەکانی سەردەم، بەتایبەتی دیپلۆماسی کەڵک وەردەگرێ. ئەو ڕێکخراوەیە لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی و هێژمۆنیی خۆیدا دەیهەوێ تا ڕادەیەک ئاوڕ لە مەسەلەی نەتەوەکانی ئێرانیش بداتەوە و تەنانەت ڕایگەیاندوە ئامادەیە کە ئەو گەڵاڵەی خودموختارییەی کاتی خۆی لە ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣)دا لەگەڵ حیزبی دێموکرات ئیمزای کردوە، بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشی بەڕەسمی بناسێ. بەڵام ڕێکخراوی موجاهیدینیش دوو گرفتی گەورەیان هەیە. یەکەمیان هێژمۆنیخوازییە کە لەگەڵ دێموکراسی (کە ویستی بەشی هەرەزۆری خەڵکی ئێرانە) یەک ناگرێتەوە. دووەمیشیان دەسەڵاتی دینی "واتە ئیسلامی سیاسی"یە کە دوای ئەو نموونە ڕەشەی ڕێژیمی خومەینی لە ئیسلامی نیشان دا، گومان لەوەدا نییە کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا لایەنگری زۆر کەمە. هەڵبەت ڕێکخراوی موجاهیدین لەم دواییانەدا باسی حکوومەتی سێکولار دەکەن و دێموکڕاسییش هەر لە کۆنەوە ویردی سەر زمانیانە. ئەوان ئەگەر واز لەو هێژمۆنیخوازییە بێنن و بە ڕاستی بیانهەوێ پشتیوانی لە دەوڵەتی سێکولار، دێموکراسی و مافی نەتەوە ژێردەستەکان بکەن، دەکرێ لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان بۆ ڕووخانی ڕێژیم هاوکاریی مەیدانییان هەبێت.

لەبەرامبەر ئەو بۆچوون و ڕێکخراوە جۆراوجۆر و جیاوازانەی سەرانسەری لە ئێرانیدا، هێزەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکان هەن کە هێزە کوردییەکان لەنێویاندا ڕێکخراوترین و بەهێزترینیانن. ئەو هێز و لایەنە نەتەوەییانە ئەگەر بیانەوێ لە ئێرانی داهاتوودا جێگە و پێگەی شیاوی خۆیانیان هەبێ، پێویستە لە نێوخۆیاندا یەک بگرن و لەسەر سیستمی فیدڕاڵی لە سەر بنچینەی پێکهاتەی نەتەوەی پێ دابگرن. ئەوان نابێ، هاوکاری هیچ هێزێکی سەراسەری بکەن، یان لەگەڵیان بچنە بەرەیەکەوە کە باوەڕیان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران نەبێ و هیچ بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکان نەبێ. ئەگەر ئەوان بۆخۆیان یەک بگرن، گومان لەوەدا نییە کە دەبنە گەورەترین هێزی گۆڕەپانی ئێران و هەر دەسەڵاتێک لە تاران بێتە سەر کار، ناچار دەبێ حیسابیان بۆ بکا و گوێ لە داواکانیان بگرێ. بەڵام دایناموی وەڕێخستن و تەوەری لێککۆکردنەوەی ئەو هێزە نەتەوەییانەش دەکرێ بەرەی کوردستانی بێ. واتە حیزبە کارلێهاتوو و بە نفوزەکانی کورد پێویستە لە پێشدا نێوماڵی خۆیان ڕێک بخەن، پاشان لەگەڵ یەکتر بەرەیەکی کوردستانی پێک بێنن و ئەو بەرەیەش دەتوانێ ببێتە میحوەر بۆ پێکهێنانی بەرەی نەتەوە ژێردەستەکان. گەورەترین ڕۆلیش بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەتوانێ حیزبە گەورەکەی دێموکڕات وەعۆدەی بگرێ. بەڵام پێویستی سەرەکی بۆ ئەو ڕۆڵە گەورەیە وەسەریەک خستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و ڕێکخستنەوەی حیزبە خۆشەویست و بەنفوزەکەی دێموکراتە.

کوردستان
ژمارە: ٨٢٥
٣١ی جۆزەردانی ١٤٠١ _ ٢١ ژوئەنی ٢٠٢٢

# مەجلیس و پڕۆژەیاسای دەستئاوەڵاکردنی حکوومەت بۆ کوشتنی خەڵک



زانیار حوسەینی

لە سیستمی سیاسیی هەموو ئەو وڵاتانەی پارلەمانیان هەیە، پارلەمان واتای نوێنگەی ئیرادەی یاسایی و حقووقیی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. بە واتایەکی دی نوێنەرانی خەڵک لەوێ هەوڵ دەدەن بۆ وەدیهێنان و پاراستنی ماف، ویست و داخوازییەکانی خەڵک و، هەروەها پەسندکردنی یاساگەلێک کە بە سەرنجدان بە واقعەکانی کۆمەڵ ئاستی ژیان و پێشڤەچوونەکانی کۆمەڵگە بەرەوسەرتر ببا و بە دابەزاندنی چوارچێوەیەکی دروست لە قەوارەی یاسایی وڵاتدا، پێشکەوتوویی، چاکسازی و دادپەروەری بکرێتە بەردی بناغەی بەڕێوەبەریی وڵات. ئەوە خۆی دەبێتە پێکهاتنی هاوسەنگی و هەڵسوکەوتێکی مەنتقی و ئوسولی لەنێوان خەڵک و دەسەڵات لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافە جۆراوجۆر و سەلمێنراوەکانی خەڵک و دیاریکردنی هەرچی باشتر و ڕوونتری ڕادەی ئەرک و دەسەڵاتی کاربەدەستان.

کاتێک باسی پارلەمان، یاسا و نوێنەرایەتیی خەڵک لە پارلەمان و بازنەی دەسەڵات و ئەرکەکانی لە ئێراندا دەکرێ، پێویستە بەرچاوڕوونییەکمان لە مێژووی پارلەمان لەو وڵاتە و چۆنیەتیی دامەزرانی پارلەمان و ئەو قۆناخگەلە هەبێ کە تاکوو ئێستا بڕیویەتی. چونکی یاسا پەسندکراوەکانی پارلەمان بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی تەواو و دیاری هەیە بە سەر ژیان و هەڵسوکەوتی ئەو دوو بەردەنگە لەگەڵ یەکتر (خەڵک و دەسەڵات)؛ بەتایبەت لەو شوێنانەی کە باس لە پێشێلکاریی مافی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە دەکرێ، یان باسەکە دەچێتە سەر ڕادەی دەستئاوەڵەیی دەسەڵات لەبەرانبەر خەڵک بەنیسبەت ماف و داخوازییەکانیدا. هەر بۆیە لەدەسپێکدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە پارلەمان نوێنگەی نوێنەرایەتیی ئیرادەی خەڵکە و هەرکات پارلەمان لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی خۆی بە هەر هۆیەک لابدات، تای تەرازوو و هاوکێشەی هێز لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا بە لای دەسەڵاتداردا دەشکێتەوە و لەو سۆنگەیەوە خەڵک وەلا دەنرێن و مافەکانیان پێشێل دەکرێن.

لەو وڵاتانەش کە دەسەڵاتی حاکم، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ یان تۆتالیتێرە، یەکێک لە هەوڵەکانی دەسەڵات، قۆرخکردنی پارلەمانە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری بێنێ، بەجۆرێک کە لە دوای ماوەیەک ئەو کەسانەی بە ناوی نوێنەرانی خەڵک دەچنە پارلەمان، لەڕاستیدا بەهۆی تێپەڕین لەو پاڵوێنانە ئەگەر بەتەواویش نوێنەری ڕاستەقینەی دەسەڵات (نەک خەڵک) نەبن لانیکەم نیزیک لە دەسەڵاتن کە بەڕواڵەت بە ناوی نوێنەرایەتیی خەڵک لەو پێگەیەدا جێ دەگرن.

بەنی سەدر، یەکەم سەرکۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە نامەیەکدا بۆ خومەینی بۆی دەنووسێ: "ئاغای خومەینی! جەنابت ناتەوێ یاسای بنەڕەتیی وڵات جێبەجێ بکرێ. لە پرسە بنەڕەتییەکانی وڵاتدا جۆری هەڵسوکەوتی ئێوە بەجۆرێکە کە وڵاتی لەگەڵ مەترسیی فەنابوون بەرەوڕوو کردۆتەوە. ئێوە سەرۆککۆمارێکی لاواز، دەوڵەتێکی بێدەسەڵات، پارلەمانێکی ژێرچەپۆکە و دەزگایەکی دادتان دەوێ کە ئامرازی هەڕەشە و لەنێوبردنی نەیارەکانتان بێت." ئەو نامەیە بەتەواوی بەڵگەیەکە لەسەر تەواوی کردەی پارلەمان و ئەو کەسانەی بەناوی نوێنەری خەڵک لەو شوێنەدا ڕێک خراون. تازە ئەو نامەیە ئی تەنیا سێ ساڵ دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاوییە، واتە ئەوکاتە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هێشتا بەتەواوی ناوەندەکانی دەسەڵاتیان قۆرغ نەکردبوو.

ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا زۆری نەهامەتی لەدەست ئەو ڕێژیمە چاشتوە کە خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ١٤٠١،٩٨،٩٦،٨٨،٧٨ دەراوێشتەیەکی ڕوون بۆ ئەو دۆخەن. لە هەموو ئەو ماوەیەدا پارلەمان لەجیاتی خستنە بەر باسی لایەحە و تەرحێک بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک و ڕیفۆرم لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا، بە پەسندکردنی قانوونگەلی جۆراوجۆر خزمەتی بە پاوانخوازیی زیاتری دەسەڵات و ڕێخۆشکردن بۆ سەرکوت و زەبروزەنگی پتر کردوە. تازەترین شاکاری مەجلیس باسی چاکسازیی قانوونی هەڵگرتن و بەکارهێنان چەکە کە ئەمجارەیان جیا لە هێزە نیزامی و ئینتیزامییەکان دەستی ناوەندە ئەمنییەتییەکانیشی بۆ تەقەکردن لە خەڵک ئاوەڵا کردوە.

ئەو باسە سەرەتا وەک لایەحەی دەوڵەت لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی لەلایەن کابینەی ڕووحانییەوە درا بە پارلەمان؛ واتە لەدوای پەیدابوونی قەیرانی ئابووری و دەرکەوتنی نیشانەکانی، بەڵام لەو ماوەیەدا لە پارلەماندا مایەوە و بە هاتنەسەرکاری ڕەئیسی جارێکی دی هاتەوە بەرباس. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئێران لە بازنەی زەمەنیی دوو ساڵ دوو ساڵدا خۆپێشاندانی گەورەی سەرانسەری بە خۆیەوە بینیوە و لەو خۆپێشاندانانەدا، خەڵکی مەدەنیی ناڕازی بە دڕەندانەترین شێوەکان سەرکوت کراون، گیراون، ئەشکەنجە دراون و ژمارەیەکی بەرچاویش لەسەر شەقام و لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکاندا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتگەرەکان، گاردی بەناو دژەشۆڕش و هێزە ئەمنییەتی و لیباس شەخسییەکانەوە کوژراون و بریندار بوون.



پارلەمان لەدوای ئەو ڕووداوانە و لەم ساڵدا لەسەر لایەحەی دەوڵەتی پێشوو، ڕەشنووسی تەرحێکی بە بەشداریی دەزگای داد و ستادی هێزە چەکدارەکان دارشت. ئەو پڕۆژەیاسایەی کە ئێستا لەسەر بابەتی چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەک لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، یاساکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی. بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە چین کە قەرارە لەو یاسایەدا پێک بێن؟ دەوڵەت لەو پێوەندییەدا چەند شتی وەک ئاڵوگۆڕ لە یاساکەدا دەوێ:

یەکەم، گۆڕینی دەستەواژەی "هێزە چەکدارەکان" بە "مەئموورە چەکدارەکان"ە. واتا هەر کەسێک کە بەپێی یاسا بتوانێ چەک هەڵگرێ و ئیزنی چەکداربوونی درابێتێ. دووهەم، ئەو کەسانەی کە لەلایەن شوێنە پێوەندیدارە یاساییەکانەوە بۆ پارێزگاری لە خۆیان چەکدار کراون، کاتێک تووشی تاوانێک بوون بەپێی هێندێک هەلومەرج و حاڵەت سزا نەدرێن و ئەگەر بەکارهێنانی چەک لەلایەن ئەوانەوە بە بەرگریی مەشرووع و ڕەوا بزاندرێ، پێویست بە دانی خوێنبایی نەکات. سێیەم، بۆ دەسبەسەرکردنی دزەکان، مرۆڤ‌ڕفێنەرەکان، باجئەستێنەکان، لاتولووتەکان بە چەکی سارد و گەرم، قاچاخچیی ماددە هۆشبەرەکان، بکوژەکان و کەسانێک کە هەوڵ بۆ کاری تێکدەرانە دەدەن، جگە لەوەی یاسای ئێستا ئیزنی بەکارهێنانی چەک لەکاتی هەڵاتنیان بە هێزە چەکدارەکان دەدات، لە هەوڵی ئەوە دان کە "هەوڵ بۆ بەرەنگاریشی " لێ زیاد بکرێ. ئەو ئاڵوگۆڕە لەو یاسایەدا ئیزنی بەکارهێنانی چەک لە کاتی ئاڵۆزی و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەنێو زینداندا بە مەئموورەکان دەدات. چوارەم: لە یاسای ئێستادا ئیزن بە هێزە ئینتزامییەکان دراوە کە لە ڕێپێوان و خۆپێشاندانەکاندا بۆ سەرکوت و کپکردنی دەنگی خۆپێشاندەران بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیات، چەک بەکار بهێنن. لەو ئاڵوگۆڕە نوێیە لەو یاسایەدا، ئەو ئیزنە بۆ مەئموورە ئەمنییەتییەکانیشە.

بەکورتی لەو یاسایەدا کار بۆ دوو بابەتی بەرچاو و زەق کراوە کە یەکەمیان بەکارهێنانی مەئمووری چەکدارە لەجیاتی هێزی چەکدار؛ بەو مانایە هەرکەس کە ئەمری پێ کرابێ، حەقی بەکارهێنانی چەکی بەدژی خەڵک هەیە، نەک تەنیا ئەو کەسانەی کە لە یاسادا بەڕوونی دیاری کراون و ڕادە و چۆنیەتیی ئەو ئیزنەشیان بۆ شی کراوەتەوە. دووهەمیان لابردنی باری جینایی کردەوەکەیە، بەو جۆرە کە بەنیسبەت تاوانباری چەکدار ( مەئموور و هێزی چەکدار )زۆر بەزەحمەتتر لە پێشوو دەکرێ سکاڵا لە دژیان تۆمار بکرێ. هاوکات وشەی پارێزگاریکردن لەخۆ کە نامۆ و لێڵ پێناسە کراوە، دەستی چەکدارانی ڕێژیم ئاوەڵا دەکا کە هەرکات ویستیان یان ئەمریان پێ کرا بەبیانووی پارێزگاری کردن لەخۆیان دەست بۆ چەک بەرن و لەبەرانبەر ئەوەشدا دەسەڵاتی یاسادانەر هەر بۆ ئەو بەشە مافی بەرگریی ڕەوا بەو چەکدارانە دەبەخشێ و نەتەنیا ئەو بەرگرییە بۆ ئەوان بە ڕەوا دەزانێ بەڵکوو لە دانی خوێنباییش پەڕاوەی کردوون. بەمجۆرە دەسەڵات لەلایەک بازنەی دەستئاوەڵایی چەکدارانی خۆی بۆ تەقەکردن لە خەڵک زیاد دەکا و هاوکات متمانە و بەڵێنی یاساییان پێ دەدا کە لەبەرانبەر بەکارهێنانی چەک لە هەر کاتێکدا کە بەپێویست زانرا، تووشی دادگا و سزا و تەنانەت جەریمە و خوێنباییش نەبنەوە. لەلایەکی دیکەوە بە پەسندکردنی ئەو یاسایە لەو بازنە زەمەنییەدا کە خۆپێشاندانەکان لە ئێران بەهۆی کێشە جۆراوجۆرەکان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ و گەشە دەستێنن، هەوڵی سازکردنی نائەمنیی ڕەوانیی پتر و زیاترکردنی کەشی تۆقێنەر دەدا بەدژی خەڵک و خۆپێشاندەران. مەسەلەی دیکەش ئەوەیە کە دەستی خەڵک دەبەستێ بۆ سکاڵا تۆمارکردن لەبەرانبەر ئەو سەرکوتگەرانە لە دەزگای داد و سێبەری ئەمنی یاسایی بۆ ئەوانە بەرینتر کردۆتەوە. واتە دەسەڵات ئەگەر تا دوێنێ بە هێزە سەرەڕۆ و نەناسیاو و بەناو "خودجوش" خەڵکی سەرکوت دەکرد و دەیکوشتن، ئەمڕۆکە بەئاشکرا و بە بەقانوونیکردنی سەرکوتی خەڵک لەلایەن هەر چەکدارێکی سەر بەدەسەڵات، خۆپێشاندانەکان سەرکوت دەکا و خەڵک دەکوژێ و بکوژەکان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

ئەوەی جێی ئاماژەیە کە ئەو ئاڵوگۆڕە – بەڕواڵەت چاکسازی لە قانوونەکەی پێشوودا– دژی ئەسڵ و بنەمایەکی زۆر سادەیە کە بە ئەسڵ و بنەمای تەقەنەکردن ناسراوە؛ واتا مەئموور دەبێ بەبێ بەکارهێنانی چەک ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بەڵام بە پەسندکردنی ئەو ئاڵوگۆڕە لەو قۆناغەی ئێستای ئێراندا ئەرکی ڕاستەقینەی هێزە چەکدارەکان یان باشتر بڵێین مەئموورە چەکدارەکان بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە و دەردەکەوێ کە ئەوان دەتوانن بکوژن، ببڕن، تاوان بکەن و هیچیشیان لەسەر نەنووسرێت. ئەوەی کە گرینگە و خۆی لەنێو دڵی ئەو لایەحە و تەرحەدا شاردۆتەوە ئەوەیە کە یاسا زۆربەی هەرەزۆری کاتەکان کاتێک دەردەکرێ و پەسند دەکرێ کە بوونی بەپێویست بزانرێ و نەبوونی لە یاسای وڵاتدا بەشێوەی گشتی یان تایبەت کێشەخوڵقێن بێت؛ ئەمە دەکرێ ئەو جۆرەش لێک بدرێتەوە کە ئەگەر هات و زۆرینەی چەکدارانی یاسایی و دیاری ڕێژیم چیی دیکە حازر نەبوون بەرەوڕووی خەڵک ببنەوە، ڕێژیم لە ئێستاوە بە قانوونی ڕێی بۆ ئەوە خۆش کردبێ ئەو ئەرکە بە هێزە فیداییەکانی خۆی و کەسانێکی تر بسپێرێت.

# مەجلیس نوێنگەی ئیرادەی خەڵک یان باسکی سەرکوتی ئەوان



شەهریار تەهماسبی

سەدەیەک لە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکانی ئێران بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی و وەڵامدەربوونی سیسستەمی سیاست و دەسەڵاتی سەرکوتکەرەکان کە لە سەرەتای دەستپێکیەوە بە سەرهەڵدانی مەشرووتە ناودێر کرا، تێدەپەڕێ. ئەگەرچی ئەم مەجلیسە فۆرماڵیتەیە هەر لە مەجلیسی "دارەلزەفەر"، "عەدەلولزەفەر" و مەجلیسی "شوڕای میللی" تا مەجلیسی "شوڕای ئیسلامی" ئاڵوگۆڕ بەسەر ناوەکەیدا هاتووە، بەڵام لە چەند بڕگەی کورتی مێژووییدا نەبێ هەتا ئێستاش نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی وەکوو چاوەدێری و یاسادانان و ... بەڕێوە ببا و چاوەدێری بەسەر ناوەند و دەزگاکانی تری ڕاپەڕاندن و جێبەجێکاری دەوڵەتدا بکات. بەشێکی زۆری ئەم کەمتەرخەمی و بێدەسەڵاتییەی مەجلیسی ئێران هەر لە قاجارەوە تاکوو ئێستە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیی مرۆڤی ئێرانی. "عەلی ڕەزاقولی"، کۆمەڵناسی سیاسی لە کتێبی "جامعەشناسی خودکامگی"دا ئاماژەی بە زمانلووسی و ماستاوچیەتیی تاکی ئێرانی دەکا کە لە کاتی بەرپرسیارەتیدا لەباتی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی یان لە بری ئەوەی لە بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕاپەڕاندن و دەزگا جێبەجێکارەکانی دەوڵەت بکۆڵێتەوە و وەڵامی لێیان بوێت، هەر خەریکی پێداهەڵوتن و ماستاوکردنن بۆ ئەوەی پلەیان بەرزتر ببێتەوە و بگەنە ئاستێکی بەرزتر.

باسی گرنگتر بەربەستگەلێکە کە ناوی یاسای لێ دەنرێ و لەڕاستیدا بەدڵی دەسەڵاتە، وەکوو دانان و دامەزراندنی مەجلیسگەلێکی هاوتەریب کە نەک نوێنگەی ئیرادە و هەڵبژێردراوی خەڵک، بەڵکوو دەستنیشانکراوی دەسەڵات و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانە. وەک ئەوەی لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەویدا ناوی "مەجلیسی سێنا"ی لەسەر دانرا و لەسەردەمی ڕێژیمی ئیسلامییشدا بە ناوی "شورای نیگابان" کایە سیاسییەکانی خۆی دەکا. مەجلیسگەلێک کە حاکمییەت و دەسەڵات تەنیا بۆ چاوەدێریکردن بەسەر مەجلیسی هەڵبژێردراوی خەڵکی دروستیان کردوون و ئەگەرچی بە ڕواڵەت یاسایین، بەڵام لە بنەڕەتڕا لەپێناو پاراستن و پارێزگاری لە ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی و شای ڕێژیمی پەهلەویدا، دامەزراون.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی مەجلیس لە ئێراندا تا هەنووکەش کاری دەسەڵات دژایەتیکردنی ئەو پرۆسە دەنگدانانە و ئەو یاسا پەسەندکراوانە بووە کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدا نەبوونن و بەرژەوەندیی (شێخ و شا) تێیاندا ڕەچاو نەکرابێ و پاراستنەکەی مسۆگەر نەبووبێت. هەموو مێژووی مەجلیس لەو وڵاتەدا بریتییە لە کۆسپ دروستکردنی دەسەڵات –کە پیرۆزییەکی ئاسمانیی بە خۆی بەخشیوە– بۆ هەڵبژێردراوانی خەڵک و مەجلیسێک کە توانای ئەوەی نەبووە دەسەڵاتی سیاسیی ناچار بە وەڵامدەربوون و دەروەستی بکات. لەو کاتەوە کە محەممەدعەلی شای قاجار بە تۆپ مەجلیس دادەگرێ هەتا کرمەڕێزبوونی سیاسیی نوێنەران لە دوو سەردەمی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا کە لە بری داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵک چوونەتە سەنگەری دەسەڵاتەوە و لەوێوە سیلەیان لە خەڵک! گرتوە. لەو نێوەشدا دەنگی کەمە نوێنەرێکی لایەنگری مافەکانی خەڵکیش بەهۆی زاڵبوونی ئەو کەشە لە مەجلیسدا هەر لە گەرووودا خنکاوە و بڕی نەکردوە.

بارودۆخی نوێنەرانی مەجلیس لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا تایبەتتریشە. ئەو نوێنەرانەی کە دەبێ لە پاڵوێنەکانی چاودێریی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی حاکمییەت تێبپەڕن و پێشمەرجی پشتڕاستکردنەوەی شیاویی ئەوان بۆ بەربژێری ئیلتیزم بە دەسەڵات و سەلماندنی وەفاداریی بەکردەوەیان بۆ نیزامی سیاسیی وڵاتە. ئەو پێشمەرجەی پێگەی مەجلیس وەک نوێنگەی ئیرادەی گشتیی خەڵکی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا تا ئاستی دێکۆرێک بۆ جوانکاریی دێموکراسیی نەبوو لە ئێراندا دابەزاندوە؛ مەجلیسێک کە توانای خستەڕووی هیچ پلان و پڕۆژەیەک لە بەرژەوەندیی خەڵکی نییە و دەسەڵاتەکەی لەلایەن ناوەندە چاودێرییەکانی حکوومەت و شوڕای نیگابانەوە قۆرغ کراوە.

خوێندنەوە سیاسیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وابووە کە سووچ و تاوانی هەموو کێشەکانی کۆمەڵگەی بۆ خەڵک گەڕاندۆتەوە. لەلایەک بۆ ڕەواییدان بە دەسەڵاتەکەی پێویستیی بەو شانۆگەرییە هەیە تا کەسانی لەپاڵوێنەدراوی خۆی بە "وەکیلی میللەت" ناو ببا و لەلایەکی دیکە و لە پاشان تاوانی هەموو قەیرانەکانی کۆمەڵگە بخاتە ئەستۆی ئەو ناوەندە بەناو هەڵبژێردراوەی خەڵک و لەژێر ناوی بڕیارە میللییەکانی مەجلیسدا پاکانە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و لە سەرووی هەمووانە ویلایەتی فەقیه بکا. وەک چۆن زۆر لەو بڕیارگەلە سیاسییانە کارەساتیان لێ کەوتەوە، بەڵام دەسەڵات خۆی لە بەرپرسایەتی لەهەمبەر ئەواندا پاراست. بڕیارگەلێکی وەک بردنەسەرێی نرخی بێنزین لە ساڵی ١٣٩٨ کە لە ڕێگەی مەجلیسەوە پەسند کرا و دەسەڵات بە بڕیاری هەڵقوڵاو لە ئیرادەی گەل و نەتەوەی ناو برد و ئاکامەکەی خۆپیشاندانی بەربڵاوی خەڵک و کوژرانی لانیکەم ١٥٠٠ کەس و دەسبەرکردن و برینداربوونی چەند ئەوەندەی دیکەش بوو.

ئەگەرچی مەجلیس دەبێ ڕوکنی سەرەکیی قانووندانان و چاودێری بەسەر هەموو دەزگا جێبەجێکارەکانی وڵات و دەوڵەت و سەربەخۆ لە هێز و دەسەڵاتەکانی دیکەی وڵات بێ و هیچ ناوەندێکی دەسەڵاتی دیکە نەتوانێ شوێن لەسەر بڕیارەکانی دابنێت؛ بەڵام ئێستا بۆ هەمووان ئاشکرایە کە مەجلیس لە بووکەڵەیەک زیاتر نییە و بەکردەوە باسکی دەسەڵاتە بۆ بەقانوونیکردنی هەموو ئەو بڕیارانەی لەدژی خەڵک و لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدان.

مەجلیس لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و نوێنگەی ئیرادەی خەڵک نییە، بەڵکوو وەک داوەڵێک دەچێ کە جارێک جلوبەرگی هێزە چەکدارەکانی دەبەردەکا بۆوەی بەستراوەیی خۆی بەوان بسەلمێنێ، جار لەدژی نەیارانی دەسەڵات دروشم و دەنگەکانی لە هەمووان بەرزترە و ماوە بە ماوەش بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕێبەریی ڕێژیم لە پاشکۆیەتیی خۆیان جەنابی ڕێبەر و دەوروبەری چییان بوێ بۆیان لە چەپڵە دەدەن. ئەوەی لەو نێوەدا دەمێنێتە خۆدزینەوە لەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەیە کە لە ڕواڵەتدا بۆ بەجێهێنانی ئەوان هاتوە و بەکردەوە لەدژی ئەوان دەجووڵێتەوە.

# دەرگای دیجیتاڵی خەریکە بەسەر ڕووسیەدا دابخرێ؟

**گۆڤاری نی تەکنیک – کەللێ ویکلوند**



و: کەمال حەسەنپوور

لە مەنتسەلەی فینلەند هەر ئێستا دەیتا سەنتەرێکی گەلێک پێشکەوتوو بە یارمەتی مەکینەی گازۆلی درێژە بە کاری خۆی دەدا، چونکە هێچ کۆمپانیایەکی دابینکەری کارەبای ئەو وڵاتە ئامادە نییە چیدیکە کارەبا بە کۆمپانیای ڕووسیەیی یاندەکس بفرۆشێ کە بە سەر هۆڵی سەرڤەرەکان ڕادەگا.

یاندەکس، هێندێک جار پێی دەڵێن "گوگڵی ڕووسیە"، دەگەڵ تەلەگرام و ڤی کەی نموونەی ناسراوی کۆمپانیای تەکنەلۆژیکی ڕووسیەن کە لە سەرانسەری دنیا بە میلیۆنان بەکارهێنەریان هەن.

بەڵام ئێستا داهاتووی دەوری یاندەکس وەک کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژیکی جیهانیی لە هەموو کات زیاتر گومانی لەسەرە، هاوکات کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە زەبەلاحەکانی وەک گوگڵ، مەتا (فەیسبوک)، ئەپڵ و مایکرۆسافت لە بازاڕی ڕووسیە دەکشێنەوە، یان هەبوونی خۆیان لەو وڵاتە کەم دەکەنەوە.

ئەوەی ئێستا خەریکە لە ڕووسیە بقەومێ بە شەوێک نەقەوماوە. بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکان لەمەڕ مەترسییەکانی ئینتەرنێتێکی جیای ڕووسیە، "نی تەکنیک" دەگەڵ ئەو کەسانە وتوویژی کردووە:

– ئولاف کۆلکمەن، ڕاوێژکاری پلەبەرزی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی ئینتەرنێت.

– مارسین دێ کامێنسکی، سەرۆکی ئاسایش و داهێنان لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ

– دەنیس شەدۆڤ، پارێزەری ڕووسیەیی مافەکانی مرۆڤ کە کاتێک سانسۆڕ و سەرکوت پەرەی ئەستاند، ناچار کرا وڵات جێ بهێڵێ.

### چۆن بوو ئاوای لێ هات؟

دوای داگیرکاریی بەربڵاوی ڕووسیە لە ئوکراین لە کۆتایی فیبریواری، ڕێژیمی ڕووسیە زەختی پەرەئەستێنی خستوتە سەر ئینتەرنێتی ئاواڵا و کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە نێونەتەوەییەکانی چالاک لە وڵاتە.


سانسۆری کرێملین و چاودێریکردنی بەربڵاو بەسەر ئینتەرنێتەوە بەدناو و بەربەرینە. ئێستا باس لەوە دەکرێ کە دەوڵەتی ڕووسیە پلانی دامەزراندنی "سپلینتەرنێت"ی هەیە، ناوێک بۆ ئینتەرنێتێک کە بە سەر چەند بەشدا دابەش دەکرێ. "دیواری مەزنی ئاگرینی چین" بەناوبانگترین نموونەی سپلینەرنێتە. بەڵام لە دووهەزارەکانەوە ئێمە گەشەکردنی ئەوتۆمان بۆ وێنە لە وڵاتانی وەک ئێران، سووریە و عەرەبستانی سعودی دیتوە. لە هەر جێیەکی دنیا ئەوە بقەومێ هۆی بنەڕەتییەکەی لە پرەنسیپدا یەکە و ئەویش کۆنترۆڵکردنی ئاڵوێری ئازادی زانیاریی لە ئینتەرنێتە، بۆ نموونە لە سۆسیال میدیا و فیلتەرکردنی نێوەرۆکی ئینتەرنێت.

لە ڕووسیە لە ماوەی چەند ساڵدا ئەو کارە چەند جار لە دە خاڵی ئینتەرنێتی وڵاتدا بەڕێوە چووە و ئەوان لە باقی هێڵی جیهانیی ئینتەرنێت جیا کراونەوە. مەبەست لە "ڕوونێتی سەربەخۆ" (ئەینتەرنێتێکی تایبەتی ڕووسیە کە لە دنیای دەرەوە جیا کراوەتەوە) ئەوەیە کە کۆنترۆڵێکی کۆکراوە لە شوێنێک بەسەر هەموو ئینتەرنێتی ڕووسیەدا و دەسەڵاتی داخستنی ئینتەرنێت لە چەند ناوچەی وڵات، لە کاتی پێویست، بداتە دەست دەوڵەت. کرێملین هەروەها دەیەوێ سیستەمێکی دی ئێن ئێسی DNS=Domain Name System] دەیتا بەیسێکە کە لەویدا ناوی دۆمێنەکان بە ئادرەسی ئایپیی ئەوانەوە گرێ دەدرێن. و.]، نیشتمانی دروست بکا کە لەناویاندا دەتوانی کۆپیەی سەرجەم ئینتەرنێتی جیهانیی تێدابێ.

دوایین جار لە جون و جولای ٢٠٢١ تاقیکاریی دیکە بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەچوون. ڕوون نییە ئەو هەوڵانە چەندە درێژەیان کێشا، یان گەلۆ ئەوانە بوونە هۆی هێندێک دۆخی نائاسایی لە ترافیکی ئینتەرنێتی وڵات. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتەرز، گوایە تاقیکارییەکان سەرکەوتوو بوون.

لایەنێکی دیکەی خەونی ئینتەرنێتی سەربەخۆی ڕووسیە، کە لە دنیا جیا کرابێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سانسۆڕی پەرەئەستێن و کۆنترۆڵی چڕتر بەسەر کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە نێوەنەتەوەییەکانەوە کە لەو وڵاتەن وەک گوگڵ، ئەپڵ، مەتا (فەیسبوک) و مایکرۆسۆفت.

هاوکات پسپۆڕان، وەک ڕێکخراوی ناونەتەوەیی ئینتەرنێت سۆسایەتی هۆشداریی دەدەن، کە مانەوە یان نەمانەوەی ڕووسیە لە ئینتەرنێتدا دەتوانێ پێوەندی بە بەشێک لە گەمەیەکی جوگرافیای سیاسی مەزنترەوە هەبێ کە لە ئەگەری ئابلۆقەی نێونەتەوەیی لەلایەن خۆراواوە دژی ڕووسیە لە داهاتوودا، بتوانێ سەرجەم بنەما بنەڕەتییەکانی ئینتەرنێت بخاتە مەترسییەوە.




**ئینتەرنێت سۆسایەتی: لەبەر ئەو هۆیە دەبێ سپلینتەرنێت پێشی پێ بگیرێت**

گەشەی ڕونێتی جیاکراوە بەوردی لەژێر چاودێریی ئینتەرنێت سۆسایەتی‌دایە کە ڕێکخراوێکی ناحوکومییە و وەک ئۆرگانی ڕێکخستنی ئینتەرنێت کار دەکات. ئینتەرنێت سۆسایەتی، زۆر جار بەکورتی بە ئایسۆک ناو دەبرێت، نیگەرانیی قووڵی خۆی لەبەر سەرهەڵدانی ئینتەرنێتێکی ڕووسیەیی دەربڕیوە کە هەر دێت و زۆرتر سانسۆر دکرێ، یان لە داهاتوودا دەتوانێ بە تەواوی لە دنیا داببرێ.

ئولاف کۆلکمەن، وتەبێژ و ڕاوێژکاری پلەبەرزی ئایسۆک دەڵێ: "بایەخی ڕایەڵەیەکی ئەوتۆ بە ڕێژەی بەشدارانی مەزندە دەکرێ. ئینتەرنێت نموونەیەکی ئاشکرای ئەو پرینسیپەیە. ئینتەرنێت بێ گیروگرفت نییە، بەڵام ئێمە دەبینین کە ڕایەڵەکە یارمەتی گەلێک بەرچاوی بە دنیا کردوە لە پێوەندی لەگەڵ داهێنان، ئابووری و گۆڕینەوەی زانیاریی. ئەو جۆرە پەراوێزکەوتنەوە، لێکجیاکردنەوە و فیلتەرکردنە دژی پرینسیپە بنەڕەتیەکانی ئینتەرنێتن و دەتوانن ببنە هۆی ئاسەواری گەلێک نەرێنی نە تەنیا بۆ شارۆمەندانی ڕووسیە بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤی دنیا."

ئەو لەسەرخۆ و بەڕاوتەگبیر دێتە بەرچاو. لەکاتی وتوویژەکە لە ڕێگای ڤیدیۆوە، ئولاف کۆلکمەن لە ژووری کارەکەی لە ژنێڤ دانیشتوە، شوێنی نووسینگەی سەرەکی ئایسۆک. کاتێک باسی ڕونێت، سانسۆری ئینتەرنێت لە ڕووسیە و خراپتر بوونی دۆخی ئینتەرنێت پاش داگیر کردنی ئوکراین دەکەین، دەنگی تیژ دەبێ.

ئەو دەڵێ: "خەڵک لەو جەنگەی ئێستادا دەکوژرێن. دۆخەکە سامناکە. کاتێک بۆ جەنگێکی بەربڵاو بەرنامەڕێژیی دەکەی، وەک چۆن ڕووسیە وێدەچی ئەو کارەی کردبێ، ئەقڵانییە مرۆڤ بیهەوێ سەربەخۆیی خۆی بەرانبەر بە وڵاتانی دیکە بپارێزێ، بە ئینتەرنێتیشەوە. گەشەی ئینتەرنێت بە چەند ئاراستەدا تێپەڕ دەبێ. یەکێک لەو ئاراستانەی ئایسۆک لێی نیگەرانە ئابلۆقەی ئینتەرنێتی لە لایەن وڵاتانی جیاوازەوەیە، کە بە نۆرەی خۆی دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ژێرخانی تەکنیکی ڕایەڵەکە هەبێ. بێتوو ئەوە بقەومێ مەترسی ئەوە هەیە کە خەڵک دەستیان بە ئینتەرنێت ڕاناگا و لە ئاکامدا لە زانیاریی گرینگ بێبەش دەبن.

**ئێمە دەزانین تاقیکاریی ڕونێتی سەربەخۆ بەڕێوە چوون. بە بۆچوونی ئێوە ئامانجی دەوڵەتی ڕووسیە لەو کارە چییە؟**

– من پێم‌وایە تاقیکارییەکان لە پێش هەموو شتێکدا بۆ دوو شتن. یەکەمیان ئەوەی کە دەیانەوێ بە جۆرێک بە سەربەخۆیی دیجیتاڵی بگەن. هێندێک لایەنی ژێرخانی ئینتەرنێت هەن کە وا دەکات بەشێک لە کەرەستەکان لە دەرەوەی وڵاتن. دی ئێن ئێس یەکێک لەو شتانەیە کە بەشێکی کەڵک لە دەیتابەیسی ناوەندی وەردەگرێ کە لەلایەن ئایکان و ئایانا، ڕێکخراوێک کە لە ئەمریکایە، بەڕیوە دەچن.

بە گوتەی ئولاف کۆلکمەن، دەوڵەتی ڕووسیە ڕەنگبێ لەوە نیگەران بێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژێک بڕیار بدا ئەو کۆمپانیایانەی لەو وڵاتە چالاکن هان بدات دۆمێنەکانی کە بە ru. کۆتاییان دێ لە سیستەمی دی ئێن ئێس بسڕنەوە. هەروەها بەڵگەی فەرمی ستراتیژیی نەتەوەیی ڕووسیە لە ٢٠١٥ هەن کە نیشانی دەدەن کرێملین بۆ وێنە دەیەوێ کەرستەی ئایتی کە لەدەرەوە دروست کراون بە کەرستەی ناوخۆ بگۆڕێتەوە.

– بە تاقیکارییەکانی ڕونێت، ڕووسیە هەوڵ دەدا فێر بێ بێتوو تووشی کێشەیەک بێ کە بەو هۆیەوە وڵاتانی دیکە یان لایەنی دیکە بڕیار بدەن ئەو وڵاتە لە ئینتەرنێت جیا بکەنەوە، چۆن بتوانێ ئینتەرنێت لە سەر پێ ڕاگرێ.

**ڕووسیە دەتوانێ ئینتەرنێتێکی تەواو سەربەخۆ دروست بکا؟**

ئولاف کالکمەن دەڵێ: "گەلێک دژوار دەبێ. لە پرەنسیپدا بەتەواوی نامومکینە بتوانی ئەو زنجیرانە دروست بکەی بێ ئەوەی تووشی بەستراوەیی بە نەرمامێری ئاواڵا وەک ئەوانەی لە ڕایەڵەی گیتهابدا هەن، نەبی. بێتوو سەرجەم پێوەندییەکان لە ڕووسیەوە بە باقی دنیا بپسێنی بۆ وێنە ئەوە دەبێتە هۆی گیروگرفتی مەزن بۆ بەڕۆژکردنەوەی نەرمامێری ئاواڵا کە کۆمپانیا ئینتەرنێتییە ڕووسیەییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. چۆن ئەوە بە شێوەیەکی کرداری جێبەجێ دەکەی؟ کەسێک بنێرە بۆ ئەو دیوی سنووری ڕووسیە بە یو ئێس بییەک و داوای لێ بکە بەڕۆژکردنەکان لە وڵاتێکی دیکە دابەزێنێ؟ ئەوە کەتوارگەرانە نییە."

**سۆرم، سیستەمی چاودێریی بەربڵاوی ڕووسیە، کە نۆکیا بەستیەوە بەو شێوەیە کار دەکا**

چاودێریی دیجیتاڵی بۆ ڕووسیە شتێکی نوێ نییە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا ئەو تەکنیکەی کرێملین بەکاری دێنێ مودێرن کراوە. دۆخی شارۆمەندانی ڕووسیە، بە تایبەتی چالاکانی بواری دێموکراسی و ئاشتی و هەروەها جیابیرانی سیاسی زۆر دەمێکە دژوارە، بەڵام دوای داگیرکردنی ئوکراین، خراپتر بووە.

سیستەمی چاودێریی دیجیتاڵیی سۆرم (سیستەمی کارای چالاکیان) لە نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی زایینیەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. سیستەمەکە چەند جار پلەی بەرز کراوەتەوە و دوایین جار نزیکەی ٥ ساڵ لەوەپێش بوو. ئەو وا دەکا کە کرێملین و دامودەزگای هەواڵگریی بەتەواوی دەستیان بە زانیاریی بەڕێکراو لە کاناڵە دیجیتاڵییەکانەوە ڕابگا.

دەنگ، پۆستی ئەلەکترۆنیک، پەیامی نووسراو و ژمارەی ئاشکراکەری تەلەفۆنی موبایل لە لایەن ئێف ئێس بی [دەزگای هەواڵگریی] کونتڕۆڵ دەکرێن.

مارسین دێ کامێنسکی، سەرۆکی ئاسایش و داهێنان لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤەوە دەڵێ: "ئێف ئێس بی هەموو شتێک قوت دەدا و ئێمە نازانین چ لەو هەموو زانیارییەی لە بارەی شارۆمەندانەوە کۆکراوەتەوە دەکەن. بەڵام شتێکی نامۆ نییە کە چالاکانی بواری دێموکراسی بۆ "قسەکردن" بانگهێشت دەکرێن و پاشان بەڵگەی دیجیتاڵییان پێ نیشان دەدەن کە لە ڕوانگەی ئێف ئێس بی چالاکیی نایاسایییە. شتێکی ناماقوڵ نییە ئەگەر پێمان وابێ ئەو زانیارییە لەلایەن سۆرمەوە کۆ کراوەتەوە.

تەکنیکەکەی دەمێکە هەیە، بەڵام لە سەرەتای ٢٠٢١ یاسایەکی نوێ لە ڕووسیە پەسەند کرا کە هەر کۆمپانیایەکی پێوەندی ڕێگای دوور و دابینکاری ئینتەرنێت کە لە ڕایەڵەکەیاندا سۆرم دانەمەزرێنێ، سزای قورسی بەسەردا دەسەپێنرێ. هیچکام لەو کۆمپانیایانە دەستیان بەو زانیارییە ڕاناگا کە سۆرم لە ڕایەڵەی ئەوان کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئێف ئێس بی دەستی ئاواڵایە. ماوەیەکە تەنانەت پێویست بە بڕیاری دادگاش ناکات تا زانیاریی کۆ بکرێتەوە.

سۆرم لە سندوقی ڕەش پێکهاتوە کە لەلای کۆمپانیای پێوەندی دوور و دابینکارانی ئینتەرنێت دادەمەزرێنرێ. دوای دامەزراندن سیستەمەکە کەڵک لە شێوازێک بە ناوی تی ئێس یو پی (چارەسەری تەکنیکی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە) وەردەگیرێ کە تەکنیکەکەی لەلایەن کۆمپانیای ڕووسیەیی بەرهەمهێنانی کەرەستە، ئار دی پی دابین دەکرێ.

لە بنەڕەتدا تی ئێس یو پی کەڵک لە پشکنینی قووڵی پاکەت وەردەگرێ (DPI= Deep Packet Inspection). دەکرێ بڵێین دیوارێکی ئاگرین لە لای ئۆپەراتۆرەکانە کە هەموو نێوەرۆک و هەروەها زانیاریی ئادرەسی سەرجەم پەیامی بەڕێکراو بەو ڕایەڵانەدا دەخوێنێتەوە.

دی پی ئای دەکرێ بۆ فیلتەرکردنی ڤایرۆسی کامپیوتەر یان سپام کەڵکی لێ وەرگیرێ بەڵام کرێملین لە جیاتان لەو تەکنیکە بۆ فیلتەر کردن و سانسۆرکردنی نێوەرۆکی ئینتەرنێت و هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و وتوویژەکانی سەر ئەو ڕایەڵانە، کەڵک وەردەگرێ.

بێجگە لە فیلتەرکردنی نێوەرۆک لە لایەن سۆرم، پێش بە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری و ماڵپەڕە نەخوازراوەکانیش دەگرێ، ئۆپەراتۆرە ڕووسیەییەکان کەڵک لە تەکنیکی دیکەش بۆ ڕێگرتن لە بەشێک لە ئینتەرنێت وەردەگرن. شێوەکارێکی باو ئەوەیە کە کاتێک سەردانی ماڵپەڕێکی قەدەغە بکەی، پێوەندی ئینتەرنێت دەگەڕێندرێتەوە بە شێوەیەک کە بەکارهێنەر لەبەر ئەوەی قەت ناگاتە ماڵپەڕی مەبەست جارز دەبێ.

شێوازێکی دیکەی بلۆککردن بەو جۆرەیە کە ئۆپەراتۆرە ڕووسیەییەکان پێش بە پرۆتۆکۆلی توێخی ئاسایی (TLS) دەگرن و ناهێڵن کار بکا. تی ئێل ئێس، ستاندارێکی کۆد کردنی زانیاریی سەر ئینتەرنێتە و بێتوو پێشی پێ بگیرێ ژمارەیەکی زۆر لە ماڵپەڕەکان ناخوێندرێنەوە. نموونەی ئەوتۆش هەن کە ڕووسیە سیستەمی دی ئێن ئێس دەستکاری دەکا و لە ئاکامدا بەکارهێنەرانی ڕووسیەیی ناتوانن سەردانی هێندێک ماڵپەڕ بکەن.

ئولاف کۆلکمەن دەڵێ: ئەوانە تەکنیکی کەڵکلێوەرگیراو لەلایەن دیواری مەزنی ئاگرینی چینیشن. ئەوانە هەنووکە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەڵام بێتوو سەرنج بدەینە ئەو ڕایەڵانە پێکەوە بەستراونەوە ئینتەرنێت لە ڕووسیە فرەچەشنییەکی تاڕادەیەک بەربڵاوی هەیە. ئەوە کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی نێوەرۆکی ڕایەڵەکە دژوار دەکات، بەڵام ڕێژیمی ڕووسیە لاسارانە هەوڵ دەدا.

**داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ: کۆنترۆڵی دیجیتاڵی هەر دێتوو توندتر دەبێ**

بە وتەی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، کەمایەسییە دێموکراتیکەکان زۆر دەمێکە هەن، بەڵام دەگەڵ داگیرکردنی ئۆکراین ئازادیی ڕادەبڕین هێندەی دیکەش کپ دەکرێ.

**دۆخی ئەو کەسانەی لەوبەری سۆرم و کەرستەکانی دیکەی چاودێریی دیجیتاڵی کە دەوڵەتی ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگرێ چۆنە؟**

مارسین دێ کامینسکی لە ڕێکخراوی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێ، "بەڕاستی ئێستا بۆ زۆر کەس لەوانەی بۆ دێموکراسی یان مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا کار دەکەن زۆر دژوارە. ئێمە هەستمان پێ کردوە کە چالاکان و ڕۆژنامەوانان زۆر بە دژواری دەتوانن هێندێک زانیاریی لەو وڵاتەوە بەرێ بکەن. ئەوەی ئێستا ڕێژیم هەوڵ دەدا بیکا، کە چاودێریی ئینتەرنێت بەشێکی گرینگیەتی، ئەوەیە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگەی مەدەنی ڕووسیە لەناو بەرێ تا نەهێڵێ پارسەنگێک دژی هەلومەرجی ئێستا دروست بێ. ئەوە مەزنترین مەترسییە.

**"ڕووسی"یە تاراوگەنشینەکە: بۆ ئاگاداربوون لە ڕاستی vpn پێویستە**

لە حەوشەیەکی ساماڵ لە ئاڵمان دەنیس شەدۆڤ پاڵی لێداوەتەوە. ئەو پارێزەرەکی ڕووسیەیی و شیکارکەرێکی ئۆڤی‌دی–ئینفۆ، کە ڕێکخراوێکی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤە کار دەکا.

پاییزی ڕابردوو ئەو ڕووسیەی بەرەو ئاڵمان بەجێ هێشت، لێرە ئەو لەلای کۆمەڵەی ماکس پلانک توێژەری میوانە. شەدۆڤ دەڵێ دۆخی نیشتمانەکەی لە کۆتاییدا وای لێ هات کە تەحەممول نەدەکرا.

ئەو بە دەنگێکی نزم و لە کاتێکدا کە چاویلکە گەورەکانی میزان دەکا دەڵێ، "هەنووکە سانسۆڕ لە ڕووسیە لە خراپترین دۆخی خۆی لە مێژووی سەردەمی مودێرنی ئەو وڵاتەدایە. بەکورتی هەموو میدیا سەربەخۆکان داخران. کاتێک من و هاوکارەکەم باسی داخرانی ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕمان دەکرد وەک گاڵتەیەکی بەژان دەچوو، زۆری پێ نەچوو دیتمان تەنانەت ماڵپەڕی ڕێکخراوەکەی خۆشمان داخرا.

دەوڵەتی ڕووسیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندای خۆی پشتی بە بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئاسایی ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بەستبوو. بەڵام دەگەڵ پەرەگرتنی خوازیاریی بۆ ئینتەرنێت وەک

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠

# ئاکامی پشتیوانی لە ڕێژیمی بارمتەگیر و باجئەستێن



عەلی بداغی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هاتنەسەرکاری بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر بارمتەگیری دانا و بارمتەگیری و باجئەستێنی لە وڵاتانی ڕۆژاوا بە درێژایی چل و چوار ساڵی ڕابردوو سیاسەتی نەگۆڕی ئەم ڕێژیمە بووە.

ستراتێژیستەکانی کۆماری ئیسلامی پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتە، واتە بارمتەگیری و باجئەستێنی وەک فاکتەرێک بۆ چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات دەبینن، وەک چۆن ماوەیەک لەوەپێش موحسین ڕەزایی، دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام گوتی " ئەوە ئەمریکایە کە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بەرجام و لانیکەم ٥٠ میلیارد دۆلاریشمان قەرەبوو بکاتەوە...". فەرماندەی پێشووی سپای پاسدارانی ڕێژیم پێشتریش لە کاتی دانوستانە ئەتومییەکاندا هەڕەشەی ئەوەی لە ئەمریکا کردبوو کە لانیکەم هەزار هاووڵاتییان لێ بە دیل دەگرن و لەبری بەردانیان بە هەزاران میلیارد دۆلار قەرەبوو لە ئەمریکا وەردەگرن و قەیرانی ئابووریی وڵاتەکەیانی پێ چارەسەر دەکەن! کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردووشدا دوای ئەوەی توانییان لەبری ئازادکردنی جەیسوون ڕەزاییان ٤٠٠ میلیۆن دۆلاری نەخت لە ئەمریکا بستێنن، بەردانی نازەنین زاغری، هاووڵاتیی ئێرانی-بریتانیاییشیان بە پێدانی ٤٨٨ میلیۆن دۆلار لەلایەن وڵاتی بریتانیاوە بەستبۆوە.

بەڵام چۆنە کۆماری ئیسلامی ئاوای بۆ دەچێتە سەر؟ ڕوونە کە وەڵامەکەی بۆ سیاسەتی ڕۆژاوا و نەرمینواندنەکانیان بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. وەک چۆن کۆماری ئیسلامی ئازادکردنی داراییە بلۆکەکراوەکانی کە زیاتر لە ١٥٠ میلیارد دۆلار بوو، وەک پێشمەرجی ئیمزاکردنی بەرجام بەسەر لایەنەکانی ڕۆژاوادا سەپاند و ئەمریکا خۆی چەند مانگ دوای ڕاگەیاندنی بەرجام یەک میلیارد و ٧٠٠ میلیۆن دۆلاری نەختی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد! جیا لەوەش لەگەڵ هەڵگیرانی گەمارۆکان و ئازادبوونی فرۆشی نەوت بە میلیارد دۆلاری دیکەش کەوتە سەر داهاتی ڕێژیم، بەڵام ئەوانە هیچی نەک لە بووژاندنەوەی ئابووریی وڵاتدا خەرج نەکرا، بەڵکوو هەمووی بۆ سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم و ناسەقامگیرکردنی پتری ناوچەکە تەرخان کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرجام کە پتر لە هەموو شتێک هاندانی کۆماری ئیسلامی بۆ بوونی بە بەشێک لە کۆمەڵگەی مۆدێڕنی جیهانی بوو، بەڵام ڕێژیمی ئێرانی لە بەردەوامیی سیاسەتی بارمتەگیریدا ڕانەگرت. وەک چۆن "ژیائۆ وانگ"، توێژەری ئەمریکایی کە چەند مانگ دوای بەرجام لەسەر بانگهێشتی زانکۆیەک لە ئێران سەردانی ئەو وڵاتەی کردبوو، دەسبەسەر و نیزیک بە ٤٠ مانگ لە زینداندا ڕاگیرا. "وانگ" دواتر لە گەڵ مەسعوود سولەیمانی، ئەندامێکی سپای پاسداران کە لە ئەمریکا بەندکرابوو، گۆڕدرایەوە. لەو نێوەشدا ئەگەرچی سەرەڕای بوونی چەند کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەدژی بارمتەگیری کۆمەڵە یاسایەکی دیکەشی پەسند کردوە کە تازەترینی ئەوانە "جاڕنامەی دژی گرتنی سەرەڕۆیانە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا"یە؛ بەڵام ڕێژیمی ئێران بە درێژایی مێژووی خۆی دەرووەست بە هیچ ڕێککەوتن و کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی نەزانیوە. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی کە بە چاوی کاڵا سەیری هاووڵاتیانی بیانی لە خاکی خۆیدا دەکا، هەتا ئەوکاتەی هەست بکا بایی ئەوە هەیە بە دەسبەسەرکردن و ڕاگرتنیان دراوی دەست کەوێ یان مامەڵەیان پێوە بکات، لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام دەبێت.

کۆماری ئیسلامی مەبەستێکی دیکەش لە سیاسەت بارمتەگیریی خۆی دەپێکێ، ئەویش بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ترس و تۆقاندنە. ڕێژیم کە نایهەوێ کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی کراوە بێت و خەڵکی وڵات پێوەندیی زانستی، هونەری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی دیکە هەبێ، لەلایەک کەشی ئێران بۆ مانەوەی خەڵکانی بیانی و هاووڵاتییانی دوو تابعییەتی نائەمن و پڕتێچوو دەکا؛ لەلایەکی دیکەش بەردەوام بەدووی ئەوەدایە ئامرازی گوشار بۆ سەر ڕۆژاوای پتر لە بەردەستدا بێت. ڕێژیم کە باش دەزانێ پێوەندیی کراوەی نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئاکادیمی، بازرگانی و هونەری و ... لە نێوان ئێلیتەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئێران و، کارتێکەریی ئەو پێوەندییانە لەسەر یەکتری درزی گەورە دەخاتە نێو ئەو دیوارەی بۆ دابڕاندنی کۆمەڵگەی ئێران لەکۆمەڵگەی جیهانیدا هەڵیانچنیوە؛ ئامادەیە بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو تێچوویەک تەنانەت ئەگەر بە نرخی ناودەرکردنی بە ڕێژیمێکی بارمتەگیر و باجئەستێنیش بێت بەگژی ئەو مەترسییەدا! بچێتەوە.

بەتاوان ناسینی بارمتەگیری هەروەک لە پێڕەوی نێوخۆی دیوانی نێونەتەوەیی سزادان (١٩٩٨)دا کە بە یەکێک لە چەشنەکانی جینایەتی جەنگی دادەنرێ، تەعبیر لە هەستیاری و نیگەرانیی قووڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەنیسبەت ئەو تاوانە دەکەن. هەروەها کۆنڤانسیۆنی بەربەرەکانی لەگەڵ بارمتەگیری (١٩٧٩)ش یەکێک لە گرینگترین بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بەو باسەیە کە وڵاتانی ئەندام ئەرکدار بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و گونجاو بۆ سزادانی بکەرانی ئەو تاوانە دەکا. بەڵام ئەوانە لە سۆنگەی نەرمینواندنەکانی وڵاتانی زلهێزەوە هیچ ڕێگر نەبوون لەوەی کۆماری ئیسلامی بەبارمتەگرتنی هاووڵاتیانی بیانی بوەستێنێ. وەک دەشبینین هەتا پرسی دانوستانەکان دێتە ئاراوە، یان لە شوێنێکی دی و لە هاوکێشەیەکی دیکەدا -کەیسی حەمید نووری بۆ نموونە- کە کۆماری ئیسلامی بەرگژەیەکی بۆ دروست دەبێ، دەمودەست ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی کەیسێکی دەسبەسەرکراوە بیانییەکان دەجووڵێنن و بەوجۆرە خودی کەیسی هاوکێشە گۆڕینەکە بەبارمتە دەگرنەوە.

بارمتەگیرییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە چوارچێوەی بەندکردنی هاووڵاتییەکی بیانیدا و کردنی بە گارتی گوشار لە سەر دانوستانەکان و بۆ ئیمتیازوەرگرتندا قەتیس نابنەوە، بەڵکوو وەک لەو ماوەیە چەند جارێک بینیومانە هێزی دەریایی سپای پاسداران لە ئاوە ئازادەکانی کەنداو و دەریای عوماندا بەردەوام دەستیان بە سەر نەوتهەڵگر و پاپۆڕەکانی بازرگانیی وڵاتاندا داگرتوە. واش نییە کە ئەمە تەنیا سەرەڕۆیی هێزێکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بێت، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا دیپلۆماسیی بارمتەگیری وەک سیاسەتێکی بەبڕشت بۆ ئازادکردنی داراییە دەستبەسەرداگیراوەکانی، وەرگرتنی ئیمتیاز لە وڵاتان و بەردانی ئەو مۆرە و کاراکتەرانەی لەسۆنگەی کاری تێکدەرانە، ئەرکی پێسپێردراوی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەورلێدانی گەمارۆکان لە دەرەوەی سنوورەکانیان گیراون؛ ڕەچاو دەکا. لەو پڕۆژەیەشدا وەزارەتی دەرەوە، دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان وەک تیمێکی کاری بە دابەشکردن و جیاکاریی ئەرکەکانیان هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتری دەجووڵێنەوە. دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیمیش بەردەوام هەوڵی داوە دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ڕێژیم بەوە پاساو بداتەوە کە مادام لە نەبوونی ڕێوشوێنە ستانداردارە حقووقییەکاندا کۆماری ئیسلامی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ماڵییەکانی فرۆشی نەوت و هەناردەکانی دیکەی بێبەش کراوە، ڕێگایەکی دیکە بۆ گەڕاندنەوەی ئە مافە لە بەردەم ڕێژیمدا نامێنێتەوە. بەڵام لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی ڕێوشوێنە قانوونییە نێودەوڵەتییەکان دەفریای ئێران نایەن؟ ئاخۆ جگە لەوەیە کە ئەم دۆخە بەرهەمی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا؟

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروشمی "نە شرقی، نە غەربی" بنەڕەتەکەی لەسەر هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی داندرابوو، هەر لە سەرەتاوە بە پێدانی بیانوو بە عێراق بۆ هێرش بۆ سەر ئێران، ئەم وڵاتەی لە شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵە وەر دا. سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامی لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویی‌دا لەسەر بناخەی بەرژەوەندیی نیشتمانیی خەڵک و وڵاتدا دانەڕێژراوە. چونکی هاریکاریی ئەلقاعیدە و تالیبان، تەیارکردنی حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن بە مووشەک و درۆن، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی سووریە و عێڕاق بەتەواوی لەگەڵ بەرژەوەندیی نیشتمانیی خەڵکی ئێران ناتەبایە. بەتایبەت کە ئەوەی لە چوار دەیەی ڕابردوودا چی قەیران و نەهامەتییە بەرۆکی خەڵکی گرتوە، هەر هەمووی دەرەنجام و لێکەوتەی ئەو سیاسەت و دنیابینییەی ڕێژیمن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پتر سیاسەتی سازان و هەڵکردنی وڵاتانی ڕۆژاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و چاونوقاندنیان لەهەمبەر کەڵەوەکێشی و ملدانیان بۆ باجئەستێنییەکانی ڕێژیمە کە، دەستی دەسەڵاتدارانی تارانی بۆ بەردەوام لە دیپلۆماسیی بارمتەگیری ئاوەڵا کردوە.

پڕدیارە هەتا کۆمەڵگەی جیهانی بەو خوێندنەوەیە و بەو جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بجووڵێتەوە، ڕێژیمیش لەو سیاسەتانەی خۆی هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە




زیندانبەزێنی ئەمجارەی "کوردستان" حەیدەر قوربانی، بەندکراوی سیاسیی پێشووی خەڵکی شاری کامیارانە کە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی لە بەندیخانەی ناوەندی شاری سنەدا دوایی ٥ ساڵ مانەوە لەژێر حوکمی ئیعدام لەسێدارە درا.

حەیدەر قوربانی، تەمەن ٤٧ ساڵ، خەڵکی گوندی "بزوەش" سەر بە شاری کامیاران مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥هەتاوی لەگەڵ ژنبراکەی (مەحموود سادقی) لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر و بەڕێی یەکێک لە گرتنگە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کران. حەیدەر قوربانی لە گرتنگە لەژێر توندترین و بێبەزەییانەترین ئەشکەنجەدا بوو و ڕۆژانە چەندین جار لێکۆڵینەوەی لێ کرا و لێکۆڵەرەکەی بەردەوام هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرد. ئەو دواتر گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە.

حەیدەر قوربانی ڕۆژی یەکشەممە، ١٤ی ڕەزبەر ١٣٩٨ هەتاوی لەلایەن لقی ١ی دادگای تاوانەکانی شاری سنە بە تۆمەتی هارکاری و کارئاسانی بۆ کوشتنی چەند ئەندامی سپای پاسداران لە کامیاران دادگایی کرا و سزای ١١٨ ساڵ و ٦ مانگ بەندکران و لێدانی ٢٠٠ قامچیی بەسەردا سەپێندرا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لە مێدیاکانی خۆی بە ناوی (Press tv)دا کە کاناڵێکی ئینگلیزی زمانە، فیلمێکی لە دانپێدانانی حەیدەر قوربانی بڵاو کردەوە. حەیدەر قوربانی لەژێر گوشاری ڕوحی و ئەشکەنجەی نامرۆڤانە، ناچار بەو دانپێدانانە زۆرەملێیە ببوو و ناچار کرابوو کوشتنی چەند ئەندامی سپای پاسداران وەئەستۆی خۆی بگرێ.

پەروەندەی حەیدەر قوربانی بە بڕیاری سەرۆکی دادگا و لەسەر داوای وەزارەتی ئیتلاعات خرابووە چوارچێوەی نهێنی و بەو هۆیەوە نەخرایە بەردەستی پارێزەری ناوبراو. هاوکات لە دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکەیدا لە لقی ١ی دادگای شۆڕشی شاری سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر "سەعیدی"، بە تۆمەتی "هاوکاری و ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردستانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران" دادگایی کرا و سزای سێدارەی بەسەردا سەپێندرا.

مورتەزا جەوانمەردی، پارێزەری پێشووی ناوبراو ئەوەی پشتڕاست کردبۆوە کە بەپێی یاسا ئەوپەڕی سزا بۆ حەیدەری قوربانی تەنیا بەندکران بوو. ئەو گوتبووی کە "چۆن دەتوانم بەرگری لە حەیدەر قوربانی بکەم کاتێک هیچ چەشنە زانیارییەکی وردم لە پەروەندەکەی نییە. دادگاییکردنی قوربانی بەشێوەی داخراو بەڕێوە چوون، بۆیەش دادگاییکردنی ناوبراو و حوکمەکەی قانوونی نییە". سزای سێدارەی "حەیدەر قوربانی دوای داوای پێداچوونەوە و نارەزایەتیدەربڕینی ناوبراو لەلایەن لقی ٢٧ی دیوانی بەرزی وڵاتەوە لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاویدا وەک خۆی پشتڕاست کرایەوە و پارێزەرەکانی ئەو حوکمەیان بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاند.

بنەماڵەی حەیدەر قوربانی لەم بارەوە ڕایانگەیاند کە بەپێی مادەی ٤٧٧ داوایان لە دیوانی بەرزی ئێران کردبوو کە سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر حەیدەر قوربانیدا، پێچەوانەی شەرع و یاسا بووە و ئەوانیش پەروەندەکەیان بە مەبەستی پێداچوونەوە گەڕاندبۆوە بۆ دادگوستەری شاری سنە. بەڵام دادگوستەریی شاری سنە دەمودەست سزای لەسێدارەدانی حەیدەر قوربانیی بۆ ناوەندی جێبەجێکردنی سزاکان لە شاری کامیاران بەڕێ کردو دواتر بڕیار درا کە بڕیارەکە بۆ بەندیخانەی ناوەندیی سنە بەڕێ بکرێتەوە و سزای ئێعدامکرانەکە لەوێ جێبەجێ بکرێت.

لەگەڵ تۆخبوونەوەی مەترسیی لەداردانی حەیدەر قوربانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بانگەوازێکدا، ڕایگەیاند کە حەیدەر قوربانی، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام کە لە دادگایەکی نایاساییدا محاکەمە کراوە، مەترسیی ئێعدامکرانی لەسەرە و داوای لە بەرپرسی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران کرد دەسبەجێ بڕیاری جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی ئەو بەندییە سیاسییە کوردە ڕابگرن. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەو بانگەوازەدا، ئەوەشی خستبووە ڕوو کە دادگا بەپێچەوانەی یاسا پشتی بە "دانپێدانان" لەژێر ئازار و ئەشکەنجە" و بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی بەستووە، لەکاتێکدا کە ئەو دانپێدانانە زۆرەملێ بووە. ئەو ڕێکخراوە مافی مرۆییە لە درێژەدا، ڕایگەیاندبوو: "بەرپرسی دەسەڵاتی دادوەری دەبێ دەسبەجێ بڕیاری جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی حەیدەر قوربانی ڕابگرێ و وێڕای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدام، دەسپێڕاگەیشتنی ناوبراو بە بەڕێوەچوونی دادگاییکردنی دووبارەی دادپەروەرانە، گەرەنتی بکا."

هاوتەریب لەگەڵ ئەوە کۆمەڵێک لە مامۆستایانی ئایینی سوونەی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە نووسینی نامەیەک بۆ ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکی ئەوکاتی دەزگای داد، داوای ڕاگرتنی سزای ئێعدامی حەیدەر قوربانی و گەڕاندنەوەی پەروەندەی بۆ ناوەندە خاوەنسەڵاحییەتەکانیان کردبوو؛ بەڵام حەسەن قوربانی، برای حەیدەر قوربانی دەڵێ هیچ کات دەنگ و هاواریان نەبیسترا و ئاوڕ لە هیچ کام لە ماف و داواکانیان نەدرایەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەدا بەڵام دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی سەرماوەزی بەندکراوی سیاسیی کورد، حەیدەری قوربانیی لە بەندیخانەی ناوەندی شاری سنەدا بە شێوەی نهێنی لە سێدارە دا. ئەویش لە حاڵێکدا کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی بڕیارنامەی مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان پەسەند کرابوو!

دوای ئێعدامی حەیدەر قوربانی، براکەی (حەسەن) لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند: ئەگەر شەهید "حەیدەر" تا کاتی ئێعدامکردنی لە گۆشەی زینداندا بوو، بەڵام ئەمڕۆ لە دڵی هەر کوردێکی بەشەرەف و خاوەن کەرامەت و ناموسدا جێی گرتووە و هیوای خواست کە خەڵکی کورد ڕێگا و ڕێبازی شەهید "حەیدەر" درێژە پێ بدەن.

**ئا: دیاکۆ دانا**

# کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بەباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان




پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردان بەداخەوە هاوڕێی فیداکار و دڵسۆزی حیزب و پێشمەرگەی گەل و نیشتمان، کاک محەممەد خوداپەنا کە ماوەیەک بوو بە دەست نەخۆشییەوە گیرۆدە ببوو، ماڵاوایی لە کۆڕی هاوڕێ و هاوسەنگەران و ئازیزان و خۆشەویستانی کرد.

کاک محەممەد خوداپەنا لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ و زەحمەتکێش لە شاری ڕەبەت لەدایک بوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و هەستکردن بە زوڵم و زۆری و بێبەشی و ناعەداڵەتی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی کردە شان و لە هێزەکانی گیاڕەنگ، زمزیران، سامرەند و ناوەندی ٢ی کوردستاندا خزمەتی پێشمەرگایەتیی کرد و بە سەداقەتەوە ئەرک و مەئموورییەتەکانی حیزبی بەدڵ و بەگیان بەڕێوە برد.

هاوڕێ محەممەد خوداپەنا کەسێکی لە سەر خۆ و مەند و جێگای متمانە و باوەڕی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بوو، زەحمەت و تێکۆشانی زۆر و کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێی خەبات، بریندار بوونی لە بەرەی شەڕدا ماندوو و بێهیوای نەکرد و بە باوەڕێکی قووڵەوە لە مەیدانی خەباتدا مایەوە و، پاش ٤٣ ساڵ خەباتی بەردەوام و نەپساوە ماڵاوایی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کرد.

ڕێگای خەباتی بەردەوام.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

هەرکات چاو بەمێژووی جووڵانەوەی گەلانی دیکەی ئەو جیهانەدا دەخشێنین و لە ژیانی خەباتکارانیان ورد دەبینەوە، چاومان بە زۆر ئەستێرەی گەشەداری ئاسمانی بێکۆتایی فیداکارانیان دەکەوێ. بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوان چۆن لەپێناو ئازادیی گەلەکەیاندا گیانیان بەخشیوە و وەک مۆم بۆ گەلەکەیان داگیرساون و بە بەخشینی گیانیان ڕووناکییان بە ڕێگای خەبات و تێکۆشان بەخشیوە.

مێژووی خوێناویی کوردیش زۆر شۆڕەسواری مەیدانی خەباتی بە خۆیەوە دیتوە کە مایەی هیوا و سەربەرزی بۆ نەسلەکانی داهاتووی ئەم نیشتمانە و ئەو گۆی زەوییەن. ئەم ڕۆژەش دادێ کە وێنە و کرداریان هەوێنی ئایدیای داتاشینی قەڵافەتی پەیکەرەی گۆڕەپانەکانی شار بێ و نەخش و نیگاری سەرسینگ و بەرۆکی لاوانی داهاتووی وڵات برازێننەوە. یەکێک لەو قارەمانانە کە گیانی بۆ نەتەوەکەی بەخشی و لە گۆشەی "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەدا یادی دەکەینەوە شەهید "برایم ساڵەموقەدەم" لە ناوچەی مەهابادە.

ساڵی ١٣٣٢ لەو سەروبەندە کە دیکتاتۆری بەرەبەرە باڵی بەسەر وڵاتدا دەکێشا و حکوومەتی دوکتور مەسەدیق ڕووخابوو، کۆرپەیەکی خوێن شیرین لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەشاری مەهاباد چاوەگەشەکانی بە ڕووی دنیادا کردەوە و ناوی "برایم"یان لێنا. برایم بەوەخت نێردرایە قوتابخانە و لەبەر ئەوەی قوتابییەکی زیرەک بوو، توانیی هەموو پۆلەکانی خوێندن بە سەرکەوتووی ببڕێ و بڕوانامەی دیپلۆم وەربگرێت. ئەو وێڕای خوێندن لە کاتی بێکارییشدا لە یاریدەدان و هاوکاریی بنەماڵەکەی دەریخی نەدەکرد و شان بە شانی ئەوان کاری دەرکرد. پاشان ڕەوانەی خزمەتی ئیجباریی سەربازی کرا و بە هۆی وشیاری لە کاری خۆیدا وەک ئیستوارێک لە ئەرتەشدا ئەرکی پێ سپێردرا.

لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لەشکری جەهل و نەزانیی بە کوردستان وەرکرد و شەڕێکی نەخوازراویان بەسەر کورددا سەپاند. ڕووداوەکانی ساڵی ٥٨، شەڕی سێ مانگە، کوشتاری زەحمەتکێشان و وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان برایم ساڵەموقەدەمیان ڕاپەڕاند. پاش ئەوەی خومەینی دڵڕەش و کۆنەپەرست فەرمانی جیهادی دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد، کۆمەڵێک ئەفسەر و دەرەجەداری بەهەست و بەئەمەگ و شۆڕشگێڕ ڕوویان لە حیزبی دێموکرات کرد کە برایم ساڵەموقەدەم یەکێک لەوانە بوو.

برایم کوڕێکی ڕوحسووک و پێشمەرگەیەکی بەئیمان بوو. هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکی پێ درابا، وەک چۆن لە زۆربەی نیزیک بە تەواوی مەئمووریەتەکان و شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد بەشداریی چالاکانەی کردبوو، بەوپەڕی نیازپاکی ئەنجامی دەدان. ئەو هێز و توانایی کۆمەڵانی خەڵکی لە تەشکیلات و ئوسوولیبوونی سیاسەتەکانی حیزبدا دەدی. لاوێکی ڕەوشتبەرز بوو. زۆر زوو توانیی جێگای خۆی لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. برایم بەهۆی خۆشەویستی و کاری جوان و تێکۆشانی بێوچان وەک نوینەری کۆنگرەی ٤ هەڵبژێردرا. دوای تەواوبوونی کاروباری کۆنگرەی چوار، لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩ مەئمووریەت بە پێشمەرگەکانی لکی ٣ی هێزی پیشەوا درا بۆ ناوچەکانی پاوە وکامیاران و سنە. بەمجۆرە برایم لە زۆر شەڕی قارەمانانەی ئەو ناوچەیەدا بەشداری کرد و لە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنەدا فیداکاریی زۆری لەخۆی نیشان دا.

قارەمانەتییەکانی برایم وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکراتدا جێی خۆی کردەوە و ئەوی گەیاندە پلەی جێگریی لک و پاشان وەک فەرماندەری لک لە هێزی پێشەوا کاری پێئەسپێردرا. لەو بەرپرسایەتییەدا هەموو وزە و توانایی و پسپۆڕی خۆی بەکار هێنا و هەوڵی دا بە یارمەتیی فەرماندەرانی دیکە و بە لێوەشاوەیی خۆی لکەکەی وەک نموونە بناسێنێ. ئەمجار بە هەستپێکردن بە مەسئوولییەتێکی زۆرترەوە کارەکانی جێبەجێ دەکرد و خۆی زیاتر لە پێشوو ماندوو دەکرد. ئەو کە باوەڕێکی زۆر قووڵی بە ڕێبازی حیزبەکەی هەبوو، عاشق و ئەوینداری حیزبەکەی بوو، ئەوەی لە هەڵسوکەوت و خوو و ڕەوشت و ڕەفتاریدا لەگەڵ خەڵک بەباشی دەردەکەوت. لە بەرەنگاری و بەرگریدا لە شەڕەکانی نێوشاری مەهاباد، جادەی مەهاباد-ورمێ، مەهاباد-پەسوێ، شارویران، گرتنی پادگانی پیرانشار، شەڕی خەلیفەلیان، شەڕەکانی داشکستاندا زۆر لێهاتوو هاتەدەر. برایم بەڕاستی پێشمەرگەیەکی بوێر، ئازا و قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕو کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو.

ناوی برایم ساڵەموقەدەم وێردی سەر زمانی خەڵک بوو. ئەو بە کردەوە سەلماندی کە لەپێناوی دیفاع لە نەتەوەکەیدا لەهیچ چەشنە فیداکارییەک درێغی ناکا. لە مەیدانی شەڕ لە بەرەوڕووبوون لەگەڵ دوژمندا نە جارێک بەڵکوو بە دەیان جار ئەم ڕاستییەی سەلماند کە کوڕێکی ئازا و نەترسە. پێشمەرگەیەکی سادق و شۆڕشگێڕە و لەپێناوی سیاسەتەکانی حیزبدا ئامادەیە گیانی بەخت بکا.

ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٩ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهێزیکی زۆرەوە پەلاماری گوندی "ئیندرقاش" لە ناوچەی مەهابادی دا. هێزەکانی ڕێژیم خەڵکی ئاواییان لە مزگەوتدا کۆ کردەوە و لە جینایەتێکی سامناکدا نزیک بە ٤٠ کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئەو ئاواییەیان کۆمەڵکوژ کرد. کاتێک کوڕانی دێموکرات بەو هەواڵەیان زانی لە دوژمنی داخلەدڵ ڕاپەرین. پاش شەڕێکی قارەمانانە بە سەدان جەندەکی هێزی کۆنەپەرستی لە مەیدانی شەردا بەجێ ما. پێشمەرگە کارێکیان بە هێزی داگیرکەر کرد کە ئێستاش تاڵەواری مەرگ گەروویان ڕێک دەگوشێ. بەڵام هەروەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، قوربانیی هەر دەستکەوتێک و سەرکەوتنێکی ئەوتۆی مەزن خوێنی گەش و گیانی شیرینە. بەداخەوە خوێنبایی ئەم سەرکەوتنەش گیانی برایمی ساڵەموقەدەم بوو.

دوای شەهیدبوونی شەهید برایم، برایەکی بە ناوی عەلی ساڵەموقەدەم چەکی برا تیکۆشەرەکەی دەست دایەوە، کە بەداخەوە ئەویش پاش ساڵ و نیوێک گیانی بەرزی کردە بەختی بارەگای ڕزگاریی نەتەوەکەی.

# دەسەڵاتی یاخی

# لێکەوتەی ئیدئۆلۆژیی ڕەها و سەرەڕۆیە


شۆڕش شاباز

بنەڕەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە هەر سووچێکەوە سەیر بکرێ، نەک هیچ وێکچوویەکی لەگەڵ دەسەڵاتە دێموکراتیکەکانی دنیا نییە، بەڵکوو پێکدژیی ڕەها و بنچینەییشی لەگەڵ ئێلێمانەکانی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی سیاسیی سەردەم هەیە. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی سەرلەبەری یان بەتەواوی دژی بایەخە مرۆیی و دێموکراتیکەکانە، یان ئەگەر خۆ لە خاڵێکیشدا باسێک لە ماف و بەرژەوەندییەکانی "خەڵک" هاتبێتە گۆڕێ، ئەوا "کاربەدەستان" لە مەیدانی کردەوەدا بە هیچ جۆر خۆیان دەروەست بە جێبەجێکردنی نەزانیوە. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژەیەک بە ئەسڵی سێهەمی یاسای بنەڕەتیی ئەو ڕێژیمە بکەین کە ١٦ بەند لە خۆی دەگرێ و لە بەندی ١٤دا باس لە مافی وەکیەک، یەکسانی و دابینکردنی ئەمنییەتی داد بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەکا کە بێگومان ئەگەر کاربەدەستانی ڕێژیم باوەڕیان بەو دەق و نێوەرۆکە هەبا، ئێستا کۆمەڵگەی ئێران تووشی وەها دۆخێکی تراژیدیک نەدەبوو.



**تیۆریی دادپەروەریی ڕاولز لەمەڕ یاسای نەتەوەکان بۆ بناخەدانانی سیستمێکی لیبڕال دێموکراتیک لەسەر بنەمای پەرەدان بە مافەکانی تاک لە هەمبەر سیستمی سیاسی دەوەستێ. ئەو تیۆرییە لەبارەی "دادپەروەریی دابەشکاری" و "پەرەدانی دادپەروەری وەک بنەڕەت" بەدوای دابینبوونی مافەکانی تاک لە قەوارەی سیستمی دێموکراتیکدا دەگەڕێ و یاخیگەری و هەوسارپچڕاویی دەسەڵاتگەلی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەمبەر خەڵکی وڵاتەکەیاندا باشترین دەرکەوتەی باوەڕنەبوونی ئەو سیستمە سیاسییانە بە بنەماکانی دادپەوەریی کۆمەڵایەتیی ڕاولزن.**

ئاشکرایە کاتێک کە باس لە وەکیەکی و یەکسانیی دادپەروەرانە لە دابەشکردنی داهات و سامانی وڵات دێتە گۆڕێ و دابینکردن و جێبەجێکردنەکەی بە پێشمەرجی ڕەوایی دەسەڵات لەلایەن حکوومەتەوە وەک مەرجی نەگۆڕ دادەنرێت؛ ئەمە واتە دەراوێشتەی چەمکی دادپەروەرییە لە نیزامی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر وڵاتێکدا. بەڵام ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدا ناتەبا لەگەڵ هەموو ئەو بایەخە جیهانداگرانەیە و دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران خۆی دەربڕی جیاوازیی ڕوانگەی سیستمی سیاسیی وڵات بۆ مافی خەڵک لە چاو سیستمە سیاسییەکانی دیکەی دنیایە، جیاوازییەک کە دوورکەوتنەوە لە دادپەروەری و یاخیبوون لە بایەخە دێموکراتیکەکان و خۆدزینەوە لە دابینکردن و پاراستنی مافە گشتییەکان، تایبەتمەندییەکی دیاری ئەم ڕێژیمەیە.

"جان ڕاولز" بنەماکانی دادپەروەری لەسەر بنەڕەتی دوو جۆر ئازادی بۆ هەموو هاووڵاتییان دادەڕێژێ: ئازادیی باوەڕ و ئازادیی ڕادەربڕین. ئەو دەرفەتەکانی گەیشتن بە دادپەروەری وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکا و لە بۆچوونەکانیدا باسی "نەتەوە باش پەروەردەکراوەکان" و "مافەکانی خەڵکانی باش" دێنێتە گۆڕێ و بنەماکانی لە چوارچێوەی "گرێبەست و بەرپرسایەتییەکان"دا دادەڕێژێ. داننانی ئەو خواستەش لەلایەن خەڵکەوە بەپێی ئەوە کە ڕێککەوتنەکان" مافی وەکیەک بۆ هەمووان لە بەرچاو دەگرن، بنەڕەتی دادپەروەری لەسەر بناغەی یەکسانیی گشتگیر پێناسە دەکا. بەڵام لە بەرانبەر ئەو خەڵکە باشەدا زۆرجار حکوومەتی یاخی و پێشێلکەری یاساش قوت دەبنەوە کە بە نواندنی هێز و دەکارکردنی زەبروزەنگ دەخوازن بە زەوتکردنی مافی خەڵک و پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننانە، خەڵک و هەمووان ناچار بە ملڕاکێشان بۆ داخوازە ناڕەواکانیان بکەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران نموونەی دیار و زەقی ئەوجۆرە سیستمە سیاسییانە لە پێشێلکردنی مافی خەڵکە، هۆکارەکەشی بۆ داننەنان بە ماف و ئازادییە تاکایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک و خۆفەرزکردنی کاربەدەستانی ڕێژیم وەک ڕێبەرانی خۆهەڵبژاردە! و وەلانانی هەموو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرهێنان و پەروەردەی سەردەمیانەی کۆمەڵ دەگەڕێتەوە.

چەمکی دادپەروەری خۆی ڕەگی لە بارهێنان لە ناخی تاکەکاندا داکوتاوە و باوەڕهەبوون بە دادپەروەری و ملکەچبوون بۆ ئەو بایەخە کۆمەڵایەتییە، بۆ بارهێنانی گشتی لەسەر تەوەری دادپەروەری دەگەڕێتەوە و ئەو پەروەردە و بارهێنانەش لە ڕێگەی سیستمی فێرکاریی ئەو نیزامە سیاسییەوە جێ دەخرێت کە دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستە. ئاست و بڕ و چۆنیەتیی مێتۆدە فێرکاری و جێکەوتنەکانیشی لە کۆمەڵگەدا بەتەواوی گرێدراویی ڕاستەوخۆی بە جۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی سیاسی و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگەوە هەیە. خۆ ئەگەر بەڕێوەبەریی سیاسی و چەقی دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەڵگری توخمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و عەداڵەتتەوەر بن، ئەو کۆمەڵگەیە تووشی دابڕان، هەڵاواردن و نادادپەروەری نایەت.

تیوریی دادپەروەریی ڕاولز لەمەڕ یاسای نەتەوەکان بۆ بناخەدانانی سیستمێکی لیبڕال دێموکراتیک لەسەر بنەمای پەرەدان بە مافەکانی تاک لە هەمبەر سیستمی سیاسی دەوەستێ. ئەو تیۆرییە لەبارەی "دادپەروەریی دابەشکاری" و "پەرەدانی دادپەروەری وەک بنەڕەت" بەدوای دابینبوونی مافەکانی تاک لە قەوارەی سیستمی دێموکراتیکدا دەگەڕێ و یاخیگەری و هەوسارپچڕاویی دەسەڵاتگەلی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆرەی باکوور لە هەمبەر خەڵکی وڵاتەکەیاندا باشترین دەرکەوتەی باوەڕنەبوونی ئەو سیستمە سیاسییانە بە بنەماکانی دادپەوەریی کۆمەڵایەتیی ڕاولزن.

فاکت و بەڵگە بۆ سەرەڕۆیی و یاخیبوونی سیستمی دەسەڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆرن. ئەو یاخیبوونە هەم لە نێوخۆی وڵات سەرکوت و زەبروزەنگی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێشێلکردنی ڕێوشوێنە جیهانییەکان و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەی بەدوودا دێت. بۆ نموونە خاوەندارێتیی کۆماری ئیسلامی لە میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان بۆ گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچە لە بەرژەوەندیی خۆی و تێکدانی نەزمی نێودەوڵەتی خۆی وێنای لاساری و یاخیبوونی ڕێژیم لە ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو یاخیبوونەدا ئەوەندە چۆتە پێشێ کە تەنانەت پێناسەکانی تیۆریی نوام چامسکی لەبارەی دەوڵەتی یاخییشی تێپەڕاندوە.

باسەکەی جان ڕاولز لەپێوەندی لەگەڵ تیوریی دادپەروەریدا کە بەشێکی ئەو لەبارەی دادپەوەریی دابەشکردنە، پتر لایەنی ڕەچاوکرانی ماف و بەرژەوەندییەکانی تاک ئەویش لە سیستمی لیبڕاڵ دێموکراتی مەبەستە. ڕوونە کە بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی لە سیستمەکانی لیبڕال دێموکراتدا لەچاو ئێران هێندەی ئاسمان و زەوییان مەودایە. بەڵام باسی گشتگیریی دادپەروەری و بڵاوکردنەوە و پەرەدانی لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەدا پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دابەشینی دادپەروەرانەی داهات و مافی هاووڵاتیبوون هەیە. جان ڕاوڵز لە تیوریی دادپەروەریدا تەوەرەکانی پێوەری تاک لە گشتاندنی دادپەروەری لە کۆمەڵگە بۆ گەیشتن بە داخوازەکانی دەستنیشا دەکا و مەسەلەی دابینبوونی بژیو و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان لە دەرەوەی مافەکانی تاک دادەنێ و پێی وایە کە دەستەبەرکردنی بژیوی ڕۆژانە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان کەمترینی ئەو خزمەتگوزارییانەن کە هەر سیستمێکی سیاسی دەبێ بۆ خەڵک خۆی دابین بکات. بەڵام لە بەیەکگرتنی ئەو تیۆرییە لەگەڵ دۆخی ئێراندا دەبینین کە دەسەڵات لەم وڵاتەدا چۆن لە خەڵکەکەی یاخی بووە و چەندە نادادپەروەری لە سۆنگەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەوە لە کۆمەڵگە بنجی داکوتاوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری سەرەڕای زۆری و زەوەندیی سەرچاوەکانی دابینکردنی خۆراک بەڵام وەک کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئازوقە و بژیوی ژیانی سنووردار کرد. ئەم ڕەوتە لە باسی "کۆپێن"ەوە بگرە هەتا "یارانە" لەلایەک پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافی تاکەکانی کۆمەڵگە و لەلایەکی دیکە شکاندنی کەسایەتی و بێڕێزی بە کەرامەتی خەڵک بووە.

یاخیبوونی یەک بە یەکی کاربەدەستان لەو سیستمەدا بەنیسبەت بەرپرسایەتییەک کە لە کۆمەڵگەدا هەیانە، لە سنووری سەرەڕۆیی تێپەڕیوە و بۆ ئەوەش هەر ئەوەندە بەسە سەیری قسەکردن و زارهەڵپچڕانی بەرپرسانی ڕێژیم بکەین کە بێ هیچ پارێز و ڕەچاوکردنێک سووکایەتییان لێ دەبارێت. ناشکرێ پێناسەیەکی تایبەت و گشتییش لە جۆری ڕوانین و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە چوارچێوەی ئەخلاق و بەها ئایینیەکان بەدەستەوە بدەین، چونکی جۆر و ڕەگەزی تێهزرینی چەقبەستووی ڕێبەرانی ڕێژیم ڕەنگبێ بە بایەخە ئایینیەکان ڕەنگرێژ کرابێ؛ بەڵام بە سەرنجدان بە زۆر فێرکاری و پەروەردەی ئایینی دەبینین کە ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیم بێنێوەرۆک و لە دەرەوەی بازنەی هەرچەشنە ئەخلاقێکی ئایینیشە. ئەوەی لە ئێران ڕوو دەکا کەڵکاژۆیی لە ئایین و سەنگەرگرتن لە پشتی ئایینیشە تا ئەو جێگەیەی هەژاری و بێئەنوایی لە سۆنگەی سیاسەتی ڕێبەرانی ڕێژیم ئەوەندە ڕەگ دابکوتێ و پەل باوێ کە ئاسەوارێکیش لە توێژی نێونجیی کۆمەڵگە نەمێنێتەوە.

یاخیبوون، سەرەڕۆیی و سنووربەزاندنی ڕەهای سیستم بە نیسبەت کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی سەرەڕای هەموو خەسارەکان گەندڵیی سیستماتیکی لێ کەوتۆتەوە، گەندەڵی تا ئەو ڕادەیە کە سەرلەبەری ئەو ڕێژیمە دابگرێت. سیستمی سیاسیی ئێران بەهۆی بێباوەڕبوونی بە جێگەی و پێگەی مرۆڤایەتی و ستاندارد و مەنشووری مافی مرۆڤ وەک تۆمۆرێکی شێرپەنجە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەی ئێرانی بەبارمتە گرتوە. سروشتی و ڕوون و ئاشکرایە کاتێک بەشی هەرەزۆری داهات و سامانی گشتیی وڵات بۆ تەیارکردنی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان بە مەبەستی نانەوەی کێشە و ناسەقامگیری لە ناوچەدا خەرج دەکرێ، ڕێژیم دەست دەباتە نێو سفرەی خەڵک و خوانی خەڵک هەتا دێ چووک و چووکەتر دەبێتەوە.

ئەوەی بۆ ئەو ڕێژیمە گرینگە تەنیا و تەنیا مانەوەی لە دەسەڵاتدایە و لەو پێناوەشدا هیچ سنوورێکی ئەخلاقی ناناسێت، لە پێشێلکردنی ماف و کەرامەتی مرۆڤەکانەوە هەتا سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە خواردن و بژیوی سەرەکیی ژیان. ئەم ڕێژیمە بژیوی خۆی لە بێهێزکردنی خەڵک و قوتدانی هەموو پێداویستییەکانی خەڵک وەردەگرێ و یاخیگەری و تەماحەکەشی هیچ سنوورێک ناناسێت.

کوردستان
ژمارە: ٨٢٥
٣١ی جۆزەردانی ١٤٠١ _ ٢١ ژوئەنی ٢٠٢٢

# دەستە شاراوەکانی
# پشتی پەردەی فەوتاندنی دارستانەکانی زاگرۆس

شەهرام موسڵچی/ وەرگێڕان لە فارسییەوە: ڕەزە شنۆیی

بە هۆی ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و لەوەڕگەکان، ڕەنگە هەندێک وای مەزندە بکەن کە هۆی سەرەکیی سووتان و لەنێوچوونی ژینگە تەنیا گەرمایە و ئەم ڕووداوانە هەر لە وەرزە گەرمەکانی ساڵدا ڕوو دەدەن. هەروەها پێیان وابێت کە سەرچاوە سرووشتییەکان لە وەرزەکانی دیکەی ساڵدا هیچ مەترسییەکیان لەسەر نییە! بەڵام ڕاستییەکان لەوە بەولاوەترن.

لە پەنای نەبوونی چاودێری و پێڕاگەیشتن بە دارستانەکان و کێشەی ئاگرکەوتنەوە یەک لە دوای یەکەکان لە دارستانەکانی زاگرۆسدا، وشککردنی بنجی دارەکان و زەرەرگەیاندن بە ئێکۆسیستم بۆ یەک چرکەش ڕانەوەستاوە. لەم ساڵانەی دواییشدا سووتاندنی داربەڕووەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕەژوو و ئەو پرسەی پێی دەگوترێ قاچاغی لە ڕادەبەدەری دار، بەخێراییەکی زۆرتر بەرچاو دەکەوێ.

### وێرانیی ژینگە

ماوەیەکی زۆرە ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری ژینگەدا چالاکن، وێنەی دڵتەزێن لە فەوتانی دارستانەکان، بڕینی داربەڕووەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕەژوو ئەویش بۆ برژاندنی کەباب! لە شارە بچووک و گەورەکان بڵاو دەکەنەوە.

بەپێی زانیارییەکانی "سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان" زۆربەی کەیسەکانی بڕین و قاچاغی دار خەڵکی ناوچەکەی لە پشتە و دارە بڕدراوەکان بە ئۆتۆمبێلە بچوکەکان دەگواسترێنەوە بۆ ناوەندەکانی کڕینی دار کە لە شارە زۆر بچوکەکانیشدا هەن و لەوێشەوە لە شەودا و لە کاتی غەیری ئیداریدا بۆ کارخانە و شارە گەورەکان بەڕێ دەکرێن.

ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی وەک "ئەنجومەنی سەوزی چیا"ی مەریوان تا ئێستا چەندین جار خەڵک و دەسەڵاتیان لەبارەی بارودۆخی قەیراناویی دارستانەکان وریا کردۆتەوە و ڕایانگەیاندوە کە تێکدانی بەربڵاوی دارستانەکان و فەوتانی ژینگەی کوردستان لە ئاستی کارەساتیش تێپەڕیوە. لەم ساڵانەشدا ژمارەیەک لە ڕێکخراوە ژینگەییەکان باسیان لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هەندێک تاقم و لایەنی حکوومەتی کردوە کە لە سۆنگەی هێز و دەسەڵاتیان و، دەستڕۆیشتوویيان ڕۆڵی بنەڕەتییان لە تێکدانی ژینگەدا هەبووە. بەڵام تا ئێستا بۆ بەرگرتن بەم بارودۆخە نەک هەر هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی نەنراوە، بەڵکوو بە توندترکردنەوەی زۆرتری بازنەی ئەمنیی "جەنگەڵبانی" و دانانی سنووری ئەمنییەتی لە هەمبەر چالاکیی ڕێکخراوە ژینگەییەکان بۆ پارێزگاری لە دارستانەکانی زاگرۆس، بڕین و قاچاغی دار و گواستنەوەی لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلە بچووک و لۆرییەکانەوە بووەتە دیاردەیەکی ئاشنا و ئاسایی ڕۆژانە بۆ خەڵکی ئەم دەڤەرە.

بەرپرسانی سەرچاوە سروشتییەکانی پارێزگاکانی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام گوتویانە کە هەبوونی گوشار لەسەر دارستان و باخەکانی ناوچەکە بە هۆی گەڵاڵەی "هەناسەدانی دارستانەکانی باکوور"ەوەیە. بەڵام چالاکانی ژینگەیی ئاماژە بە هێندێک هۆی دیکەی وەک: گۆڕانی شێوەی بەکارهێنان، زەویخۆری، پەرەسەندنی هەژاری بە هۆی کێشە ئابورییەکان و ناکارامەیی و جێبەجێنەکرانی یاساکان، دەکەن. چالاکانی ژینگەیی پێیان وایە بەهۆی کەمتەرخەمییەکان، خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان و وەڵامنەدانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بابەتی بچووککردنەوەی دارستانەکان و بڕین و قاچاغی دار بە ڕێژەیەکی بەرفراوان لەلایان ئەو کەسانەی دڵنیان، یاسایەکی ئەوتۆ بۆ سزادانیان نییە، هەروا درێژەی دەبێت.

### ئامانجە شاراوەکانی پشتی تێکدانی دارستانەکان

دارستانەکان بە یەکێک لە گرینگترین شوێنەکانی پاشەکەوتە سرووشتییەکان لە ئێراندا دادەنرێن کە بە خێراییەکی زۆر بەرەو نەمان دەبرێن. دارستانەکانی بەڕووی زاگرۆس وێڕای ئەوەی بە هۆی سووتاندن، بڕین و قاچاغی دارەوە زەرەرێکی زۆریان پێ دەگات، ساڵانە بەشێکی زۆر لە ڕووبەرەکەی لە ئاکامی ئاگرکەوتنەوەی بەئەنقەست، دروستکردنی ڕێگاوبان، سازکردنی خانوو، پرۆژەکانی کشتوکاڵ، لەوەڕاندنی لە ڕادەبەدەری ماڵات، هێرشی کرمی چرۆخۆر و جۆرەکانی ئەنگەلی هێرشبەر دەفەوتێ. ئامار و بەدواداچوونەکان دەڵێن لە٧٠ ساڵی ڕابردوودا ٧ میلیۆن هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس فەوتان و لە ئێستادا تەنیا ٥ میلیۆن هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس ماوەتەوە. هەروەها سەتا ٩٠ی ئاگرکەوتنەوەکان هۆکاری مرۆیی (دەستی بەئانقەست یان نائانقەست)یان لە پشتە. شانبەشانی ئەوە هۆکاری مرۆیی لە بەشی دروستکردنی وێلا، ڕاکێشانی ڕێگاوبان، قاچاغی دار و خاکیشدا ڕۆڵ و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر لەنێوچوونی دارستان و لەوەڕگەکان هەبووە.

چالاکانی ژینگەیی کوردستان دەڵێن بڕینی دارەکان هۆی جۆراوجۆری هەیە، هەندێک جار لە نەبوونی پەروەردەی دروست و فەرهەنگسازی شیاودا کەڵک وەرگرتن لە دارستانەکان دەبن بە بەرژەوەندیی تاکەکەسی. هەندێک جاریش دوای هەڵگرتنی ڕەژوو بۆ فرۆشتن یان بەکارهێنان دەکەونە دەست خاوەنی خانووەکانی نێو باخ و وێلاکان کە لە سۆنگەی نەبوونی یاسا و بێ سەرەوبەریی ئیداریدا هاتوونەتە بەرهەم. ئەوان دەڵێن لە زۆربەی بابەتەکانی تێکدان و بڕینی دارەکانی دارستان، ڕێوشوێنێکی قانوونی بۆ پاساوهێنانەوە لەمەڕ زەویخۆری دەبینرێتەوە، بە شێوەیەک کە دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک لە بڕینی دارەکان و کێڵانە وەرزییەکان، ئەم زەوییە بێ پۆشپە ڕووەکییانە، ڕێگا بۆ هێندێک ئیدارەی وەک سەرچاوە سروشتییەکان و وەزارەتی کشتوکاڵ خۆش دەکەن بۆ ئەوەی داوای ئەم زەوییانە بکەن بۆ هێندێک گەڵاڵەی بە ناو باخەوانی! هەندێک جاریش بیندراوە کە ئەو بڕیارانە تەنیا بۆ فشارهێنان و بە ئامانجی تۆڵەکردنەوە لە کەسانێکی دیاریکراو، یان چالاکانی ژینگەیی دراون: لەم ساڵانەدا کەسانێکی وەک ڕاوچییەکان و داگیرکەرانی زەوی کە لەلایەن چالاکانی ژینگەوە بەربەست لە بەردەم گەیشتن بە تەماحە پڕنەبووەکانیان دروست کراوە، دێن بە سووتاندن و زیانگەیاندن بە ژینگە داخی ڕقی کوێری خۆیان دادەمرکێنن.

ژینگەپارێزان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان دەڵێن کە داگیرکەرانی زەوی و تێکدەرانی ژینگە کەسانێکی دەستڕۆیشتووی دەزگا ئیداری و ناوەندە ئەمنییەتییەکانن و لە سایەی هەبوونی (ڕانت) دا و بە نیشاندانی گڵۆپی سەوز و تەنانەت ڕێنوێنیی پێویست لەمەڕ چۆنیەتیی بەزاندنی ڕێوشوێنە یاساییەکان لە تێکدانی سەرچاوە سروشتییەکان و دەستبەسەرداگرتنی زەوییە سووتاوەکان بەردەوامن.

بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنی سەوزی چیا باس لە دیاردەیەکی دیکەش دەکەن. ئەوان دەڵێن لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەتایبەت لە ناوچەکانی مەریوان و سەوڵاوا بە هۆی گرانبوونی بایی ترێی ڕەش، دارستانە سرووشتییەکان تێک دەدرێن و دەکرێن بە ڕەز. لەلایەکی دیکەشەوە دوای پێدانی پشوویەکی ١٠ ساڵە بە دارستانەکانی باکوور، هەلپەرستان ڕوویان کردۆتە دارستانەکانی زاگرۆس، بەتایبەت مەریوان و سەوڵاوا و تەنانەت لەو ناوچانە جۆرێک بازرگانی لە بواری دانان و دروستکردنی خانووە وێلاییەکان سەری هەڵداوە.

بڕینی داربەڕووەکان، سوتاندنیان بۆ ڕەژوو یان بەرێکردنیان لە مەریوانەوە بۆ پارێزگاکانی دەوروبەر وەک هەمەدان و ورمێ و هەندێک ناوچەی دیکەی ئێران بۆ پیشەسازیی مۆبڵ و کارە دارینەکان و کردنی ناوچە دارستانییەکان بە شوێنی نیشتەجێبوون و لە ئاستێکی بەربڵاوتردا تێکدان و هەڵکەندنی بناغەی دارستانەکان بە مەبەستی دروستکردنی ڕەز (ترێی ڕەش) بە گرینگترین مەبەستەکانی نەهێشتنی دارستانەکانی کوردستان ڕیز کراون. ئامارە حکوومییەکان دەڵێن جاران کە شاری مەریوان ٢٧٠٠ هێکتار باخی ترێی هەبوو، بە زیادکردنی ٣٠٠ هێکتار ڕەزی نوێ بە باخاتی ئەو شارە ئێستا ٣٠٠٠ هێکتار ڕەز لەو ناوچەیە هەن. چالاکانی ژینگەیی دەڵێن لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم پرۆژانەی بەرفراوانکردنی باخەکانی ترێ بەنرخی تێکدانی دارستانەکان بە پاڵپشتیی جەهادی کشاوەرزی کراون. هەروەها نەبوونی نەبوونی لقی ژینگەیی لە دادگاکانی پارێزگادا دۆخێکی وای دروست کردوە کە ڕێگا بۆ تێکدەران وەها ئاوەڵا بێت کە بەبێ هیچ شەرم و حەیایەک و بە ڕۆژی ڕووناک بە مشاری کارەبایی و ئامرازگەلی پێشکەوتوو بەربنە گیانی دارستانەکان.

ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەچاو قۆناغەکانی پێشوو لە ئێستادا ١٥٠٠ حاڵەتی کردەوەی تێکدەرانە لە دارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا تۆمار کراون کە کێشە ئابوورییەکان، هەژاری و بێکاریی بەربڵاوی دانیشتووان و هەروەها بوونی زۆر ڕێگای لاوەکی کە شوێنی بارستاییەکی بەرچاو لە داری قاچاغە، ئەو ڕەوتەی خێراتر و زیاتر کردوە.

### سپای پاسداران و مافیای دارستان

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چ کەس و لایەنێک لە پشت ئەم باسەن کە تا ئێستا سەرەڕای بەدواداچوون و هەوڵی ڕێکخراوە ژینگەییەکان، ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی بڕین و قاچاغی دار لە کوردستان نەگەیشتۆتە هیچ ئاکامێک؟

چالاکانی مەدەنی دەڵێن دوابڕیاری پەروەندەی تاوانکاری و لادانەکان لە پێوەندی لەگەڵ تێکدانی ژینگە لە دادگاکاندا بە شێوەگەلی جیاوازی نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، هەڕەشە لە چالاکانی مەدەنی و پێدانی بەرتیل بە بەرپرسە ئیداری و قەزاییەکان، لە دادگاکانی پێداچوونەوەدا لە بەرژەوەندیی تاوانباراندا دراون. بە واتایەکی دی ئەوانەی ئاگر لە دارستانەکان بەردەدەن، ئەوانەی دارستانەکان دەکەن بە زەویی سووتاو بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون و ئەوانەی بازرگانی بە داربەڕووی دارستانەکان دەکەن، ئەوانن هەمیشە براوەی دادگاکانن. ئەوان دەڵێن بە دیاریکراوی لە نەبوونی یاسای بەرگیرەوە و ئیرادەی بەرەنگارخوازانەدا، سپای پاسداران بە پشتیوانی زۆرینەی ئەم جۆرە خەڵکە ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە پەرەسەندنی فەوتانی دارستانەکانی زاگرۆس هەبووە هەیە.

لەو نێوەدا تەنیا دڵخۆشی، هەستیاریی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری خەڵک و ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکانە. ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەم ساڵانەدا بە بەڕێوەبردنی کۆرسی فێرکاری و چاپ و بڵاوکردنەوەی نامیلکە، پۆستێر و بڵاوکردنەوەی نامە لە گوندەکان، بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە یەک لە دوای یەکەکان لەگەڵ بەرپرسان، چاندنی نەمام و خاوێنکردنەوەی سروشت، دروستکردنی دێکیۆمینتی زۆر لەسەر تێکدانی دارستانەکان و بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجی زیاتر بۆ سەر ئەم قەیرانە، ڕۆڵی بەرچاویان لە وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیدا هەبووە. بەڵام بارستایی زیان و خەسارەکان، کەمتەرخەمیی ناوەندە بەرپرسیارەکان و ڕووهەڵماڵاویی تێکدەرانی ژینگە ئەوەندە زۆر و بەرچاوە کە ئەنجومەنە ژینگەییەکان بەتەنیایی ناتوانن پێش بەو لافاوە بگرن. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئەم ئەنجومەنانە لە پێناو پاراستنی ژینگەدا زۆر ڕۆڵەی بەوەج و ئەندامیان وەک شەهیدان شەریف باجوەر، ئومێد کۆنەپۆشی و موختار خەندانی و... دا گیانیان بەخت کردوە. بەڵام لەوبەر وەک چالاکانی ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکان دەڵێن لەلایەک ناوەندە ئەمنییەتییەکان بە چالاکییەکانیان حەسساسن و پەروەندەی ئەمنیەتی لەدژیان دروست دەکەن، لەلایەکی دیکەش دیدار و کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ بەرپرسان و وریاکردنەوەی بەردەوامیان لە پرۆسەی تێکدانی سروشت و ژینگە و خەسارەکانی ئەم دەستدرێژییانە هەرگیز نەگەیشتوونەتە ئەنجامێکی ڕوون.



دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## هەموو کێشەیەک
## بە "فوو" چارەسەر دەکرێت

ئۆ ڕەببی بە خاتری ئەو شێخ و مەشایەخانەی من و تۆی ناوریا هیوامان پێیانە، دۆخەکە لەمە باشتر بێت. هێندەی خێزی لە بەستێنی ڕووباران و گەڵای لە داران، سەلام و سەڵەوات بۆ ئەو شێخ و مەشایەخانەی بە هەناسەی پاکیانەوە فوو بە کێشەی دەروێشانی سینەچاک و ڕەخشکێش و زەرگوەشێن و ئاگرخۆری موشتاقی خۆیاندا دەکەن.

کوا بە زمانی لاڵ و لەگۆکەوتووی ئێمەمانان تاریفات و مەدح و سەنای ئەو پیاوچاکانە تەواو دەکرێت؟ ئەوەی ئێمەی برسی و دژوین و نەزان و کەم وزە سەبارەت بەو گەورەپیاوانە دەیلێین، لە چاو توانای ئەوان تەنیا تۆزقاڵێکە.

هیچ پێویست ناکات بۆ دۆزینەوەی پیاوچاک و ودمبەدەست و کەرامەتداران بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە و بەدوای چیرۆک و ئەفساناندا بخولێینەوە. هەر دوور نەڕۆین ئەوەتا لە بنەوپاڵی خۆمان پەرجۆی وا دەبیین ژن و پیاو سەریان سوڕ دەمێنێت و هیچ بەدوور نییە لە حەژمەتان هەموومان ڕەقهەڵێین و ببینە بەردیش.

لەم سەروبەندەی دواییدا سەرداری سەرداران "ڕەحیم سەفەوی" یەکێک لە فەماندەرانی سوپای پاسداران، لە کاتی وانەگوتنەوە لە زانکۆی ئەفسەرانی ئەم سوپایەدا، بەسەرهاتێکی خۆشی لەگەڵ ڕێبەری ئینقلابی هەمیشە ئیسلامی (ئەرواحونا لەهولفیدا) بۆ ئەفسەرانی قوتابیی زانکۆکە دەگێڕێتەوە و هەموویان سەریان لەم بەسەرهاتە سووڕ دەمێنێت. ئاغای سەفەوی، باس لە نەوەیەکی خۆی دەکات و "دەڵێت نەوەکەم تووشی زەردوویی بوو و دوکتوران لە چارسەرکردنی دامابوون. ڕۆژێک لە خزمەت ڕێبەری موعەززەمی ئینقلاب نوێژمان دەکرد. دوای نوێژکردن جەنابیان فووی بەسەر قەندانێک قەنددا کرد و دوعای بەسەردا خوێند و ئێمە حازریان قەندەکانمان بەسەر خۆماندا دابەش کرد و لە ماڵەوە نەوەکەم بە خواردنی یەکێک لەم قەندانە وەک گوێزی ساغی لێهاتەوە."

دوای ئەوەی سەردار سەفەوی بە ئەمانەتەوە ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە، ئێمەی مورید و خاکی بەر دەرگای ڕێبەری موعەزەم بەردەوام شتێک دڵمان ختۆکە دەدات و ئێستا دەیکەین بە دوعا و نزا و پاڕانەوە لە خزمەت جەنابیان. جا هیوادارین گوێ بداتە نزای ئێمە و بە مەرامی جۆراوجۆر فوو بە قەند و زۆر شتی دیکەدا بکات.

بەم هیوایە کاربەدەستان و مەقاماتی لەشکەری و کشوەری، فێرگە و زانکۆیان جێ بهێڵن و بەگوێرەی پێویست فەردە قەندی ورد لە بەرماڵی جەنابیان ڕیز بکەن و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک قەندانانی لێ پڕ بکەن و داوا لە جەنابیان بکەن ڕۆژانە بە بەردەوامی فوو بە چەند قەندانە قەندێکدا بکات. دوای ئەوەی جەنابیان فووی بە قەندەکاندا کرد، بەردەستان و خادمانی جەنابیان قەندە فووپێداکراوەکان بە دنیادا بڵاو بکەنەوە. دوای ئەمە هەموو گرووپ و ڕێکخراوی نێو بەرەی مقاومەت لە لوبنان و سووریە و عێراق و یەمەنەوە هەتا دەگاتە ئەفغانستان ڕابسپێرن قەندی فوو پێداکراو بەرەو شوێنی خۆیان بگوازنەوە و بەسیجیانی جانبەرکەفی نێوخۆش بەشێک لەم قەندانە بە هەموو کەلێن و قوژبنی وڵاتدا بڵاوبکەنەوە بەم جۆرەی خوارەوە ئاکامەکەی ببینەوە:

١- لە سووریە و لوبنانەوە چەند کڵۆقەندێک بۆ لە نێوبردنی ئیسرائیل بەسە و ئێتر پێویست ناکات کڵۆقەندی فووپێداکراو بۆ تەقاندنەوەی ئەو مووشەکانەی ئیسرائیل لە سووریەیان دەدات و ئەو سێخوڕانەی لەنێو ئێران پیاوانی جەنابیانی پێ دەکووژن، خەسار بکرێن.

٢- با چەند کڵۆ قەندیش بۆ لەنێوبردنی وەهابیانی سعوودی تەرخان بکرێت، ئەوکات نەک هەر یەمەن، بەڵکوو هەموو ناوچە لە دەست ئالی سەعوود ڕزگاری دەبێت و ئەمریکاش دەستی لە کەنداوی هەمیشە فارس کورت دەبێتەوە. جا ئەوکات کەنداو زمانی عەرەبیی لەبیر دەچێتەوە و بەتەواوی دەگەڕێتەوە سەر زمانی فارسی.

٣- لە سەردەمی مەرحووم شا ئیسماعیلی سەفەویدا دوای ئەوەی سەرچاوەی ئاوی قەڵای دمدم دۆزرایەوە و ئاوی نێو قەڵاکەیان بڕی، خانی لەپزێڕن و سەرهەڵداوانی نێو قەڵاکە خۆیان بەدەستەوە دا. بەم ئەزموونەوە وا باشە قەندێکی زۆر بکرێتە نێو سەرچاوەی ئاوی کوردان لە هەر چوارپارچەی کوردستان و وابکرێت هەموویان یەکجێ زمانی کوردییان لەبیر بچێتەوە و واز لە تورکییش بهێنن و بە فارسی بە پلاتفۆڕمی یەکپارچەیی ئێرانەوە بنوسێن و ئۆپۆزسیونی فارسی ئێرانیش سەرئێشەی تەجزیەتەڵەبانی لەکۆڵ بێتەوە. ئەوکات پێویست نابێت داوا لە ئەفسەرانی وڵاتانیتریش بکەن بە مووشەکی "نوقتەزەن" قەڵای دێموکراتیان بۆ بنگێون.

ئەگەر ژمارەی ئەم چاوەڕوانیانە لە قەندی فووپێداکراو زیاد بکەین، بۆ چاپکردنی چەند مەن کاغەزمان دەوێت و هەتا کۆشکی سپیش دەکەینە حوسێنییە ئەم چیرۆکە هەر درێژ دەبێتەوە. بەڵام چەند کارێکی بەپەلە بۆ نێوخۆی ئێران پێویستن و تەنیا بە تەرخانکردنی چەند کڵۆقەندێک زۆر کێشەی بنەڕەتی چارەسەر دەکرێن. ئەگەر سەرەتا دوو سێ قەندانی پڕ لە قەند بە فووی جەنابیانەوە لە کارگەکانی ئێران بڵاو بکرێنەوە و پێداویستیی ئەم کارگەیانە لە زەوی دەربقوڵێت و چەند کڵۆقەندێکیش ڕووباران وەخۆ بخەن و بەنداوی ئێران پڕببنەوە، تەنیا یەک دوو کڵۆش بۆ داخستنی پێشەوەی مانتۆی "ڕووباز"ی ژنانی سنگپانی گەرنکێڵ لە سەرانسەری ئێران تێچوویەکی زۆر نییە.

داوای لە هەموویان بەپەلەتر ئەمەیە نەک هەر قەندانێک و چەند قەندان، بەڵکوو با تەرخانکردنی فەردیەک قەندی فووبەسەرداکراویش بۆ دابەزانەندنی نرخی دۆلاری ئەمریکای جیهانخۆر و گەڕاندنەوەی نرخی دۆلارێک بۆ حەوت تومەنی جاران پەلەی لێ بکرێت، بەڵکوو خەڵکیش چی دیکە بە ڕەزا کەچەڵ نەڵێن ڕوحی شاد.

# لێواری هەڵدێر و بەرجامی بێ‌ئەنجام

## (ئابووریی تێکتەپیو، گەندەڵی سیستماتیک، داڕمان لە نێوخۆ، کەلێنی چینایەتی، پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان)



ڕەزا دانشجوو

**دەروازە**

لە ڕێبەندانی ١٣٩٧دا کاتێک عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامی بەبۆنەی چلەمین ساڵرۆژی شۆڕشی زەوتکراوی خەڵکی ئێران، باسی لە قۆناغێکی نوێی ژیانەوەی سیاسی ڕێژیمەکەی لەژێر ناوی "هەنگاوی دووهەمی شۆڕش" دەکرد و ناردنی بیر و ئامانج و ڕێبازی کۆماری ئیسلامی بۆ وڵاتانی دەرەوەی وەک ئەرکی نوێ بۆ بەڕێوبەرانی ڕێژیمەکەی دادەنا، هەرگیز چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد، دەیەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامی ئاوەها تووشی ئاڵۆزی و شپرۆشپێوی ببێتەوە. ئەوکاتەی ڕێبەری ڕێژیم خەونی بە پەرەسەندنی دەسەڵاتداریێتی ولایەتی فەقیهەوە دەبینی؛ بوومەلەرزەیەکی ماڵوێرانکەر بە ڕێگەوە بوو، بوومەلەرزەیەک هەژان و ڕاتڵەکانی زۆرەوە.

لەپاش نەرمی‌نواندنە قارەمانانەکە! و ئەو کارەساتەی بەهۆی چوونەدەرەوەی دوناڵد ترامپ لە بەرجام هاتە ئارا و بەوەش بەرجام بەبێ ئەنجام مایەوە، ئەوانەی لە ڕێبەرییەوە نزیکتر بوون هیچیان باوەڕیان نەدەکرد جارێکی دیکە خامنەیی بیر لە خواردنەوەی پیاڵەی ژەهر و وتوویژ لەگەڵ ڕۆژاوا و بووژانەوەی بەرجام بکاتەوە. بەڵام بەڕاستی چی قەوما؟ چی ڕووی دا کە لەپاش سەرنەگرتنی بەرجام و ئەو هەموو گەمارۆ گورچکبڕانەی خرانە سەر ئێران، خامنەیی سەرەڕای چەندپاتەی ئەو قسەیە کە "ئەمن هەر لە سەرەتاشەوە هیچ متمانەیەکم بە ئامریکا و ڕۆژاوا نەبوو و تەنیا لەبەر پێداگرییەکانی دەوڵەت ئیزنی وتوویژم پێدان"، دیسانەوە ئامادە بۆوە وتوویژ لەگەڵ شەیتانی گەورەدا بکات؟ بەدڵنیاییەوە دەوڵەتی ئێستا کە هەڵبژاردە و دەسنیشانکراوی خۆیەتی و بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتی پێشوو کەمترین دەسەڵاتی پێدراوە و هیچ دەستێخستنێکی لە بڕیارەکەی ڕێبەریدا نییە، یان باشتر وایە بڵێین وەکوو خۆیشی حەزی لە وتوویژ و بووژانەوەی بەرجام نییە. ئێ ئەگەر وایە مەبەست لە بووژانەوەی بەرجام، جیا لە بەئەنجام گەیشتن یان نەگەیشتنی دەتوانێ چی بێت؟

بۆ دۆزینەوەی چۆن‌وچییەتی ئەم بابەتە و وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە باشترە هەڵسەنگاندێکمان هەبێت لە بارودۆخی ئێستای ئێران و ڕەوشی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی پێنجەمی تەمەنی خۆیدا.

### ئابووریی تێکتەپیو و گەندەڵیی سیستەماتیک

کۆماری ئیسلامی بە وادە و بەڵێنی ئاو و کارەبای بەخۆڕایی و دابینکردنی خانوو بۆ هەمووان هاتە پێش، بەڵام لەسایەی تیۆریی " ئابووری هی کەرانە " زۆر زوو خەونی خەڵکی دڵنەرم و گەشبین بە ئاکارەکانی کۆماری ئیسلامیی شڵەژاند و سەلماندی کە ئابووری لە سەردەستی کۆماری ئیسلامی بە هیچ کوێ ناگات. هەرچەند لە دەسپێکدا بەرپرسانی ڕێژیم هەوڵیان دا هەموو کەموکوڕی و قەیرانەکانی وەکوو گرانیی لەڕادەبەدەر، کەمیی کاڵا و شمەکە سەرەکییەکان لەسۆنگەی بوونی شەڕەوە پاساو بداتەوە، بەڵام ئەو دۆخە لە کاتی ئاشتی و ئارامییشدا هەر نەگۆڕا و بگرە کێشەکان زیاتر بوون. ڕێژیم بە هۆی ناکارامەیی لە چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان هەر جارە و بە بیانوویەک هەوڵی دامرکاندنی بیروڕای گشتیی داوە بۆ ئەوەی بڵێ ئەم بارودۆخە کاتییە و لە پاش ماوەیەک سەرپێ دەکەوین. لە سەردەمی بەڕواڵەت چاکسازییەوە بگرە تا قۆناغی سزا و گەمارۆ جیهانییەکان بەردەوام باس لە داهاتوو بووە، داهاتوویەک کە هیچکات وەدی نەهات و نایەت.

ئەگەر چاوێک لە پێنوێنییە ئابوورییەکان بکەین بە ئاشکرا قووڵایی کارەساتەکەمان بۆ دردەکەوێ: بایی پارەی نیشتمانی بە پێوەرێکی گرنگ و کاریگەر لە ئابووریدا دادەنرێ. بایی پارەی نیشتمانی پێوەری بەراوەردەکردنی پارەی نیشتمانییە لە هەمبەر ئاڵتوون یان دراوی بیانی و دابەزینی بایی پارەی نیشتمانی دەبێتە هۆی دابەزینی توانایی کڕین و پەرەسەندنی هەژاری. کۆماری ئیسلامی کاتێک دەستی بەسەر شۆڕشی ٥٧دا گرت کە بایی هەر دۆلارێک ٧ تمەن بوو، بەڵام ئێستا بایی هەر دۆلارێک ٣ هەزار و ٣٠٠ تمەنە کە ئەوە دەربڕی داتەپینێکی بێوێنەیە لە ئابووری وڵاتدا.



هەڵاوسان فاکتەرێکی گرنگی دیکەیە لە هەڵسەنگاندنی ئابووریی هەر وڵاتێکدا. هەڵاوسان بریتییە لە هەڵکشانی بەردەوام و لەڕادەبەدەری نرخی گشتیی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان کە دواجار دەبێتە هۆی دابەزینی توانایی کڕین و بێ‌سەروبەرەیی لە ئابووریی وڵاتدا. لە ڕیزبەندییەکانی هەڵاوساندا، بۆ هەڵاوسانی سووک بەرزبوونەوەی نێوان سەتا ١ هەتا ٦ و بۆ هەڵاوسانی زۆر سەتا ١٥ هەتا ٢٥ و ئاستی هەڵاوسانی لە ڕادەبەدەریش سەتا ٥٠ لە مانگێکدا یان بەرزبوونەوەی دوو هیندەی نرخەکان لە ماوەی ٦ مانگدا لەبەرچاو گیراوە. بە سەرنجدان بە دۆخی ئابووریی ئێستای وڵات کۆماری ئیسلامی ڕێکۆردێکی بێ‌وێنەی لە هەڵاوسانی ئابووریدا تۆمار کردوە.

بە پێی ئاماری ڕاگەیەندراو لە لایەن ڕێژیمەوە هەڵاوسانی لەسەتا ٥٠ی ساڵی ١٣٧٤ زۆرترین ئاستی هەڵاوسان بووە و بەپێی ئامارێکی دیکە لە ساڵی ٩٩ ئاستی هەڵاوسان سنووری سەتا ٤٤ی بڕیوە. ئەگەرچی لە ئێستادا ڕادەی هەڵاوسان سەرتر لەوەیە و هیچکات ناتوانین متمانە بە زانیارییە بڵاوکراوەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین، بەڵام بەپێی بەراوردی خەزێنەی نێونەتەوەیی پارە، وڵاتی ئێران لە پاش وڵاتانی ڤێنیزۆیلا، زیمبابوە، سوودان، سورینام و لوبنان زۆرترین نرخی هەڵاوسانی هەبووە لە جیهاندا.

بابەتێکی دیکە کە هەموو کاتێک لە تەنیشت ئابوورییە شپڕێوەکەی کۆماری ئیسلامیدا باس دەکرێ، گەندەڵییە. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا جۆرێک لە گەندەڵی تاقی دەکاتەوە کە "گەندەڵیی سیستماتیک"ی پێ دەگوترێ و مەبەست ئەوەیە بە هۆی جۆری دەسەڵاتداریێتی و سیستەمی حکوومەتدارییەوە تەواوەتیی سیستەمەکە نغرۆی گەندەڵی بووە. ئەگەر سەردەمانێک لە باسی گەندەڵیدا ناوی کوڕەکانی هاشمی ڕەفسەنجانی دەهات، ئێستاکە ب بەڕێوەبەرانی پلە دوو و پلە سێی وڵات و تەنانەت کارمەند و مووچەخۆرەکانیش لە گەندەڵی وەردراون و بە هەڵکەوت بەرپرسێک دەبینی لەم خوانە ڕاخراوە خۆی بێبەش بکات. ئیدی ئیختلاسەکان و ئەو دزیانەی کەمتر لە چەند هەزار میلیارد تمەن بن ناویان دزی نییە! و ئەگەر سەردەمانێک باس لە تاڵانی ژێرخاکی و ئاسەوارە مێژووییەکان یان بانک بڕین دەکرا، ئێستاکە باس لە ونبوونی دەکەلی نەوت! یان دزی لە نیوخۆی سپای پاسداران دەکرێت.

بەپێی ڕاپورتی دویچەولە (DW فارسی) و بەپێی تازەترین ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەیی لە بابەت گەندەڵی لە ساڵی ٢٠٢١دا، ئێران لە ڕیزی گەندەڵترین وڵاتەکانی جیهاندا جێی گرتوە و هاوڕیزە لەگەڵ وڵاتانی گینە و گواتمالا و خراپترە لە وڵاتانێکی وەکوو ئوگاندا، موزامبیک و ئانگولا!

### شەڕی دەسەڵات و داڕووخان لە نێوخۆ

چەند ساڵێک لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و وەلانانی هەموو بیروڕا دژبەرەکانی لە ڕێگەی سەرکوت، تیرۆر، لەسێدارەدان، زیندان و دوورخستنەوە؛ ویلایەتی فەقیهـ دەستی‌گرت بە سەر هەموو باڵەکانی دەسەڵاتدارەتیدا و لە کردەوەدا شتێکی ئەوتۆ لەو کۆمارە خەیاڵییە نەمایەوە بەڵێنییەکەی بە خەڵکی درابوو. کەشی زەبروزەنگ لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی خامنەییدا بە خێراییەکی زۆرترەوە پەرەی سەند و گەیشتە ئەو ڕادەیە کە ویلایەتی فەقیهـ تەنانەت بەرگەی بیروڕای هەندێ کەسی هاوبیری ڕێبەریی پێشووشی نەگرت و وەلای نان. خامنەیی بە یارمەتیی هێزە ئەمنییەتییەکان و سپای پاسداران هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ڕەگەڵ خومەینی کەوتبوون، لە هاشمیی ڕەفسەنجانییەوە بگرە تا دەگاتە کەڕووبی و مووسەوی لە مەیدانی سیاسەت وەدەری نا، بەڵام قەیرانێکی نوێ سەری هەڵدا کە جەنابیان بە خەونیش بۆی نەدەچوو. ئیدی چیدی فەرماندەکانی سپای پاسداران ئەو هێزە کەم تەمەنە بیست و چەند ساڵ تەمەنەی ڕابردوو نین بەئاسانی لەنێو دەسەڵاتدا بتوێنەوە، ئیدی ململانێ لەنێو "سەردار"ە پایەبەرزەکانی سپادا دزەی کردۆتە هەموو کون و قوژبنێکی دەسەڵاتەوە. ماوەیەک لەمەوبەر نەواری دەنگیی چەند فەرماندەیەکی سپا لەسەر گەندەڵییەکانی هەندێ لە سەردارانی سپا بڵاو کرایەوە. ئەم فایلە دەنگییە لە کۆبۆنەوەی محەممەدعەلی جەعفەری، فەرماندەی پێشووی گشتیی سپای پاسداران و سادق زولقەدرنیا، جێگری ئابوورییەکەی لە ساڵی ٩٧، کێشە و ململانێیەکانی نێوان فەرماندە پایەبەرزەکانی سپا و زۆر لایەنی پێوەندیدار بە دۆسییەی گەندەڵیی ماڵیی لەقاو دا.

کاتی هاتنەبەرباسی کاندیداتۆریی سەعید محەممەد بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، گوشارەکانی تاقمی دەسەڵاتدار لەنێو سپا گەیشتە ئەو ڕادەیە کە جەنابی سەردار بە لادان و ئیختلاس تاوانبار کرا، هەر بۆیە شورای نیگابان شیاویی ئەوی ڕەت کردەوە. هۆکاریش ئەمە بوو کە ئاڵقەکانی سەرەوەی دەسەڵات تاقەتی دیتنی سیمایەکی لاویان لەنێو دەسەڵاتدا نەبوو، ئەمەش بەشێکە لە شەڕی دەسەڵات لەنێو سپادا و ئەگینا ئیختلاس و دزی لە سپای پاسداران کە بابەتێکی ئاسایی و هەمیشەییە.

### کەلێنی چینایەتی و ناڕەزایەتییە سێنفی و کرێکارییەکان

کۆماری ئیسلامی بە وادە و بەڵێنی دادپەروەریی ئیسلامی و کەمکردنەوەی کەلینی چینایەتی هاتە سەر کار و باسی لە یۆتۆپیایەک دەکرد کە هەژار و داماوی تێدا نییە، بەڵام ئێرانی کرد بە کاولستانێک کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێیایدا کەلێنی نێوان دارا و نەدار گەورە و گەورەتر دەبێتەوە. یەکێ لە نیشانە بەرچاوەکانی بابەتی کەلینی چینایەتی "هێڵی هەژارییە" کە دەتوانێ بە باشترین شێوە ڕاستییەکانی ئەم بابەتەمان بۆ بخاتە ڕوو.

"مارتین ڕاوالیوون" لێکۆڵەوەری ئابووری پێناسەی بۆ هێڵی هەژاری بریتییە لەو تێچوویانە کە تاک لە کات و شوێنی دیاریکراودا بۆ دەستپێڕاگەیشتنی ئاستێک لە خۆش‌بژیوی دەیدات. ئەوانەکە دەستیان بەو ئاستە لە ژیان و گوزەران نەگات هەژار و ئەوانەی دەستیان بەم ئاستە لە بژیو بگات داران. بەپێی ڕاپۆرتە مێدیاکانی خودی ڕێژیم، هێڵی هەژاری لە ساڵی ٩٩ بە نیسبەت ساڵی ٩٨ی هەتاوی گەشەکردنێکی سەتا ٣٨ ی هەبووە. ئەمەش یانێ ڕێژەی هەژارەکان سەتا ٣٨ زیادی کردوە و ژمارەی ئەو کەسانەی لەژێر هێڵی هەژاریدان گەیشتووەتە ٣٦ میلیون کەس. بەم جۆرە یەک لە سێی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری‌دان، سەرەڕای ئەوەی کە هاوکات لە ساڵەکانی دەیەی ٩٠، ئاستی گوزەران و خۆش‌بژیویی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بەردەوام لە دابەزیندا بووە.

هەر ئەم کەلێنی چینایەتییەی ئێستا هۆکاری پێکهاتنی ناڕەزایەتییە سینفی و کرێکارییە بەرفراوانەکانی ئێرانە. ئەم ڕەوتە هاوتەمەنی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییە و لە ماوەی٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی دەورەیی و ناوبەناو درێژەی هەبووە تاکوو لە دواساڵەکانی دەیەی ٩٠ ئیدی خێراییەکی بەرچاوی گرتە خۆی. وای لێ‌هات لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی هەموو حەوتوویەک ناڕەزایەتییەکانی خەڵک سەرهەڵبدەن و ڕێکۆردی چەند ناڕەزایەتی‌دربڕین لە ڕۆژدا لە تایبەتمەندییەکانی ناڕەزایەتییەکانی ساڵیی ١٤٠٠ی هەتاوی بوو.

ناڕەزایەتیی سەرتاسەری و هەمەلایەنەی مامۆستایان لە شارەکانی ئێران لە چەند قۆناغی جۆراوجۆردا، ناڕەزایەتیی ماڵدۆڕاوەکانی بوورس و بانکەکان و دامەزراوە ماڵییەکان، ناڕەزایەتی دەربڕینی وەرزێرانی ئیسفەهانی بۆ ماوەی چەند حەوتوو، ناڕەزایەتییە زنجیرەییەکانی کرێکارانی نەیشەکەری حەفت‌تەپە، هیپکۆی ئەراک و... ناڕەزایەتییە سینفییەکانی پەرستاران، ئەندازیاران، دەرمانسازان، فەرمانبەرانی دادگاکان! بەهۆی کەمیی مووچە و هەقدەستەکانیان، ناڕەزایەتی خانەنشینانی ئورگانە ئیداری و نیزامییەکانی وەکوو ئەرتش، دابینکاری کۆمەڵایەتی و... هەروەها ناڕەزایەتییەکانی کەم‌ئەندامانی شەڕی ئێران و عێراق.

سەرەڕای زێدەبوونی بێ‌وێنەی قەوارەی ناڕەزایەتییەکان، دەبێ ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بکەین: یەکەم، بەربڵاوی جوگرافییای ئەم ناڕەزایەتییانە کە سەرانسەری ئێرانی گرتۆتەوە، بۆ وێنە لە ناڕەزایەتی سینفی مامۆستایاندا کەم‌وزۆر هەموو شارە چکۆلەکانیش بەشدارییان کردوە و بەشدارن. خاڵی دووهەم بەربڵاوی سینفیی ناڕەزایەتییەکانە. بەشداریی هەموو سینفەکان و گرووپەکان لە مامۆستا و کرێکارانەوە بگرە تا ئەرتەشی و کەم‌ئەندامان و فەرمانبەرانی دادگاکان نیشان لە بەشداری هەمەلایەنەی کۆمەڵگای ئێرانە لەم ناڕەزایەتییانەدا.

درێژەی لاپەڕەی ٦

# دەرگای دیجیتاڵی خەریکە بەسەر ڕووسیەدا دابخرێ؟

گۆڕەپانێک، لە دەیەی یەکەمی ئەو سەدەیە، کرێملین لە گرینگیی بەڕۆژ کردنەوەی خۆی بۆ کەڵ وەرگرتن لە تەکنیکی نوێ تێگەیشت.

سیستەمی چاودێریی سۆرم نموونەیەکی ئەو بۆچوونەیە. لەو دواییانەدا دەوڵەتی ڕووسیە هەروەها دەستی بە کەڵکوەرگرتن لە ناسینەوەی ڕوخسار بۆ دەستنیشان‌کردنی بەشدارانی خۆپیشاندا بۆ وێنە دژی جەنگی ئوکراین کردوە.

دەنیس شەدۆڤ دەڵێ، "لە دەستپێکی جەنگەوە زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس لە ڕووسیە دەستبەسەر کراون، ١٤٩ کەس دوای خۆپیشاندانەکان دادگایی کراون و هەزاران کەس گیراون و جەریمە کراون. هەموو ڕۆژێک گوێمان لە گیرانی خەڵکی دیکە دەبێ و ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین تا یارمەتیی یاسایی ئەو کەسانە بکەین کە تووشی مەترسیی بەندکران دەبن.

ئەو دەڵێ هەموو ڕۆژێ بە یاساکاندا دەچنەوە و پۆلیس دەسەڵاتێکی بەربڵاوی پێدراوە. بۆ وێنە پۆلیس دەتوانێ داوا لە هەر کەسێک بکا تەلەفۆنەکەی نیشان بدا، تا بزانێ کام ئاپ لەسەری دامەزرێنراون. چەند ساڵ لەوەپێش هەڵمەتێکی بەربڵاوی بوختان هەڵبەستن دژی تەلەگرام لە وڵاتدا بەڕێوە چوو و پرۆگرامەکە بەوە تاوانبار کرا کە لەلایەن تاوانکارانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. خەڵکێکی زۆر لە کەڵکوەرگرتن لەو بەرنامەیە یان ئەگەری هەڵمەتی پۆلیس بۆ داخستنی نیگەران بوون. ئێستا زۆر لە خەڵکی ڕووسیە پێیان‌وایە دەوڵەت هەموو شتێک بە تاوانکاری دەبینێ. بۆیە ئەوە بۆتە خۆسانسۆرکردنێکی بەربڵاو. لە لایەکەوە دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی بێلایەنانە دژوارە و لە لایەکی دیکەوە وەدەستهێنانی دەتوانێ ببێتە هۆی مەترسی مەزن.

ئەو هەروەها دەبینێ زۆر لە کۆمپانیا تەکنەلۆژیکە خۆراواییەکان دوای دەستپێکی جەنگ وازیان لە هاوکاریی دەگەڵ کڕیاری ڕووسیەیی، تەنانەت ڕۆژنامەوان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ هێناوە. بۆ وێنە دتوانی پێش گرتن بە دەستڕاگەیشتنی کڕیاری ڕووسیەیی بە خزمەتگوزارییە دیجیتاڵیەکان بێ یان چیدیکە ناهێڵن لە ئەژماری گوگڵەوە شتی بکڕن.

شەدۆڤ دەڵێ، "من پێموایە کۆمپانیاکانی خۆراوا کە دەمێکە تەکنیکی سانسۆرکردنیان بە دەوڵەت فرۆشتووە بەرپرسیارن. لە لایەکەوە دەبینین ئەو کۆمپانیایانە پشت لە چالاکانی ڕووسیەیی کە دەیانهەوی کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانیان وەرگرن دەکەن و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو کۆمپانیایانە چەندین ساڵە دەگەڵ دەڵەتی ڕووسیە بازرگانییان کردووە.

### بۆچوونت لەسەر داهاتووی ئینتەرنێتی ڕووسیە و خودی ڕووسیە چییە؟

شەدۆڤ دەڵێ، "دۆخەکە ناڕوونە. من پێموایە ئەگەر بیروڕای ئازاد لە ڕووسیە هەبا، داگیرکردنی ئوکراین نەدەقەوما. من هەروەها پێموایە ئەگەر پێوەندییەکان دەگەڵ خۆراوا کەمتر ببنەوە، بۆ وێنە بێتوو کۆمپانیا تەکنەلۆژیکە ناونەتەوەییەکان وڵات جێهێڵن، گەلێک مەترسیدار دەبێ. بۆیە درێژەدان بە خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی ئاوالا گەلێک گرینگە. پێچەوانەکەی، دۆخێک کە وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوکی بە ١٤٤ میلیۆن حەشیمەتەوە کە پەراوێزخراوە و تەنیا پرۆپاگاندای دەرخوارد دەدرێ، مەترسی ژینەکی هەیە.

***

# مامۆستای ئەدەبناسی و هونەری وەرگێڕان



ساماڵ ئەحمەدی



دوکتۆر عەزیز گەردی، نووسەر، وەرگێڕ، ئەدیب و توێژەری ئاکادیمیی نەتەوەکەمان کە ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی (٢٠٢٢/٦/٦) بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە شارەدێی بەحرکە، سەر بە شاری هەولێری باشووری کوردستان هاتە دنیاوە و لە ساڵانی تەمەنیدا کۆمەڵێک کتێبی زەنگین و توێژینەوەی گرنگی بە زمانی کوردی نووسیوە، یان لە زمانانی دیکەوە کردوونی بە کوردی کە بەڕوونی نیشانمان دەدەن هەر لە تەمەنی لاوییەوە تاسە و خولیای بەرەو پەرجۆی زمان و سێحری ئەدەبیات ڕاخوشیوە. بۆیەشە یەکەم بڕوانامەی ئاکادیمیی لە زماندا (زمانی فەرانسە) بەدەست هێنا و نۆبەرەی قەڵەمەکەیشی لە باسی "ڕەوانبێژی"دا پێگەیشت کە لە سێ بەرگدا ساڵی (١٩٦٨-١٩٦٩) نووسیویەتی و لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ی زایینیدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و هەتا ئێستاش سەرچاوەی خوێندنی قوتابییانی بواری ئەدەبیاتی کوردییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا.

د. عەزیز گەردی کە لە هەردوو بواری "نووسین" و "وەرگێڕان"دا بە توانا و ویقاری تایبەتیی خۆیەوە قەڵەمی لێداوە، وەک باس دەکرێت بە کارە چاپکراوەکانی و ئەوانەیشییەوە کە هێشتا چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە، نزیکەی ٢٠٠ بەرهەمی خوڵقاندوە و، کە خوێنەری کارا بە ڕەچەڵەکی بەرهەمەکانیدا دێتەوە، دەبینێت هەر لە کارە سەرەتاییەکانییەوە چ لە بواری نووسین و چ لە بواری وەرگێڕاندا مەبەستیەتی "تام و بۆی ئەدەب بخاتە بەر دەم و ددانی خوێنەر"ی کورد، بۆیە هەم یەکەم نووسینەکانی بە باسی ڕەوانبێژی و سەروا و کێشناسی و ئەدەبی بەراوردکاری و پەخشانی کوردی و ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردی و ئەدەب و ڕەخنە و... هتد دەست پێ دەکات و، هەم لە وەرگێڕانیشدا جودا لە وەرگێڕانی کتێبی "ئەدەبی بێگانان" لە پێنج بەرگدا، ساڵی ١٩٧٨ کتێبی "چەشەی ئەدەبی"، بەرهەمی ئارنۆلد بێنێت، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەکات بە کوردی و چاپ و بڵاوی دەکاتەوە بۆ ئەوەی توانا و بەهرە و تاسەی خوێنەری ئەدەبیاتی کوردی پێ بگەیەنێت. بە واتایەکی دیکە، دەیەوێت دەرگای ڕەخنەی ئەدەبی، وەکوو شێوازێکی کارای خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی و جۆرێک دەق لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە ئاشنا بکات. دواتریش بە وەرگێڕانی یەکجار ڕوون و وردی کتێبی "هونەری شیعر"ی ئەرەستۆ، زیاتر پەرەی بە زمانی ڕەخنەی ئەدەبی دا و بە زاراوەسازی لە بوارەکانی ڕەوانبێژی و جوانکاری و کێش و سەروا و ئەدەبی بەراوردکاری و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، لە ڕاستیدا زمانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیی داهێنا و کتێبەکانیشی بوون بە سەرچاوە و لێڤەگەڕی کلاسیکی ڕەوانبێژی و ڕەخنە و ڕێبازناسیی ئەدەبیاتی کوردی.

د. عەزیز گەردی کە دوایین پلەی زانستییەکەی "پرۆفیسۆر" بووە، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس (لیسانس)ی زمانی فەرانسە لە زانکۆی مووسڵ، ساڵی ١٩٩٤ لە زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر ماستەر لە زمانی کوردیدا بەدەست دێنێ و ساڵی ١٩٩٩ش لە هەمان زانکۆ دوکتۆرای زمانی کوردی وەردەگرێت و سەرناوی نامەی دوکتۆراکەیشی "سەروا"یە کە دواتر دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوی کردووەتەوە و ساڵی ٢٠٠٩ش لە زانکۆی کۆیە دووەمین دوکتۆرا لە زمانی کوردیدا بەدەست دێنێت و نامەی ئەم بڕوانامەیەشی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بە ناوی "ڕۆمیۆ و جوولیەت و مەم و زین." دوای تەواوکردنی زانکۆ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین دەبێتە مامۆستا، بەڵام بەر لەوەی خانەنشین بێت، خۆی دەست لەکار دەکێشێتەوە و لە هەرێمی تەنیاییی خۆیدا کە سەرزەمینی داهێنانی مەزنە هەموو تەمەنی سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕان دەبێت.

د. عەزیز گەردی بێجگە لە توێژینەوە و وەرگێڕانە ئەدەبناسییەکانی کە بەکورتی باسمان کردن، لە چەند بواری جوداوازی دیکەشدا لە زمانانی وەکوو فەرانسەیی، ئینگلیزی، عەرەبی و فارسییەوە کۆمەڵێک بەرهەمی زۆر گرنگی کردوە بە کوردی، کە جودا لەوەی خوێنەری کورد لەگەڵ فەرهەنگی جوداوازی ئەو زمانانە ئاشنا دەکات، بە شێوەیەکی شاییبەخۆیانە زمانی کوردی لە گۆڕەپانی شێوازی جوداوازی نووسین و زمان و ڕاوێژی جودادا بە جۆرێک دەنوێنێت کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی توانا و پەرەسەندوویی زمانەکەمان.

بەناوبانگترین بەرهەمی وەرگێڕانی د. عەزیز گەردی، کتێبی دوو بەرگیی "داغستانی من"، بەرهەمی ڕەسووڵ حەمزەتۆفە کە تا ئێستا هیچ خوێنەرێکی کورد نەیتوانیوە خۆی لە ددانانان بە کارتێکەریی زمانی ئەو وەرگێڕانەدا ببوێرێت و، تەنانەت زۆر نووسەری کورد زمانی ئەو بەرهەمەیان بە هاوشانی زمانی نووسەرانی کوردیزانی وەکوو هەژار موکریانی و مەسعوود محەممەد و شوکر مستەفا لەقەڵەم داوە. هەروەها بە وەرگێڕانی کتێبی سێ بەرگیی "کۆمیدیا"، بەرهەمی دانتی ئەلیگییێری کە ساڵی ٢٠١٥ چاپی یەکەمی بڵاو بووەوە جارێکی دیکە سەلماندی کە زمانی کوردی، سەرباری ئەوەی کە بەهۆی دۆخی سیاسیی کوردستان و کوردەوە لە زۆر بواردا نەیتوانیوە هاوکات لەگەڵ کاروانی فەرهەنگ و کەلەپووری دنیا وەڕێ بکەوێت، بەڵام لە هەر دەرفەتێکدا دەتوانێت تەنانەت کۆنترین دەقە شاکارە ئەدەبییەکانی گەلانی جیهان بنووسێتەوە.

لێرە دەمەوێت وەکوو خوێنەرێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - کە خوێندنی قوتابخانەم بەناچاری بە زمانی فارسی بووە و دواتریش بەهۆی هۆگریم بە خوێندنەوەی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبییەوە ناچار بووم زۆربەی کتێبەکانی ئەو بوارانە بە فارسی بخوێنمەوە —ئەو ڕاستییە بڵێم کە پێشتر "کمدی الهی / دانته"، وەرگێڕانی "شجاع‌الدین شفا" و "ارسطو و فن شعر"، وەرگێڕانی "عبدالحسین زرینکوب"م بە فارسی خوێندبۆوە، بەڵام کە وەرگێڕانەکانی د. عەزیز گەردیم لەو دوو بەرهەمە خوێندەوە، تێگەیشتم کە هەم چێژی خوێندنەوەی "کۆمیدیا" جوداوازە و هەم تێگەیشتن لە "هونەری شیعر"ی ئەرەستۆ ئاسانترە، کە لە فارسییەکەی هونەری شێعر زۆر کەم تێگەیشتبووم.

جودا لەو بەرهەمە کلاسیکە زۆر گرنگانەی ئەدەبیات لە جیهاندا، د. عەزیز گەردی بۆ ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە ئەفسانە و بیروباوەڕی گەلانی دنیا کۆمەڵێک بەرهەمی زۆر گرنگی ئەفسانەی گەلانی هێناوەتە سەر زمانی کوردی کە ئەو کارەش جودا لەوەی خوێنەری کورد لە فەرهەنگی گەلانی دنیا ئاگادار دەکات، لە لایەنێکی دیکەشەوە توانای زمانی کوردی لە شێوازی گێڕانەوەی ئەفسانەدا نیشان دەدات و لەو بوارەشدا زاراوەگەلی بواری مێتۆلۆژی لە زمانی کوردیدا دەدۆزێتەوە، یان ڕۆیان دەنێت و ئەوەش یەکێکی دیکە لەو بوارانەیە کە دەکرێ وەکوو بناغەیەک بینای فکری و فەرهەنگیی خۆمانی لەسەر قایمتر بکەین.

لە بواری وەرگێڕانی بەرهەمگەلی ئەفسانەییدا د. عەزیز گەردی بە وەرگێڕانی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی برایانی گریم (ئەڵمانی) و چیرۆکەکانی هانز ئەندرسن و چیرۆکەکانی ئیزۆپ- یان لەناو گیاندارانداــ و... هتد، میراتی زۆر مەزنی بۆ منداڵانی نەتەوەکەی بەجێ هێشتوە.

لە کتێبی "هێزی ئەفسانە"دا کە وتووێژی جۆزێف کەمبڵ (ئەفسانەناسی بەناوبانگ) و بیڵ مۆیرز (ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری سیاسیی ئەمریکایی)یە، جۆزێف کەمبڵ دەڵێت: "یەکێک لە گرفتەکانی ئێستای ئێمە ئەوەیە کە بە ڕادەی پێویست ئەدەبیاتی هزریی خۆمان ناناسین، خوومان داوەتە هەواڵی ڕۆژانە و ئەو گرفتانەی سەعات بە سەعات بەربینگمان پێ دەگرن. پێشتر ژینگەی زانستگە کەشێکی وای هەبوو کە هەواڵی ڕۆژانە نەیدەتوانی سرنجی تاک لەو میراتە شکۆمەندە مرۆڤانەیە هەڵپچڕێت وا لە نەریتی مەزنمان ماوەتەوە؛ ئەو نەریتەی کە تێیدا ئەفلاتوون، کۆنفۆسیوس، بوودا، گۆتە و... لەو بەها هەمیشەییانە دەدوێن وا لە دەوری ژیانمان هالاون." مەبەست لە هێنانەوەی ئەم وتە قووڵەی کەمبڵ ئەوەیە کە لێمان ڕوون بێتەوە بۆچی د. عەزیز گەردی ڕووی لە هەرێمی تەنیایی کردبوو، چونکە دەیزانی فڕکەفڕک و لێشاوی هەواڵی ڕۆژانە بواری مەلەی لە دەراوی میراتە مەزنەکەی داهێنانی مرۆڤانەدا پێ نادەن.

جودا لەو بوارانەی باس کران، د. عەزیز گەردی لە بواری وەرگێڕانی ڕۆمانی گەلانی جوداوازیشدا کاری زۆر تاقانە و دەگمەنی کردوە بە کوردی، بەتایبەتی بە وەرگێڕانی ڕۆمانی ئەو نووسەرە کوردانەی کە بەرهەمی خۆیان بە زمانی فارسی نووسیوە، وەکوو عەلیئەشەرەف دەروێشیان و مەنسوور یاقووتی و... لەڕاستیدا ئەو بەرهەمانەی وەکوو کەمینەیەک لە ئەدەبیاتی فارسیدا گێڕاوەتەوە بۆ نێو باوەشی ئاوەڵای ئەدەبیاتی کوردی.

دیارە سەرباری ئەوەی کە پێویستە و زۆریش گرنگە، بەڵام باسی یەک بە یەکی بەرهەمەکانی د. عەزیز گەردی لەم یادداشتە کورتەدا نالوێت، بۆیە لە گۆشەی ئەم دەرفەتەوە ویستم لانی کەم ئاماژە بە چەند لایەنی وەکوو ئەدەبناسیی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی و ناساندنی ئەدەب و ئەفسانەی بیگانان لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەر و توێژەرە گەورەیەماندا بکەم، بۆ ئەوەی هەم وەفایەک بێت بۆ یادی هەرمانی خۆی و هەم ئاماژەیەکیش بێت بەوەی کە ناکرێت بەبێ چاوی زیت و هۆشی کراوە بە تەنیشت شێوازی خوێندنەوە و توێژینەوە و بەتایبەتی نووسینی د. عەزیز گەردیدا تێپەڕ بین و دەبێ لە شێوازی ژیان و کار و ڕێباز و ڕاوێژی نووسین و هونەری وەرگێڕانی ورد بینەوە، بەتایبەتی کە ئێستا وەرگێڕان بۆ هەموو گەلانی دنیا دەروازەی چوونە نێو بیرکردنەوە و شارستانەتییە جیاوازەکانە و شەپۆلێکی خێرای وەرگێڕانیش بۆ زمانەکەی خۆمان لە گۆڕێدایە.

# باسی نەبەزان

**ئاشق ئیسماعیلی**

دەبێ چۆن باسی ڕێز و گەورەییت کەم لاوی پێشمەرگە
کە ژینت پڕ لە شانازی و شەرەف، ئازایەتی و جەرگە
دڵت کانگای ئەوینی خەڵکی زۆرلێکــــراوی بێبەرگە
بژی باسکی بەهێزی گەل، کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیا و دۆڵ و پڵێنـــــــگی گورجی دارستان

چلۆن شێعرێ بڵێم بۆ تۆ کە بتوانێ شیاوت بێ؟
لە سەردێڕا چ ناوێ دابنێم هاوشانی ناوت بێ؟
مەبەست چۆن هەڵبژێرم تاکوو تاریفی تەواوت بێ؟
بژی باسکی بەهێزی گەل، کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیاودۆڵ و پڵێنــــــــگی گورجی دارستان

هەوای ڕابواردنی خۆشی ژیانی خــۆت لە خۆتا کوشت
گەڵاڵەی ژینی خۆش و بێپەرۆشی خەڵکەکەت دارِشت
بەهێزی شان و پیلت بۆ هەژاران بوویە دەست و پشت
بژی باسکی بەهێزی گەل کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیا و دۆڵ و پڵێنـــــــگی گورجی دارستان

ئەتۆی گیانبازی چەرخی ڕەوڕەوەی شۆڕش دەسووڕێنی
قەڵای زۆردارەکان و دوژمنانــــــــی گەل دەڕووخێنی
پەتی دیلی لە پێی داماو و زۆرلێـــــکراو دەپچڕێنی
بژی باسکی بەهێزی گەل، کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیا و دۆڵ و پڵنـــــــگی گورجی دارستان

گەلی ژێردەست بە تۆیە دڵنیا و دڵخۆش و پشتئەستوور
ئەتۆی بەرعۆدە بۆ پێکهاتنی ئامانجی بەرز و دوور
بەڵێنی گیانلەسەردەستیت دەنووسی تۆ بە خوێنی سوور
بژی باسکی بەهێزی گەل، کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیا و دۆڵ و پڵنـــــــگی گورجی دارستان

بە ئیمانی، نەترسی، بێڕیا و بێفیز و ساکاری
لە بوختان و درۆ تانە و ئیفادە و دەعیە بێزاری
بەنەزم و ڕێک و پێک و توند و تۆڵ و ورد و وشیاری
بژی باسکی بەهێزی گەل، کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیا و دۆڵ و پڵنـــــــگی گورجی دارستان

بەرەو پێش پشتی زەحمەتکێشی شار و ڕەنجبەری لادێ
ورە و هێز و تەوژمی خەڵکی چەوساوەت بەدوو دا دێ
دەمی پچڕانی زنجیران نێــــزیکە و ڕۆژی گەل دادێ
بژی باسکی بەهێزی گەل، کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیا و دۆڵ و پڵنـــــــگی گورجی دارستان

چ خۆشە کاتی سەرکەوتن، کە ڕووخا کاخی بێدادی
لە نێو ئاهەنگ و گۆرانی و سروودی جێژنی ئازادی
لە ئامێزت بگرم و جا بگوڕڕێنم بە دڵــــــشادی
بژی باسکی بەهێزی گەل، کوڕی سەربەرزی کوردستان
بژی بازی چیا و دۆڵ و پڵنـــــــگی گورجی دارستان



# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:825 21 June 2022

مالْپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
kdp.taskilat@gmail.com
+9647508483312


## سەد هۆدە تەنیایی

کتێبی سەد هۆدە تەنیایی لە نووسینی بیژەن ڕەحمانی شاعیر و نووسەری بۆکانی لەلایەن چاپەمەنیی ”ماد“ەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

بیژەن ڕەحمانی نووسەری کتێبی سەد هۆدە تەنیایی لەو کتێبەدا، ئاوڕێکی کورت و بەپەلە دەداتەوە لە ئەوین و کەڵکەڵە و دڵەخورپە و قەیران و ئاوات و خۆلیاکانی مرۆڤی مۆدێڕنی کورد. ئەو کتێبە کۆمەڵەی سەد چیرۆکی مینیماڵە

کتێبی سەد هۆدە تەنیایی لە نووسینی بیژەن ڕەحمانی شاعیر و نووسەری بۆکانی لەلایەن چاپەمەنیی ”ماد“ەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

بیژەن ڕەحمانی نووسەری کتێبی سەد هۆدە تەنیایی لەو کتێبەدا، ئاوڕێکی کورت و بەپەلە دەداتەوە لە ئەوین و کەڵکەڵە و دڵەخورپە و قەیران و ئاوات و خۆلیاکانی مرۆڤی مۆدێڕنی کورد. ئەو کتێبە کۆمەڵەی سەد چیرۆکی مینیماڵە کە لە توێی ١٥٨ لاپەڕەدا دەقی چیرۆکەکان لە خۆ دەگرێ.

چیرۆکی مینیماڵ ژانرێکی تایبەتی ئەدەبییە کە نووسەر لەودا حەول دەدا، باسی ئەوین و کێشە و تەنگ و چەڵەمەی ژیانی مرۆڤی سەردەم لە پانتای دنیای بووندا بە زمانێکی ساکار و لە قەوارەیەکی کورت و پوختدا، بکا. هەربۆیەش بیژەن ڕەحمانی هەر وەکوو بۆخۆی لە دیمانەیەکدا ئاماژەی پێدەکا، حەولی داوە کێشە پێچیاگەکانی تاکی کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەتی و کۆمەڵگەی جیهانی بە گشتی بە خێراترین و ساکارترین شێوە بخاتە بەر دەستی خوێنەر.

سەد هۆدە تەنیایی لەنگەرێک دەگرێ لە قووڵایی گێژاوی زەریای بیر و ئەندێشەی تاکی کۆمەڵگە لە نێوان دوو بەستێنی نەریت و مۆدێڕنیتەدا. باسی کاکڵ و توێکڵی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی سەردەمە بە تام و بۆن و چێژێکی خۆجێیی. نووسەری کتێب حەولی داوە چیرۆکەکان پردەبازێک بن بۆ دەربازبوونی بیر و هزری بەردەنگ لە ژیانی کلێشەیی ڕۆژانە. ”سەد هۆدە تەنیایی“ حەولیکە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەگەلی دەستەمۆ و نامۆ تاکوو گەیشتن بە ئاسۆ دیار و نادیارەکانی ژیان.

بیژەن ڕەحمانی لە ”سەد هۆدە تەنیایی“دا باسی جەماوەرێکی زۆر لە کۆمەڵگە، لە وەرزێر و ئاغا و مەلا و کوێخای ژیانی نەریتیی ڕابردووە بگرە تا دەگاتە دوکتور و ئەندازیار و پارێزەر و سکرتێر و مامۆستا و پەرەستار و شۆفیری تاکسی و شاتری نانەوخانە و کۆڵبەری کوێستان و نوێنەری پارلمان و خوێندکار و خەباتکار و سیخوڕ و ملهوڕ و جاش و باشی ژیانی مۆدێڕنی سەردەم. هەر وەک بۆخۆیشی ئاماژەی پێ دەکا خاڵی ناوەندی لە هەموو چیرۆکەکانیدا، مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ بووە بە تەواوی لایەنەکانیەوە.



لەو پێناوەشدا تەنانەت باسی چەمکگەلێکی وەک، فەلسەفە، سیاسەت، مێتافیزیک و فانتازیاشی کردوە کە ئەو چەمکانە لە ژانری مینیماڵدا تا ڕادەیەکی زۆر نامۆ بوون و بیژەن ڕەحمانی وەک نووسەری کتێب ئەو چەمکانەی لە پێکهاتەی چیرۆکەکاندا هێناوەتە ئاراوە و ئەو ئاسۆ بڤانەشی تاقیکردۆتەوە.

ناوکی کتێبی سەد هۆدە تەنیایی، هەناوی مرۆڤە لە نێوان دوو پەردەی بوون و نەبوونی شانۆی ژیاندا.

## « ڤیرکە، ڕەنگ کە» بە زاراوەی کوردیی کلاردەشت



ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠ی جۆزەردان ڕێوەڕەسمی پەردەلادان لە یەکەمین کتێبی منداڵان بە زاراوەی کوردیی کەلاردەشت لە شاری کتێبی ئەم شارە بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕە ئەدەبییەدا دوکتۆر ئەسەدوڵڵا محەممەدزادە و خاتوو موژگان کاوسی وتاریان پێشکەش کرد و نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە مەترسی لەنێوچوونی زمانی کوردی و فاکتەرەکانی دیکەی شوناسی کوردی لە کەلاردەشت خستە ڕوو. لە برگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا چەند منداڵێکی کوردی کەلاردەشت بە پەردەلادان لەسەر کتێبەکە و ڕەنگکردنیان، لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدارییان کرد.

کتێبی ”ڤیر کە، ڕەنگ کە“ بە زاراوەی کوردەکانی کلاردەشت، بەرهەمی موژگان کاوسی، نووسەر و زیندانیی سیاسیی پێشوویە. ئەو کتێبە تایبەتە بە منداڵان و ئامانج لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە زیندووکردنەوە و پاراستنی زمانی کوردیی لە حاڵی لەنێوچوون لەنێو بەرەکانی نوێ لە شاری کەلاردەشتە.

## کۆبوونەوەی شوڕای یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست لە ئاڵبانی

لە کۆبوونەوەی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی جۆزەردان لە تیرانای پایتەختی ئالبانی بە بەشداری ٨٩ ڕێکخراو لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و مەدیتەرانە و ئافریقا و ئامریکای لاتین بەڕێوە چوو، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی چالاک و خاوەن پێشینە بە کۆبوونەوەی شوڕا ناسێندرا.




لە ڕەوتی دانیشتنەکانی شوڕادا چەند بڕیارنامەی گرنگی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی بەرچاو پەسەند کردن کە بریتی بوون لە: ناساندنی نەورۆز وەک هێمای نەتەوەیی و خۆڕاگریی کورد لە ئێران، پێویستیی کاردانەوە بە ڕەوتی دەسبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنیی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی، پاڵپشتی لە کەمپەینی نێونەتەوەیی ئەمنێستی ئینتێرنەشناڵ بۆ پاراستن و ئازاد کردنی ڕۆژنامەنووس کەماڵ شەریفی، ناساندنی سپای پاسداران بە هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێویستیی پشتیوانی لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی خەڵکی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی.

هەر لەمیانەی کارەکانی شوڕادا، پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرتوکی ”خولیا و مەرگی ڕێبەری کوردان“ لە نووسینی ”کارۆل پرۆنهۆبێر“ی پێشکەش بە برونۆ گۆنزالیز، سکرتێری یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست کرد.

### بەر لە ماڵاوایی

# یاسای دارستان



بابەک ناسری

پەسندکرانی یاسای بەکارهێنانی چەک بۆ هێزە ئەمنییەتییەکان لە مەجلیسی ڕێژیم لە ڕۆژانی کڵپە و گڕکانی نارەزایەتییەکان لە ئێستای ئێراندا چاوەڕوانکراو بوو، چونکی ئەو ڕێژیمە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا جیا لە سەرکوت و زەبروزەنگ و کوشتار هیچ وەڵامێکی بۆ داخوازە ڕەواکانی خەڵک نەبووە و هیچ زمانێکی زیاتر و باشتر لەوەی نەناسیوە.

یاسا چ لە ئێستا و چ لە سەرجەم مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا قەت لە خزمەت ڕاییکردنی کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگە و لە بەرژەوەندیی خەڵکدا پەسند نەکراون، بەڵکوو مەجلیسی ڕێژیم کە خۆی بێدەسەڵات و بێنیوەرۆکە؛ ڕەوایی هەڵبژێرانی لەلایەن خەڵکەوەی بۆ قازانجەکانی ڕێژیم بەکار هێناوە و یاسای بۆ بەرەنگاربوونەوەی «خەڵک» پەسند کردوە! قانوونەکەی ئێستاش کە ناوی «لایەحەی چاکسازیی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەک»ی لەسەر دانراوە و، لەپێناو سەرکوتی خەڵک و دەستەبەری بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم داندراوە؛ شتێک نییە کە پێشتر بەکردەوە جێبەجێ نەکرابێت. بەڵکوو هەوڵەکە تەنیا بۆ بەقانوونیکردنی ئەو کوشت و کوشتارەیە کە چوار دەیەیە ڕێژیم –بەتایبەت لە کوردستان– دەیکا و ئێستا بارودۆخەکە وا دەخوازێ مەجلیس ڕەواییەتی پێ بدات.

باسی کوردستان کرا. یاسای بەکارهێنانی چەک کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی بۆ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دیاری کردوە. ئەوە کە کەسی چەکدار دەبێ لە ڕووی سلامەتیی ڕوحی و دەروونییەوە هیچ کێشەیەکی نەبێ، سەرەتا سێ جار ئەو کەسەی پێویستە دەسبەسەر بکرێ بە زار وریا بکرێتەوە، پاشان بە دوای تەقەی ئاسمانی ئەگەر کەسەکە نەوێستا و پێویست بوو، لە نێوقەد بۆ خوارەوە لێی بدرێت. هەموو ئەوانەش بۆ کاتێکە هێزە چەکدارەکان یەکەم لەلایەن کەس یان کەسانی بەرانبەرەوە مەترسیی پەلاماردانیان لەسەر بێ، دووهەم دەرەتانی گرتنی ئەو کەسانە بۆ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم دەست نەدات. بەڵام هەمووان دەزانن چ ئەو کۆڵبەرانەی لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە لە ناوچە سنوورییەکان کەوکوژی دەدرێنە بەر دەستڕێژ و، چ ئەو خۆپیشاندەر و کەسە نارازییانەی لەنێو شارەکانی کوردستاندا سیلە لە دڵ و مێشکیان دەگیرێ، هەمووی بەناحەق کوژراون و یاساکان لەو پێوەندییەدا لە گاڵتەجار بەوەلاوتر زیاتر نەبوون.

ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەڵێن تەنیا لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو (١٣٩٧-١٤٠٠)دا زیاتر لە ٩٥٠ کۆڵبەر لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەبێ وریاکردنەوەی پێشوەختە و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ یاسایەکی بەکارهێنانی چەک کوژراون و بریندار بوون. ئەو کۆڵبەر و کاسبکارانە کە بەشی زۆریشیان خوێندەوار و دەرچووی زانکۆکان بوون و تەنیا لە سۆنگەی سیاسەتی کوردکوژی و دوژمنکاریی کۆماری ئیسلامییەوە هەلی کار لە شار و ناوچەکانی خۆیان بۆ نەڕەخساوە. کوژران و نقوستانبوونیشیان بەرهەمی ئەو یاسای دارستانەیە کە هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەک بۆ هێزە چەکدار و ئەمنیەتییەکان بەشێک لەو جینایەتانەن دەرحەق بەوان و گەلی کورد دەکرێت.

ئێستا چ باسە؟ ڕەئیسی، مۆرەی دڵخوازی حاکمییەت بۆ یەکدەستکردنی پتری دەسەڵات هێشتا ساڵێک لە تەمەنی کابینەکەی تێنەپەڕیوە، بەڵام بایی دۆلار گەیشتۆتە مێژووی تەمەنی خۆی لە ئێراندا. دۆخی ئابووری و قەیرانە کەڵەکەبووەکانی دیکەش لەجێی خۆی، پڕدیارە کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەوان پێیان وابێ کە هێزە ئەمنیەتییەکان دەبێ دەستئاوەڵاتر بکرێن، بۆوەی خەڵک لە ترسی فیشەک پێوشوێنی ماف و داواکانیان نەکەون. ئەو هێزانەی کە «لیباس‌شەخسی»یەکانیان پێ دەگوترێ، نە پۆلیسی وڵاتن و نە لە یاساکانی وڵاتدا بەئاشکرا دیارە ئەرک و بەرپرسایەتییان چین، بەڵام هەر ئەوانە چەکیان دەدرێتە دەست هەتا کوشتوبڕی خەڵکیی نارازی و مافویستیان بەقانوونی کردبێت. ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە ئێران جۆرێکە کە دەمامک لە ترسی بێسنووری ئێران خەریکە بەتەواوی لا دەچێ و لە ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمەوە سەرکوت تاکەڕێگای دەربازبوون لەو دۆخە و هۆکاری مانەوەی پتریان لەسەر کورسیی دەسەڵاتە؛ بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەزموونی مێژوویی ئەم چەشنە دۆخە لە وڵاتانی دیکەشدا، کە دامرکاندنەوەی ئابووریی لێکترازاو و نارەزایەتیی هەراوی خەڵک بە بێکیفایەتیی دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نەک بە فیشەک و زەبروزەنگ بەڵکوو چارەسەری دیکەی گەرەکە.

ئەگەرچی لە «پێداچوونەوە بە یاسای هەڵگرتنی چەک» لە چەند بڕگە و خاڵێکدا پێ لەسەر پێدانی ئەو ئیزنە بە کەسی شیاو داگیراوە، بەڵام وەک ڕۆژی ڕوون دیارە ئەو کەسەی شیاوییەکەی قسەی لەسەرە ڕێک ئەو کەسانەن کە دەسەڵات پشتی پێ بەستوون. پەسندکردنی ئەو قانوونەش لەو ڕۆژە ڕەش و سەختانەدا تەنیا ڕاگەیاندنی شەڕ لەژی خەڵکی کۆڵان و شەقامەکانە کە دەنگی نارەزایەتییان هەڵبڕیوە. ئەگینا کێیە نەزانێ کە ئەو مووچەرمگە خانەنشینکراوە تینی بۆ هاتوە و ناچار بووە بۆ چارەسەری کێشەی مووچە و گوزەرانی شەقام لە ڕێژیم بگرێ. یان ئەو مامۆستا و کریکارەی بەهۆی دواکەوتنی چەند مانگەی مووچە و مزی بڕستی لێبڕاوە، چۆن دەکرێ بە فیشەک و ئاگر بەگژیدا بچیتەوە؟ ئەمانە هەمووی ئاماژە بە داماوی و دەستەوەستانیی ڕێژیمێکن کە دوارۆژەکانی تەمەنی تێپەڕ دەکا و بۆ مانەوەی چەند بەیانییەک پتر لە کورسیی دەسەڵاتدا هەر فیشەک و سەرکوت و زەبروزەنگی زیاتر شک دەبات. بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامی خۆی لێ گێل کردوە ئەوەیە کە ترس لە مردن خەڵک لە مافخوازییەکانیان پاشگەز ناکاتەوە. چونکی بەو دۆخەی دەسەڵاتدارەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ خەڵکیان خوڵقاندوە، ئەوە ترس لە ژیانی کۆڵەمەرگی بە مەرگەساتی بەردەوامە کە سێبەری ڕەشی خۆی بەسەر وڵاتدا بڵاو کردۆتەوە. ئەگەر گۆپاڵبەدەست و قوڵەچۆماغەکانی ڕێژیم ڕۆژانێک تەڕاتێنیان دەکرد، ئێستا وەک بەسەرهاتە ئەمریکاییەکەی لێ هاتوە کە دەڵێ: فیشەکەکان تەواو دەبن و لە دەراغەکانی تۆدا جیا لە ترس هیچی تر نامێنێتەوە، بەڵام ئەوکات ئیدی دەرفەتی هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ بەرەی خەڵکت نییە!

لە زنجیرەفیلمی «چێرنۆبێل»دا کریکارێک لە بەردەم وەزیری کاردا وەستاوە و ڕاشکاوانە پێی دەڵێ: تۆ دەتوانی بە قەرا هەموو فیشەکەکانت لێمان بکوژیت، بەڵام ئەوانیدی دی لە ئێمە کە دەمێننەوە لەت و کوتت دەکەن. ئەم وریاکردنەوەیە بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پڕ بە پێستیەتی.